# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٤٧ | یەکشەممە ٣١ی بانەمەڕی ١٤٠٢ _ ٢١ی مەی ٢٠٢٣

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا


## بەشداریی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی «یادگەی بارزانی»دا



ڕۆژی پێنجشەممە ٢١ی بانەمەڕ، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزب لەسەر بانگهێشتی ڕەسمیی بەڕێز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان بەشداریی لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی یادگەی بارزانیدا کرد. لەو ڕێوڕەسمەدا، بەرپرسانی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان، عەبدوللەتیف ڕەشید، سەرۆککۆماری عێراق، محەممەد شیاع سوودانی سەرۆکوەزیرانی عێراق و بە دەیان شاندی باڵای نێوخۆیی و بیانی، لەوانە باڵوێزی ئەمریکا لە عێراق و نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەشدار بوون.

کاک مستەفا هیجری لەو ڕێوڕەسمەدا و لە لیدوانێکدا بۆ تۆڕی مێدیایی «ڕووداو» ڕایگەیاند: ئێمە لەمێژە و هەمووکاتێک بۆ چارەسەری کێشە نێوخۆییەکانی کورد پێداگریمان لەسەر پێویستیی وتووێژ و لێکتێگەیشتن کردووە. حیزبی سیاسیی بەرپرس دەبێ ڕێگەچارەی سەردەمیانە بۆ چارەسەری قەیران و ناکۆکییەکان ببینێتەوە، بەتایبەت لە هەلومەرجی ئێستادا.

## یەک لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکرات خەبات دژی:

# سیاسەتی زەویی سووتاو و ئیکۆتێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانە



ئەوەی لە ماوەی چلوچوار ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان کردوویەتی، پلانێکی لەپێشدارێژراو و بە شێوەیەکی تەواو ڕێکخراو بووە و لە سەر بنەمای تاقمێک تیۆریی ناسراو کە ئامانجی کۆتاییان لە نێوبردنی جوغرافیای کوردستانە دامـــەزراوە. سیاسەتەکانی ڕێژیم لـەم بـوارەدا دەتـوانـرێت لە چوارچێوەی «ئیکۆتێرۆریزم» و فۆرمە نامرۆڤانەترەکەی «زەویی سووتاو»دا پێناسە و باسی لێ بکرێت.

کۆماری ئیسلامی لە هەموو کەس باشتر دەزانێ کە درەنگ یان زوو ناچار دەبن ئەم خاکە بەجێ بهێڵێ، هەر بۆیەش بەڕوونی هاتوونەتە شەری کوردستان و بە گرتنەبەری سیاسەتی «زەویی سووتاو» تێ دەکۆشێت دوای ڕویشتنیان جگە لە وێرانەیەک هیچ شتێک بۆ گەلی کورد نەمێنێت.

بەرەنگاربوونەوەی ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەیە پێویستی بە وشیاریی جەماوەری هەیە و بێدەنگیی لە بەرانبەر سیاسەتی» تێرۆری ژینگەیی» و «زەویـی سووتـاو» ڕەهەندەکانی ئەم کارەساتە قووڵتر دەکاتەوە. نابێ ئەوە لەبیر بکرێت کە ئەم شەڕە تەنیا دژی خاک و ئاوی کوردستان نییە، بەڵکوو دژی ناسنامە و پێناسەی کورد و ڕۆژهەڵاتە. (ل٦)

## هەڵهاتن لە ڕاستییەکان

کەریم پەرویزی

پێش لە سەردەمی پێشکەوتنی هزری و دەورانی لوتکەی فەلسەفەی یۆنان، دەورانی ئوستوورەیی لە نووسینەکانیاندا هەیە کە دونیایەکە پڕ لە ڕەمز و ڕاز و نهێنییەکان، کە هەموو ماناکانی ژیان و جیهانیان لە هێماکاندا پێشان داوە و بۆ هەر بوونەوەر و چەمکێک هێمایەکی دیار و بۆ زۆربەی دیاردەکان خودایەکی تایبەتیان هەبوو.

یەکێک لە خودا کۆنەکانی یۆنان «ئەربووس»ە. ئەربووس خودای تاریکییە، یان باشترە بڵێین لەو بوونەوەرانەیە کە لەگەڵ خۆی بۆ هەموو شوێنێ تاریکی دەبا و بەپێی ئەفسانەکانی یۆنان هەموو کات لەگەڵ خودایەکی دیکەی خراپەکاری بە ناوی «نایکەس»، هەوڵ دەدا تاریکی بەسەر جیهاندا زاڵ بکا، بەڵام هەموو ڕۆژێک کچەکەی لێی تێک دەدا و نووری ڕۆژی دەخستە سەر جیهان و تاریکی نەدەما. دوای ماوەیەک لەم کارەی، لەلایەن خودای خوداکانەوە دوور خرایەوە بۆ بن عەرز!

ئەربووس لەبن عەرزیشدا هەوڵی دا تاریکی لە جەهەننەمدا زاڵ بکا و خۆی ببێ بە خاوەنی جەهەننەم، یان دونیای ژێر زەوی؛ بەڵام هادێس کە خودای ژێرزەوی بوو، پێی زانی و شکستی دا و دووری خستەوە بۆ تارتارێس کە لە جەهەننەمیش دوورتر و ناخۆشتر بوو. هەر بۆیە تارتارێس بە ڕۆیشتنی ئەربووس بۆ ئەوێ لە جەهەننەمیش تاریکتر بوو! ئەربووس ئەو خودایەی تاریکی لە ئەفسانەکانی یۆنانی زۆر کۆن و سەردەمی نادیارەکانە کە هەمیشە تاریکیی هێناوە و هەرکات ویستوویە کارێک بکا خراپتری کردووە و لە ڕووناکی دوورتر کەوتۆتەوە و دوور خراوەتەوە بۆ دوورترین قوژبنی جیهان و بوون!

ئەربووسی ئەم زەمانە کۆماری ویلایەتی فەقیهە کە هەر کات هەوڵ دەدا گەندەکاری و خراپەیەکی داپۆشێ، تاوانی دیکە و خراپەیەکی دیکەی دەخاتە سەر و لە ڕاستیدا لە ترسی هەڵاتنی خۆری هەقیقەت پەنا دەباتە بەر چەواشەکاری و قەیرانی دیکە و بە خۆشاردنەوە و هەڵهاتن دەیەوێ تاوانەکانی داپۆشێ!

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢١ی بانەمەر لە بارزان ... (ل٢)

## لە مانگی بانەمەڕدا:

## برینداربوونی ١٠ کۆڵبەر، دسبەسەرکردنی ٥٤ کەس و ئێعدامکردنی ١١ بەندکراو

لە مانگی بانەمەڕی ئەمساڵدا لە کوردستان لانیکەم ١٠ کۆڵبەر کەوتوونەتە بەر دەستدرێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، ٥٤ کەس بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی لەدژی ڕێژیم گیراون، ١١ بەندکراو ئێعدام کراون، لانیکەم سێ کەس بە تەقینەوەی مین کوژراون و بریندار بوون و تەقەی سەرەڕۆیانەی هێزەکانی ڕێژیم و ئەشکەنجەی بەندکراوان لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا بووە هۆی کوژرانی چوار کەسی دیکە.

بەپێی ڕاپۆرتی «چاونیوز» بە لەبەرچاوگرتنی ئاماری پێشلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە مانگی بانەمەڕدا، ژمارەی ئەو کۆڵبەرانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەتا ئێستا کوژراون و بریندار بوون گەیشتۆتە ١٧ کەس و ژمارەی ئەو کەسانەی لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا لە کوردستان بە تۆمەتی جۆراوجۆری ئەمنییەتی گیراون بۆ ٩٩ کەس زیادی کردووە.

هەروەها لە مانگی بانەمەڕدا لانیکەم ١١ بەندکراوی کورد لە بەندیخانەکانی سنە، ورمێ و کرماشان بە تۆمەتی کوشتنی بەئانقەست و پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر ئێعدام کراون و ژمارەی ئەو کەسانەش لە سەرەتای ئەمساڵەوە بەهۆی تەقینەوەی مین کوژراون و بریندار بوون و «چاونیوز» بە ناو و شوناسیانی زانیوە، ٥ کەس بووە.


**پوختەی دیمانەی "کوردکاناڵ" لەگەڵ وتەبێژی حیزب**
دیمانە: بابەك ناسری
٢ – ٣

**وتووێژی لەگەڵ حەسەن شەرەفی**
دیمانە: عەلی بداغی
٤

**هۆکاری گرژییەکانی نێوان ئێران و ئازەربایجان**
د. محەممەد حوسێنزادە
٥

**زەویی سووتاو شەڕی شاراوە**
ڕەزا دانشجوو
٦

**ئازادی وەک ئەمری سیاسیی کوردی**
شاهۆ حوسێنی
٨

درێژەی...

## هەڵهاتن لە ڕاستییەکان

... شوێنی سەرهەڵدانی چەندین شۆڕشی کوردایەتی، ڕێورەسمێکی گەورە و پڕشکۆ بۆ کردنەوەی یادگەی بارزانی بەڕێوە چوو. لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە ئامادەبوونی بەڕێز مەسعوود بارزانی، سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان و سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان کرایەوە، زۆر هەیئەتی دیپلۆماتیکی وڵاتان و لایەنە سیاسییەکان بەشدار بوون و یادگەیەکی پڕبایەخ و جێی سەرنج بەڕووی سەردانکەراندا کرایەوە. یەکێک لە گرنگییەکانی ئەو ڕێوڕەسمە، بەشداریی لایەنە کوردییەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان و هەروەها یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ئەو ڕێوڕەسمە پەیامی بەڕێز مەسعوود بارزانی بۆ دەسپێکی دیالۆگ لەپێناوی چارەسەری کێشەکانی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بوو. لە ڕاستیدا بەشداریی لایەنە کوردییەکان لە هەموو بەشەکان و هەروەها پەیامی تایبەتیی بارزانی بۆ چارەسەریی کێشەکانی بەشێکی کوردستان، خاڵی گرنگی ئەو ڕێوڕەسمە بوو کە پەیامی یەکبوون و پێکەوەبوونی دەدا.

هەیئەتی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری کە بە بانگهێشتی خانەخوێ، لەوێدا ئامادە بوون و هەمیشەش پشتیوانی پێکەوەبوونی هەموو بەشەکانی کوردستان و ڕێگای دیالۆگ بۆ چارەسەری کێشەکان بوون؛ هەم بە بەشدارییان هاوپشتی و ڕێزی خۆیان بۆ شۆڕشی کورد لە کوردستانی عێراق پێشان دایەوە و هەم لە وتوویژ لەگەڵ میدیاکاندا باسیان لە گرنگیی ڕێکاری دیالۆگ بۆ چارەسەری کێشەکان لە هەرێمی کوردستان کرد.

لەو ڕێورەسمەدا کە یادی کەسێکی خەباتکار دەکرێتەوە کە کاریگەریی بەرچاوی لە مێژووی ناوچەدا هەبووە و ڕێورەسمێکی فەرمییە و پەیامی یەکبوونی پێیە، دەبێ لایەنە بەشدارەکان بەڕواڵەتیش بووبێ، ڕێز لە دۆخەکە بگرن. بەڵام هەیئەتی کۆماری ئیسلامی کە لەگەڵ دیالۆگ و لۆژیک و ڕێز و پرستیژی دیپلۆماتیکدا بەتەواوی نامۆیە، ڕێوڕەسمەیەکەیان لە داخی بوونی هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەو شوێنەدا بەجێ هێشت.

هەڵهاتنی هەیئەتی کۆماری ئیسلامی لە ڕقی بوونی کوردانی خەباتکار لەو ڕێوڕەسمەدا، کردەوەیەکی نادروست و بێزراو بوو کە بە بەرچاوی هەموو دونیاوە ناسەردەمیبوون و نەگونجاوبوونی ڕێژیمی ئیسلامیی بۆ جارێکی دیکە سەلماندەوە. بەڵام ڕێژیمی خراپەکار کە ئەم بێئابڕووییەی لە ئاستی ناوچەییدا بار هێنابوو و بەو شێوەیە دەروونی بەتاڵ و عەقڵی دواکەوتووی ڕێژیمەکەی نمایش کردبوو، بۆ شاردنەوەی کردەوە خراپەکەی و هەروەها گوشارهێنان بۆ سەر کوردستان، پەیامێک و هەواڵێکی درۆیینەیان بڵاو کردەوە کە گوایە تیمێکی حیزبی دێموکراتیان لە داو خستووە و چەند کەسیان لێ دەسبەسەر کردووە و لێشیان کوشتوون! ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات، ئەم هەواڵەی وەدرۆ خستەوە و هەروەها ڕایگەیاند کە ڕێژیمی پڕ لە چەواشەکاریی کۆماری ئیسلامی جلوبەرگی پێشمەرگە بۆ بەکرێگیراوەکانی دەدووریَ و پێیان لەبەر دەکا و دەیاننێرێتە نێو خەڵک بۆ ڕاوڕووت و تاڵانکاری، تاکوو بە خەیاڵی خاویان، ناوی پێشمەرگە بزڕێنێ!

دوای چەندین ساڵ تاوانکاری و پیلانگێڕی لە کوردستان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێشتا پەنا دەباتە بەر تاکتیکە سواو و کۆنەکانی و گوایە گەر جلی هاوشێوەی پێشمەرگە لەبەر تاوانبار و بەکرێگیراوەکانی خۆی بکا و خەڵکیان پێ ئازار بدا، ئیدی ناوی پێشمەرگە دەزڕێنێ! ئەم ڕێژیمە لەوە تێنەگەیشتووە کە پێشمەرگەبوون بە جلوبەرگ نییە، بەڵکوو پێشمەرگە بە کردەوە مرۆڤانەکانی و بە خۆبەختکردن لەپێناوی خەڵک و نیشتمانەکەیدا بۆتە هێمایەکی پیرۆز و خەڵک هیچ کردەوەیەکی دزێو بە کردەوەی پێشمەرگانە نابینن و هەر زوو دەزانن کە ئەمە تاوانکارەکانی سەر بە ڕێژیمن لە نێو جلی هاوشێوەی پێشمەرگەدا!

بۆ شاردنەوەی هەڵهاتنەکەی لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی یادگەی بارزانیدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پەنای بردەوە بەر پیلانێک کە گوایە تیمی حیزبی دێموکرات لە ناوچە جموجۆڵی کردووە و لە داوی سوپای پاسداران کەوتووە، بەڵام بە وەدرۆخستنەوەی هەواڵەکە، ئەمجار وتەبێژی دەزگای نادیپلۆماتیکی ڕێژیم، ڕۆژی شەممە ٢٣ی بانەمەڕ ڕایگەیاند کە باڵوێزی عێراقیان لە تاران بانگ کردووە و تووڕەیی ڕێژیمیان لە ئامادەبوونی گرووپە کوردییەکانی کوردستانی ئێران لەو ڕێوڕەسمەدا بە باڵوێزی عێراق ڕاگەیاندووە!

دێوەزمەی تاریکی، خامنەیی کە وەکوو ئەربووسی یۆنانییەکان لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا تاریکی دەهێنێ و تاوانێک بە تاوانێکی دیکە دادەپۆشێ، لەم چەند ڕۆژەشدا لەبەرامبەر کردەوەیەکی ئاساییدا وەها شڵەژاوە و سەری لێ شێواوە کە ناتوانێ دەست لە هیچ نەدا چونکە هەر جووڵەیەکی دەبێتە هۆی وێرانکردنی شتێکی تر و خراپەیەکی دیکە بەسەر خراپەکانیدا زیاد دەبن.

ئەربووسی سەردەم، لە ڕووناکی دەترسێ و هەقیقەت بە دوژمنی سەرەکیی خۆی دەزانێ و هەر بۆیە نازانێ ڕێگای دروستی دیالۆگ و چارەسەری بگرێتە بەر. لە پێکەوەبوون و هاوپێوەندیی مرۆڤەکان و گرووپەکان زەندەقی دەچێ و دەیەوێ بە هەر شێوەیەک بووبێ، هاوپێوەندیەکان تێک بدا و ڕێگای دیالۆگ و چارەسەریەکان وێران بکا و تەنیا و تەنیا ڕێگای خراپە و دوژمنایەتی دەزانێ. هەر بۆیە ڕێگا و هەنگاوەکانی لەگەڵ خەڵک و ناوچە و جیهان و سەردەمدا نایەنەوە و تەنیا و تەنیا تاریک و وێرانیی زۆرتری لێ دەوەشێتەوە و تەریکتر دەکەوێتەوە. لە کۆتاییدا خەڵک ناچار دەبن بۆ دورترین قوژبنەکانی مێژوو کە لە تارتارۆسیش تاریکتر و دوورتر بێ فڕێی بدەن.

چارەنووسی خامنەیی و ڕێژیمەکەی زبڵدانی مێژووە!

**خالید عەزیزی:**

# بە بوونی دێموکراسی ئێران هەڵناوەشێ، ئەوە ئیستبداد و دیکتاتۆرییە ئێران لەبەریەک هەڵدەتەکێنێ



ئاماژە: ڕۆژی سێشەممە ١٩ی بانەمەڕ، کاک خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ تەلەڤیزیۆنی "کوردکاناڵ" باسی لە هەندێ بابەتی گرنگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران وەک چۆنێتی ڕۆڵگێڕانی ئۆپۆزیسیونی دەرەوەی ئێران، مەنشووری جۆرج تاون، ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ژینا، هەوڵەکانی حیزبی دێموکرات بۆ ئامادەکردنی نەخشەڕێگایەکی گشتگیر و هەمەلایەنە، داهاتووی شۆڕشی ژینا و مشتومڕەکانی ئەم دواییانە لەمەڕ چەمکگەلێک وەک کۆماریخوازی، فیدرالیزم، ناوەندگەرێتی و پاراستنی یەکپارچەیی وڵات [تەمامییەتی ئەرزی]ی کرد. "کوردستان" پوختەیەک لە قسەکانی کاک خالید بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە.

***

کاک خالیدی عەزیزی لە دەستپێکی ئەو وتووێژە و لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە چۆنیەتیی ڕۆڵگێڕانی ئۆپۆزیسیونی دەرەوەی ئێران لە ڕەوتی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا، چالاکییەکان لە ئاڵمان، مەنشووری جۆرج تاون و شوڕای هاوئاهەنگی و هاوپەیمانی و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لەمەڕ ئەو ڕووداوانە و پێشهاتەکانی دیکەی دوای شۆڕشی ژینا، ڕایگەیاند: ڕاستییەکەی ئەوەیە لە قۆناغی یەکەمی ئەو بزووتنەوە یان ڕاپەڕینە گشتییە لە ئێراندا دژبە سیستمی کۆماری ئیسلامی، خەڵکی کوردستان و بەلووچستان تێچوویەکی یەکجار زۆریان دا. خەڵکی ئێران لە خۆپیشاندانەکانی سەرشەقام و لە خەباتی خۆیاندا یەکڕیزی و هاوئامانجی و جۆرێک لە یەکگرییان لەدژی ئەو ڕێژیمە پێشان دا. بەڵام سیستەمێکی سیاسی تەنیا بە نارەزایەتی و خۆپیشاندان ناڕووخێت. لە بنەڕەتدا، بۆ تێپەڕین لە سیستەمێکی سیاسی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامی، پێویستمان بە جێگرەوە یان ئاڵترناتیڤێکی گونجاوە. ئەم بزووتنەوەیە لە خۆیدا هەڵگری هەندێ پەیام بوو، بەتایبەت ئەوە کە ئاراستە و بوارگەی ئەم جێگرەوە یان ئاڵترناتیفسازییە دەبێ چۆن بێت؟ لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەم بزووتنەوەیە دەری خست کە لە نێوخۆی ئێراندا لە کاتی شۆڕشی ژینادا هەمووان پێکەوە لە دژی ئەو ڕژێمە بوون و جیاوازییەکی ئەوتۆ لە ئارادا نەبوو. لە دەرەوەی کوردستان، لە زۆرێک لە گەورەشارەکان خەڵک بە شانازییەوە ناوی کوردستان و بەلووچستانیان دەهێنا و ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. بەڵام بەداخەوە لە نیوخۆی ئێراندا ئیمکانی دروستکردنی ڕێبەرایەتی نەبوو، بەناچار ئەو ڕێبەرایەتییە دەبێ لە دەرەوەی ئێران درووست بکرێت. جارێکی تر بەداخەوە کە بەهۆی نەبوون و دووربوونی درێژخایەنی بەشێک لە هێزەکانی دەرەوەی وڵات و بەشێک لە کەسایەتی یان سلێبریتییەکان لە ئێران، ڕەنگە ئەوەندە زانیاریی پێویستیان لە نێوخۆی ئێران نەبووبێت کە تێگەیشتنێکی بنچینەییان لەو بزووتنەوە هەبێت و بەو پێیە قوڵ لە دروستکردنی ئاڵترناتیڤ هەڵماڵن. هۆکاری سەرەکیی ئەمەش ئەوەیە کە دژایەتیکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی گشتگیر بووە. دەتوانین بڵێین ئێستا هەمووان- چ وەک تاکەکەس و چە لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکاندا- ئۆپۆزیسیون بەهەژمار دێن. بەڵام ئاڵترناتیڤسازی بابەتێکی جیاوازە. لێرەدا باس لە میکانیزمی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی ئێران دەکرێت. پێموایە لە دەرەوەی ئێران ئەو ئامادەییە نەبوو و زۆرێک لەو هێز و کەسایەتییە سیاسیانە چاوەڕوانی ئەو دۆخەیان نەدەکرد و خافڵگیر بوون.

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەبارەی هۆکاری بڵاونەبوونەوەی نەخشەڕێی فەرمی لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کە دەرخەری ڕوانگەی ئەو حیزبە بەرانبەر هێز و لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیون بێت کە زۆربەشیان سلێبریتین، گوتی: لەبنەڕەتدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو سۆنگەوە کە پێی وایە پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ئێراندا چارەسەر دەبێت و ستراتیژی و بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانش گرێدراوی ئەو بنەما بنچینەییەیە، هەرگیز بە نیسبەت دۆخی هەنووکە و داهاتووی ئێران بێ تەفاوەت نەبووە و ناشبێت. بەڵام باسەکە ئەوەیە کە ڕوانگە و خوێندنەوەی ئێمە وەک حیزب، لە بنەڕەتدا لە ڕوانگە و گێڕانەوەی کەسایەتییەکان وەک تاک جیاوازە. ئێمە لەو بڕوایەداین کە دەبێ تێگەیشتنێکی بنچینەییمان هەبێت و تا کاتێک تێگەیشتنێکی بنچینەیی ورد و ڕوون سەبارەت چییەتی ئێران لە ئارادا نەبێت، بەئاسانی ناچینە قۆناغی ئاڵترناتیڤسازی و دۆزینەوەی ڕێگاچارە. لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە، ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و لەڕاستیدا، پشتگوێخستنی نەتەوەکان بەگشتی و نەتەوەی کورد بەتایبەتی، بووە هۆی سەرهەڵدانی سیستەمی ناوەندگەرا لە تاران. پێمانوایە تا کاتێک ئەم ناوەندگەرێتییە هەبێت، ئێران بەئاسانی ناچێتە قۆناغی دێموکراسی. لەبنەڕەتدا بۆ چوونە نێو قۆناغی دێموکراسی دەبێ دان بە فرەنەتەوەییبوونی ئێراندا بنرێت و پێکهاتە نەتەوەیی و سیاسی و ئایینییەکانیش بگەنە ڕێککەوتنێک بۆ ئەوەی بەپێی ئەو ڕێککەوتنانە بتوانین باس لە ئاڵترناتیڤ و جێگرەوە بکەین. ئێمە لە دوا کۆبوونەوەکانی حیزبەکەماندا، نەخشەڕێگایەکی توکمە و تا ڕادەیەکی زۆر بێکەموکوڕیمان ئامادە کردووە و پێمانوایە بەپێی ئەم نەخشەڕێگایە پێویستە لەگەڵ حیزبەکانی سەر بە نەتەوە جیاجیاکان، حیزبە کۆماریخوازەکان، ئەو حیزبانەی باوەڕیان بە دێموکراسی هەیە، ئەو هێزانەی کە لە دەرەوەی وڵات دامەزراون و هەروەها هێزەکانی نێوخۆی ئێران کە پێیان وایە دەبێ هەمووان پێکەوە بچنە نێو قۆناغی چۆنێتی چارەسەرکردنی پرسەکان لە چوارچێوەی ئاڵترناتیڤسازی لەسەر بنەمای پابەندبوون بە کۆماریخوازی، هاوکاری بکەین.

بەڕێزیان لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە هەبوونی توێژی خۆڵەمێشی و ناچالاکبوونی گەورەشارەکان لە کاتی شۆڕشی ژینادا و بەرتەسکبوونەوەی شۆڕش لە کوردستان و بەلووچستان و بەشێک لە پارێزگای خۆراسان و بەگشتی سەبارەت بە خۆبواردنی گەورەشارەکان لە تێکەڵبوون بە خۆپێشاندانەکان، وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە ئەوە یەکێک لە هۆکارەکان یان بەربەستە سەرەکییەکانی بزووتنەوە یان ڕاپەڕینی گشتی ژینا بووە، ڕایگەیاند: هەڵبەت پێموایە لە گەورەشارەکانی ئێرانیشدا هاوسۆزی و هاودەنگییەکی زۆر لەگەڵ خەباتکاران لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێراندا هەبوو. بەڵام ئەوە ئەرکی ڕێبەران و کەسایەتی و حیزبە سیاسییەکانە کە خەباتەکە ڕێک بخەن. بەڵام مخابن دیاردە یان ئەو قسە سواوەی تەواوییەتی ئەرزی و جیاییخوازی بووەتە گرفتێکی گەورە. بەداخەوە لە دەرەوەی ئێران هەر کاتێک باس لە مەنشوورێک بکرێت، هەمیشە بە شێوازی جۆراوجۆر هەر لەگەڵ دەستپێکی باسکردن لە مەنشوورەکە ئەو باسانە دەبنە تەوەری سەرەکی وتووێژەکان. وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێمانوایە لەڕاستیدا، هیچ پێویست ناکات لە کاتی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکان و لە قۆناغی ئاڵترناتیڤسازیدا هێندە باس لە تەواوییەتی ئەرزی و جیاییخوازی بکرێت، چونکە لە بنەڕەتدا، ئێمە هیچ هەڕەشەیەکی جیاییخوازانە لەسەر ئێران لە هیچ سووچێکی ئەم وڵاتەدا نابینین و لە بنچینەدا باسکردن لە تەواویەتی ئەرزی بەم شێوازە بە هیچ جۆرێک یارمەتیدەری [چارەسەرکردنی] پرسەکە نییە. بۆیە، کاتێک هیچ هەڕەشەیەک لەلایەن کوردستان یان بەلووچستان یان هیچ شوێنێکی دیکەی ئێران سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوە یان دابەشکردنی ئەو وڵاتە لەئارادا نییە، باسکردن لەو بابەتانە لەبنەڕەتدا هەڵەیە و کۆماری ئیسلامیش ئەوپەڕی کەڵکی لێ وەرگرتووە کە لەو بارەوە دەکرێت ئاماژە بە هێرش بۆ سەر کوردستان، هێرش بۆ سەر سنوورەکان و مووشەکبارانی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بکەین.

هەر بۆیە، وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاوەڕوانین ڕێکخراوەکان، کەسایەتییەکان و حیزبە سەراسەرییەکان زیاتر بیر لەو بابەتە بکەنەوە و لەبنەڕەتدا لەمەبەدوا لە کاتی وتووێژەکان لەمەڕ چۆنیەتیی ئامادەکردنی ئاڵترناتیڤێک بۆ دوای کۆماری ئیسلامی باس لە تەواوییەتی ئەرزی و جیاییخوازی نەکەن، چونکە ئێمە پێمان وایە بە هەبوونی دێموکراسی ئێران دابەش نابێت، بەڵکو ئەوە سەرەڕۆیی و دیکتاتۆرییە کە دەبێتە هۆی هەڵوەشانەوەی ئێران و لە ئێستاشدا هۆکاری سەرەکیی ئەو هەڵوەشانەوەیە کۆماری ئیسلامییە. کاتێک ئەو ڕێژیمە هەندێک لایەن پەراوێز دەخات و بە شێوازێک هەڵسوکەوت و سیاسەت دەکات کە پایتەخت و ئێران سەرنجڕاکێش نەبن، لە ئاکامدا دابڕان لە ناوەند لەنێو نەتەوە جۆراوجۆرەکاندا دەبێتە هەڵبژاردە و ئەمری واقع. سەرەڕای ئەوەی ئێمە وەک حیزبی دێموکرات باوەڕمان بە چارەسەرکردنی پرسی کورد لە چوارچێوەی ئێران و لە فۆرمی فیدرالیزم و جۆرێک لە خودموختاری هەیە، بەڵام بە هۆی هەڵسوکەوتی نابەرپرسیارانەی بەشێک لە ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی و پڕۆپاگەندەی ڕێژیم سەبارەت بە کوردستان و بەلووچستان و ڕەنگە سەبارەت بە ئازەرییەکان و نەتەوەکانی تر، ڕەنگە ئەو بیرۆکەیە سەر هەڵبدات و هەندێک بڵێن باشە ئێمە کە دەمانەوێت هەمووان پێکەوە ئێران بەڕێوە ببەین، بەڵام ئەوان نە بە خودموختاری و فیدرالیزم ڕازی دەبن و نە دان بە مافە نەتەوەییەکانماندا دەنێن، ئەگەر وایە چ پێویست دەکات نەتەوەکان چیدیکە لە چوارچێوەی ئێراندا بمێننەوە و لەو چوارچێوەیەدا هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارە بدەن؟ هەڵبەت من لێرەدا وەک وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەڵێم، ئەوە ڕێگەچارەی ئێمە نییە، بەڵام هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامی و بەشێک لە ئۆپۆزیسیونی نابەرپرسیاری ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات بە هۆی باسکردن لە تەواوییەتی ئەرزی و جیاییخوازی دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ئەو جۆرە کاردانەوانە لە کوردستان و لەنێو نەتەوە جیاجیاکاندا.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی تر لە وتووێژەکەیدا لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی مەنشووری جورج تاون گوتی: لە ڕوانگەی ئێمەوە لەو مەنشوورەدا پرسە سەرەکییەکان و پێوەرەکان بزر بوون. یەکەم، ئێمە پێمانوایە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و پشتگوێخستنی ئەم ڕاستییە هەڵگری پەیامێکی هەڵەیە بۆ نەتەوە جیاوازەکانی نێوخۆی ئێران کە پێشەنگ و سەرگوڵی بزووتنەوەی ژینا ئەمینی بوون. بۆیە پێویستە دان بەوەدا بنێین کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە. بەڵام ئەوان هەموو

**ئێمە لەو بڕوایەداین کە دەبێ تێگەیشتنێکی بنچینەییمان هەبێت و تا کاتێک تێگەیشتنێکی بنچینەیی ورد و ڕوون سەبارەت چییەتی ئێران لە ئارادا نەبێت، بەئاسانی ناچینە قۆناغی ئاڵترناتیڤسازی و دۆزینەوەی ڕێگاچارە. لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە، ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و لەڕاستیدا، پشتگوێخستنی نەتەوەکان بەگشتی و نەتەوەی کورد بەتایبەتی، بووە هۆی سەرهەڵدانی سیستەمی ناوەندگەرا لە تاران. پێمانوایە تا کاتێک ئەم ناوەندگەرێتییە هەبێت، ئێران بەئاسانی ناچێتە قۆناغی دێموکراسی. لەبنەڕەتدا بۆ چوونە نێو قۆناغی دێموکراسی دەبێ دان بە فرەنەتەوەیی‌بوونی ئێراندا بنرێت و پێکهاتە نەتەوەیی و سیاسی و ئایینییەکانیش بگەنە ڕێککەوتنێک بۆ ئەوەی بەپێی ئەو ڕێککەوتنانە بتوانین باس لە ئاڵترناتیڤ و جێگرەوە بکەین**

شتێکیان ئەسپاردووە بە داهاتوو و بە ئەنجومەنی دامەزرێنەران و دەڵێن نابێ لە ئێستادا سەبارەت بەو پرسانە قسە بکرێت و دەبێ لەسەر لانیکەمەکان ڕێک بکەوین! بەڵام ئەو ئەزموونەی لە شۆڕشی پێشوو هەمانە پێمان دەڵێت دوای پتەوکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندا هەموو بەڵێنەکان بوونەوە هیچ. هەر بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەو مەنشوورانە یان ئەو ڕێگاچارانەدا نین کە هەموو شتێک دەسپێرن بە داهاتوو و دەڵێین کە پێویستە هەر لە ئێستاوە سەبارەت بە چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئێران وتووێژ بکەین. پێویستە لەسەر فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران ڕێک بکەوین. ئەم ڕێککەوتنە دەتوانێ بنەمایەکی باش بێت بۆ داهاتووی ئێران. لە کاتی سەرهەڵدانی شۆڕشەکان لە جیهاندا کە سیستەمێکی سیاسی دەڕووخێت، وەک ئاماژەم پێدا، چۆنێتی بەڕێوەبردنی وڵات لە قۆناغی تێپەڕیندایە کە داهاتووی وڵات یەکلا دەکاتەوە. بەڵام لەو مەنشوورەدا ئەم خاڵانە ڕەنگیان نەدابوویەوە. لەو سۆنگەوە کە پێمانوایە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، پێویستە سیستەمی داهاتوو سیستەمێکی کۆماری، بەرپرسیار، هەڵبژێردراو و نامیراتگر بێت و بە مەبەستی بێبەشکردنی خەڵک لە پرۆسەی بڕیاردان پەنا بۆ پاساوە ئایینییەکان نەبات. لەبنەڕەتدا دەبێ بە دانپێدانان بە فرەچەشنییەکان بەدواداچوون بۆ ئەم ڕێگەچارە بکرێت.

وتەبێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە گرنگی نەدانی ئۆپۆزیسیونی دەرەوەی وڵات بە ڕووداوەکان و خەباتی نێوخۆ لە قۆناغی ئێستادا کە پێدەچێت لەسەر دامرکانی ڕواڵەتیی خۆپیشاندانەکان کاریگەریی هەبووبێت، ڕایگەیاند: ئەزموونی خەباتی ئێمە لە ڕۆژهەڵات دژ بە کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دەسەڵاتگرتنیەوە تا ئێستا، پێمان دەڵێت کە ئەم ڕاپەڕینە هەوراز و نشێوی زۆر بە خۆیەوە دەبینێت. بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوە تا سەر تووشی مەندی و ڕاوەستاوی نەبێت، پێویستە ڕێبەرایەتی بکرێت. یەکێک لەو کێشانەی کە ئێمە لە دەرەوەی وڵات بۆ دژایەتی کۆماری ئیسلامی هەمانە، کێشەی بەرێکخراوەنەبوون یان دوورکەوتنەوە لە حیزب یاخود دامەزراندنی حیزبە لاوازەکانە. ئەمەش دوو هۆکاری لە پشتە: یەکەم، لە ڕاستیدا، لە ئێران تا ئێستاکەش دێموکراسی ئەزموون نەکراوە و دووەم، ئەوەی کە هەندێک ڕێکخراوە و حیزبی دژبەری ڕژێم، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە، هەن کە تووشی جیابوونەوە و دابڕانی زۆر بوون. کەسانێک هەن کە چالاکن و هەڵقوڵاوی ئەم دۆخەن. بۆیە ئەزموونی کوردستان پێمان دەڵێت کە دەبێ هەوڵی بەرێکخراوەبوون و خۆڕێکخستن بدەین. سڕینەوەی حیزب بە مەبەستی هاندانی سلێبریتییەکان یان کەسایەتییە سیاسییەکان بە شێوەی تاکەکەس بیرۆکەیەکی باش نییە. ئەگەر بڕیار بێت ئەمە ڕێگەچارەی ئێرانی داهاتوو بێت، دێموکراسی لە ئێراندا بەم ئاسانییە جێگیر نابێت. هەروەک چۆن بینیمان کە ئەزموونی ئێمە لە کوردستان بووە هۆی ئەوەی ئەم بزووتنەوە زۆر باشتر ڕێبەرایەتی بکرێت و هۆکارەکەشی بەرێکخراوەبوون و هەبوونی حیزبەکان بوو. هەر بۆیە، داواکاری ئێمە لەو کەسایەتیانە بە شێوەی تاکەکەسی چالاکی دەکەن ئەوەیە کە پێکەوە و بە شێوازێکی ڕێکخراوەیی بەرنامە جیاوازەکانیان پێشکەش بکەن. لە هەموو وڵاتانی دێموکرات و لە ئەورووپا و ئەمریکاشدا ئەوە حیزبە سیاسییەکانن کە دەچنە نێو میکانیزمی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی. نموونەی بەرچاوی ئەمەش دۆناڵد ترامپ بوو لە ئەمریکا کە کاتێک وەک یەکەم میلیاردێر خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی وڵاتەکەی بەربژێر کرد، ناچار بوو بچێتە نێو حیزبی کۆماریخوازەکان. بۆیە پێویستە کۆمەڵگە فێری ئەوە بکەین و کۆمەڵگەش خۆی بەوە ڕا بێنێت کە ئاراستەدان بە دامەزراوەکانی پەیوەندیدار بە دێموکراسی و بەکلتوورکردنی دێموکراسی لە داهاتووی ئێراندا، لەبنەڕەتدا ڕێکخستن و بەرێکخراوەییکردنە و ئەو ڕێگەیە لە حیزبەکانەوە تێدەپەڕێت.

بەڕێزیان بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری لێکدژیی چێکراوی هەندێ چەمکی وەک کۆماریخوازی و فیدرالیزم لەگەڵ ناوەندگەرێتی و تەواوییەتی ئەرزی و تایبەتمەندییەکان و پێوەرەکانی فیدرالیزم و کۆماریخوازی ڕایگەیاند: ئێمە وەک حیزبی دێموکرات لە ڕابردوودا هەم بۆ چارەسەرکردنی پرسی کوردستان و هەم بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێراندا بەرنامەی جۆراوجۆرمان هەبووە. سەردەمانێک باوەڕمان بە خودموختاری بوو. تەنانەت دکتور قاسملوی نەمر وەک وتەبێژی شاندی نوێنەرایەتیی گەلی کورد لە دانوستانەکان لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی، بە مەبەستی ڕێگریکردن لە داسەپاندنی ئاسانی شەڕ بەسەر کوردستاندا لە لایەن ڕێژیمی کوماری ئیسلامییەوە، هەوڵی ڕێککەوتن لەسەر لانیکەمەکانی دەدا. لە قۆناغەکانی دواتردا بە هۆی پەرەسەندنی زیاتری خەباتەکەمان، فیدرالیزم وەک ڕێگەچارە دەستنیشان کرا. ئێمە هیچ لێکدژییەک لەنێوان فیدرالیزم یان خودموختاری لەگەڵ سیستەمی کۆماریخوازی نابینین. لەبنەڕەتدا ناونیشانی "کۆماری" ناونیشانێکە کە دەرفەتی هەڵبژاردنی زیاتر – چ بە شێوەی جەماوەری و بە شێوەی پەرلەمانی- بۆ خەڵک دەڕەخسێنێت. سەرۆککۆمار چ لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت و چ خەڵک هەڵیبژێرێت پرۆسەی هەڵبژاردن دەبووژێتەوە. ڕێگەچارەکانی ئێمە زیاتر دژی ناوەندگەرێتین. ناوەندگەرێتی بووەتە هۆی ئەوەی گرنگی بە پرسی نەتەوە جیاوازەکان و بە تایبەت نەتەوەی کورد نەدرێت. بۆیە ڕێگەچارەی ئێمە لە ئاراستەی دژایەتیکردنی ناوەندگەرێتی و قەبوولکردنی بەشداریکردن، دژایەتیکردنی هەڵاواردن و دانپێدانان بە مافی هەمووان، دژایەتیکردنی پشتگوێخستنی پەراوێز و قەبوولکردنی پێکەوەژیانی ئێتنیک و نەتەوە جۆراوجۆرەکانە. ئەوسا ئاسایشی ئێران دابین دەبێت و ئەوکاتە پێویست ناکات باس لە تەواوییەتی ئەرزی و جیاییخوازی بکرێت. بەڵام ئەگەر بڕیار بێت دۆخەکە هەر بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت، لەبنەڕەتدا ئەم باسانە هەرگیز کۆتاییان نایەت.

کاک خالید عەزیزی لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە حیزبی دێموکرات کەی نەخشەڕێ و مەنشووری تایبەت بە خۆی بڵاو دەکاتەوە، جەختی کردەوە: ئێمە وەک حیزبی دێموکرات لەم ڕۆژانەی دواییدا نەخشەڕێگا یان گەڵاڵەیەکمان بە کۆدەنگی داڕشتووە کە لە قۆناغی کۆتاییدایە. لە ڕاستیدا، ئامانجی ئێمە شەڕەمەنشوور نییە. بڕیار نییە هەر حیزب و لایەن و گرووپێک کە مەنشوورێکی بڵاو کردەوە، ئێمەش خێرا هەر بۆ دژایەتی و نکۆڵیکردنی ئەو مەنشوورە، مەنشوورێکی تایبەت پێشکەش بکەین. حیزبی دێموکرات ئەزموونی دوورودرێژی سەبارەت بە چۆنیەتیی مامەڵەکردن و پێشکەشکردنی ڕێگەچارە جیاوازەکان هەیە. هیوادارم لە ماوەی چەند حەوتووی داهاتوودا، گەڵاڵەکەی حیزبی دێموکرات لەگەڵ نەتەوە جیاجیاکان – بەلووچ، عەرەب، هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و ئازەرییەکان- بکەوێتە بەر باس و گفتوگۆ. لێرەدا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەمەوە کاتێک باس لە نەتەوەکان دەکەم، فارسەکانیش وەک یەکێک لە نەتەوەکانی ئێران دەبینم، هەر بۆیە باسی کەمینە و زۆرینە بێ‌مانایە. لە بنەڕەتدا تەنیا لە کاروباری پارلەمان و لە پرۆسەی بڕیارداندا کەڵک لە چەمکگەلی کەمینە و زۆرینە وەردەگیردرێت. بەدەر لەوە هیچ نەتەوەیەک بەرامبەر ئەوانی تر زۆرینە نییە و نەتەوەی فارسیش لەچاو ئەوانی تر کەمینە نییە. بیرۆکەی کەمینە- زۆرینە لە قازانجی دێموکراسی نییە. کەوابوو دەمانەوێت نەخشەڕێگاکەمان سەرەتا لەگەڵ حیزبەکانی سەر بە ئێتنیکەکان و لە قۆناغەکانی دیکەدا لەگەڵ هەموو حیزب و لایەنەکانی ئێران وەک ڕەوتی هاوپێوەندی (همبستگی)، شورای دێموکراسی‌خوازان، شورای تەسمیم، شورای مودیرییەتی گوزار و لایەنەکانی دیکە بخەینە بەر باس و خواس. دەمانەوێت پێکەوە باس لەم پرسە بکەین و هەوڵ دەدەین لە ئەزموونی دانوستانەکانی چوار مانگی ڕابردوو لەگەڵ حیزبەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات کەڵک وەربگرین و ئەوکات زیاتر لە جاران لەسەر ڕووداوەکانی نێوخۆ چڕ بینەوە. ئەم بزووتنەوەیە لە نێوخۆدا سەری هەڵدا؛ لە تاران و گەورەشارەکاندا هەندێ کەسایەتی و لایەنی زۆر بەهێز هەن کە دژی کۆماری ئیسلامین و ئەوانیش ڕێگەچارەی تایبەت بە خۆیان هەیە. خەڵکی کوردستان دەتوانن پێشنیارەکانیان پێشکەش بکەن. بۆیە پێویستە بەباشی لەگەڵ ڕوانگە و بیرورای خەڵک لە نێوخۆی ئێران مامەڵە بکەین، چونکە لەوێیە کە چارەنووسی کۆماری ئیسلامی یەکلا دەبێتەوە نەک لە پایەختی وڵاتانی ئورووپا و ئەمریکا. هیوادارم دوای گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ چالاکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و بەدەستهێنانی ئەزموونی زیاتر، ئەو نەخشەڕێگایەی حیزبی دێموکرات هەوڵی ئامادەکردنی دەدات ببێتە نەخشەڕێگایەکی فرەچەشنتر و گشتگیرتر و لەخۆگرتر و دوور بێ لەو خوێندنەوە و بیرۆکانەی کە دەبنە هۆی پۆلاریزەکردن [جەمسەربەندی] یان دابەشکردنی کۆمەڵگە. ئەمن لەسەر ئەو باوەڕەم کە سەردەمی ڕووبەڕووبوونەوەی توند و جەمسەربەندکردنی کۆمەڵگەی ئێران بە بیانووی جیاوازییە ئێتنیکی، ئایینی و سیاسییەکان یان پەنابردن بۆ گێڕانەوە مێژووییەکان و جیاوازی ڕاڤە و لێکدانەوەکان لە پرسە جوگرافیاییەکانی ئێران بەتەواوەتی بەسەر چووە.

وتەبێژی حیزبی دێموکرات لە کۆتایی وتووێژە تایبەتەکەیدا لەگەڵ تەلەڤزیونی "کوردکاناڵ" سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی ناوچە و لێکدژیی لێدوانەکانی بەرپرسانی سیاسی ئەمریکا و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ ڕێککەوتنی ئەتۆمی-برجام- و دیپلۆماسی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ڕۆژاوا و هێنانەوە بەر باسی میکازنیزمی ماشە -میکانیزمی گەڕاندنەوەی سزا و گەمارۆکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەر ئێران- لەلایەن وڵاتانی ئورووپایی لە ڕۆژانی ڕابردوودا و هەروەها سەبارەت بە پێشبینیی داهاتووی ڕووداوەکان لە ئێران، وەبیری هێناوە: ئێمە تێگەیشتنێکی بنچینەیی و بنەمایەکمان هەیە. بەپێی ئەم تێگەیشتنە بنچینەیی و بنەمایە دەبێ پێوەندییەکان و یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکانی لێک بدەینەوە. هاوکێشەکان یان پێوەندییە نێونەتەوەییەکان بەپێی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکان و بەرژەوەندییەکانی نێوان وڵاتان داڕێژراون. بە شێوەیەکی بەرچاو کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، هەوڵی داوە لە پرسی ڕێککەوتنی ئەتۆمی-برجام- وەک بەرگی براوە لە دژی ناوچە و سیستەمی نێونەتەوەیی کەڵک وەربگرێت. هەم ئەوان و هەم خەڵکی نێوخۆ بەبارمتە بگرێت. بە باوەڕی من کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی ماوەیەکی زۆر کەوتە داوی ئەم گەمەی کۆماری ئیسلامی. هەر کات باس لە ئێران و داهاتووی ئەم وڵاتە دەکرا، بەردەوام باس لەوە دەکرا لە ئێران هەڕەشەیەکی ئەمنیەتییە بۆ سەر ئیسرائیل و وڵاتانی دیکە و بۆیە، پرسەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ و ئەو خەباتە کە لە نێوخۆی ئێراندا دەکرا بەتەواوەتی لەبیر کرابوون. هەڵبەت ئێستاکەش لەو باوەڕەدام کە چارەنووسی ئێران دەبێ لە نێوخۆی ئێران یەکلا بکرێتەوە. ئەو گەمە نێونەتەوەییە، واتە گەمەی نێوان وڵاتانی ڕۆژاوا و ئەمریکا لەسەر پرسی ڕێککەوتنی ئەتۆمی و دۆسیەی ئەتۆمی ئێران، دەتوانێت ساڵانێکی زۆر درێژەی هەبێت. پێموایە کۆماری ئیسلامی لە داهاتووشدا دیسان ئەوپەڕی کەڵک لەو پرۆژە وەردەگرێت. ڕەنگە ساڵانێکی زۆر دانوستان بکەن و لەو چوارچێوەیەشدا هەندێ ڕێککەوتن و شکست تۆمار بکەن، بەڵام پێم وا نییە لە داهاتوودا هیچ شەڕێکی ئەتۆمی لە نێوان ئێران و هیچ وڵاتێکدا ڕوو بدات. هەمووی گەمەی سیاسییە و ئەوان ئەوپەڕی کەڵک لەو گەمە وەردەگرن. تاقە شتێک کە دەتوانێت ئەو گەمە پەک بخات خەباتی خەڵک لە نێوخۆی ئێران، یەکڕیزی و هاوئاهەنگی نێوان نەتەوەکان، ڕێکخراوەکان و حیزبە جۆراوجۆرەکانە؛ بە جۆرێک کە هەمووان بیر لە داهاتوو بکەنەوە و نوقمی کێشەکانی ڕابردوودا نەبن. لانیکەم ئێمە وەک حیزبی دێموکرات لە ئاستی نێونەتەوەییشدا بەردەوام هەوڵمان داوە تا بۆمان دەکرێت لە پرسی دێموکراسی و پرسی مافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوەکانی ئێران بەرگری بکەین و جەختمان لەوە کردووەتەوە کە پرسی ئێران دەبێ لە نیوخۆی ئێراندا یەکلا بکرێتەوە، چونکە زلهێزەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی هەوڵی ڕووخاندنی هیچ سیستەمێک نادەن، بەڵکوو تەنیا لە هەوڵی جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆژەکانی خۆیاندان.

***

# ئاسایی‌کردنەوە لە سیستەمی دیکتاتۆریدا



سمایل شەرەفی

ئاسایی‌کردنەوەی دۆخی دڵخوازی دیکتاتۆر و عادەتدانی خەڵکی وڵات بە بارودۆخی مەوجوود و خۆبواردنی هاووڵاتی لە پرسیارکردن و ناڕەزایەتی‌نواندن بەرانبەر بە کەموکوڕی و سەرکوت، هەوڵی هەمیشەیی سیستەمە دیکتاتۆرییەکانە. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە مەزهەب و ترساندنی خەڵک بەرانبەر بە هەر سەرهەڵدان و دەنگ‌هەڵبڕینێک، بەردەوام هەوڵی داوە خەڵک ملکەچی دۆخی ئارایی بکات و نادڵخوازترین هەلومەرج بە ئاسایی نیشان بدات. بەشێک لە ئامرازەکانی پرسی ئاساییکردنەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ٤٤ ساڵە کەڵکی لێ وەردەگرێ، گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوت و داپلۆسینە. بە شێوەیەک کە خودی ئەمری "سەرکوت" لە کۆماری ئیسلامیدا بە شێوەیەکی سیستماتیک، هەوڵی ئاساییکردنەوەی بەردەوامی بۆ دراوە. بەلاڕێدابردنی بیروڕای خەڵک کە بەشێکە لە سیاسەتی ئاساییکردنەوەی دۆخی دڵخوازی دیکتاتۆر لە ئێران، وەک هەنگاوی یەکەم بە مەبەستی ڕەخساندنی زەمینە بۆ بەئاسایی‌وەرگرتنی دۆخی دڵخوازی دیکتاتۆر کەڵکی لێ وەرگیراوە و پرسی ئاساییکردنەوەی پێ پاساو دراوە. قەیرانخوڵقێنی پلانێکی دیکەی پرۆسەی ئاسایی‌کردنەوەیە کە ئەلحەق ژوورە ڕەشە فکرییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تێیدا شارەزان.

لە شۆڕشی ژینادا کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە حەوتووەکانی سەرەتای شۆڕشەکەوە هەوڵی ئەوە بوو بەناولێنانی شۆڕشی ژینا بە "اغتشاش"، هەڵسوکەوتی سەرکوتکارانەی خۆی بەرانبەر بە شۆڕشگێڕەکانی سەر شەقامەکانی وڵات، ئاسایی و یاسایی پێناسە بکات. هەر لە درێژەی ئەم پیلانەدا و لە قۆناغی بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیدا، بە هێرشی موشەکی بۆ سەر حیزبە کوردییەکان و بەستنەوەی ناڕەزایەتییەکانی کوردستان بە دەستی دەرەکی، هەموو هەوڵی ئەوە بوو زەمینەی ئاسایی‌بوونی هێرش و پەلامار بۆ سەر کوردستان، بڕەخسێنێ. لە درێژەی ئەم شۆڕشەدا ڕێژیم بە شێوەی جاوروجۆر لە چەند قۆناغی جیاوازدا بە گرتنەپێشی کۆمەڵێک سیاسەتی سەرکوتکارانەی وەک هێرشی کیمیایی بۆ سەر قوتابخانەکانی کچان و توندوتۆڵکردنەوەی ڕێگارەکانی پاراستنی حیجاب و پەلاماردانی ژنانی بێ‌حیجاب، لە فازێکی دیکەی سیاسەتی ئاساییکردنەوەدا هەوڵی ئەوە بووە کە وا بنوێنێ شۆڕشی ژینا کۆتایی پێ هاتووە و ئەوەی هەیە کۆمەڵێک ناهەنجاریی کۆمەڵایەتییە کە بەپێی ڕەوتی ئاسایی ساڵانی پێشوو، بەرخوردیان لەگەڵ دەکرێ.

لە درێژەی ئەم قۆناغە لە ئاسایی‌پیشاندانی دۆخەکە و بە خەیاڵی خاوی خۆیان خۆدزینەوە و ڕزگاربوونیان لە شۆڕشی ژینا و بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک دژبە دیکتاتۆرییەت، لە کوردستان کە شۆڕشەکە تێیدا سەری هەڵدا و بۆ شوێنەکانی دیکەی ئێران پەلی هاویشت، سەرقاڵی ئاسایینیشاندانی دۆخەکەن. دواتر ڕێژیم لە کوردستان بە وەڕێخستنی کۆمەڵێک فستیڤاڵ و کەرنەڤاڵی فەرهەنگی و هونەری ویستی وا پێشان بدات کە ئەو خەڵکەی چەند مانگ پێش هاتنە سەر شەقامەکان و دروشمی نەمانی ڕێژیمیان دا و لە درێژەی سەرکوتێکی سیستماتیکی ڕەشدا بە دەیان کەسیان لێ کوژراو و بە سەدان و هەزارانیان لێ بریندار و زیندانی کران، هیچ کێشەیەکیان نەماوە و لە سەر شەقامەکان – هەر ئەو شوێنەی کە تێیدا خەباتیان کرد و خوێنیان دا – سەرقاڵی ژیانی ئاسایی خۆیانن. ئەوە لە حاڵێکدایە کە خەڵکی بنەماڵەی قوربانییانی شۆڕشی ژینا لەسەر گڵکۆی شەهیدەکانیان سروودی شۆڕشگێڕانە دەڵێنەوە و بە کۆبوونەوەی سەدان کەس لە خەڵکی شارەکان لەسەر مەزاری شەهیدان، بەردەوامیی شۆڕشەکە بە گوێی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا دەدەنەوە.

ئەوەی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا لە کوردستان دەیکات نەتەنیا هەوڵێکی سیستماتیکی پلان بۆدانراوە بۆ ئاساییکردنەوە و نیشاندانی دۆخەکە بە دڵخوازی خۆی، بەڵکوو تەحقیرکردنی کۆمەڵگەی کوردستان و شەقامە پڕ لە خەبات و خوێنەکانیەتی. وەک ئەوەی لە کوردستان "نە ی هاتبێ و نە بۆران". لەم پێوەندییەدا کەم نین ئەو کەسانەش کە نائاگایانە یان بە پیلان و نەفس‌نزمییەوە کەوتنە داوی ئەم سیاسەتەی ڕێژیم. کاتێک کە لە شارێکی خاوەن ناسنامەی پڕ لە شانازی و شکۆ کە تێیدا لە شۆڕشی ژینادا بە دەیان کەس لە لاوەکانی بە دەستی هێزە سەرکوتکار و بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامییەوە خەڵتانی خوێن کران، کۆمەڵە کەسێکی دیاری فەرهەنگی بەبێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسیی کوردستان و باری دەروونیی کۆمەڵگە، بە پێکهێنانی کۆڕی هونەری، هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی ڕێژیم بۆ ئاسایینیشاندانی دۆخی کوردستان، ڕەفتار دەکەن، پێویستە بە جیددی ڕەخنەیان لێ بگیردرێ و لۆمە بکرێن. ئەوان ئەگەر بە هەر هۆکارێک نەیانتوانیوە لەپاڵ خەڵک بن و بەشداری شۆڕشەکە بن، بۆیان نییە خوێ بە زام و برینی بنەماڵەی شەهیدان، زیانلێکەوتووان و زیندانییانی سیاسیدا بکەن و دۆخەکە بە دڵخوازی دیکتاتۆرییەت ئاسایی نیشان بدەن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاستی سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتیشدا هێندێک ئاوانس و چراسەوزی نیشان داوە کە ئەگەر لە لایەک بۆ خۆدەربازکردن لەژێر تەوژمی بارودۆخی نێوخۆی وڵات و شۆڕشی ژینادایە، لە لایەکی دیکەشەوە ڕاست لەپیناو ئاسایینیشاندانی دۆخی نێوخۆ و خۆگێلکردنی لە داخوازییەکانی خەڵکی سەرشەقامەکانی وڵاتە. هیچ گومانی تێدا نییە کە ڕەوتی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک دژ بە ڕێژیم و خەبات بۆ ئازادی و سەربەستی و گەیشتن بە وڵاتێکی دڵخواز، بەم سیاسەتانەی ڕێژیم – لەوانەیە تووشی نووشست و خاوبوونەوە بێت – لە ڕاوەستان و بەرەوپێشچوون ناکەوێ. بەڵام نابێ هێندێک کەس – جا چ بەشێک بن لە پیلانەکە و خۆشخزمەتی بکەن و چ ئاگایان لە پیلانەکان نەبووبێ و تێکەوتبێتن – ببن بە بەشێک لە سیاسەتی پیلانگێڕی و شەقامەکانی تەژی لە شۆڕش و ئیرادەی کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆرییەت، بە چوون بەرەو ئاسایی‌بوونەوە نیشان بدەن.

## حەسەن شەرەفی:

# پڕشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن یارمەتیدەری سەرەکیی مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر خەڵک و وڵاتە

**دیمانە: عەلی بداغی**



**ئاماژە:** "کوردستان" بە مەبەستی لێکدانەوەی تازەترین دۆخی ئێران، سیاسەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی و هەلومەرجی خەبات بە دژی ڕێژیم لەلایەن خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمەوە چەند پرسیارێکی ئاراستەی کاک حەسەن شەرەفی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردووە. بەڕێزیان لەو وتووێژەدا باس لە گرینگترین کێشە و قەیرانەکانی بەردەم دەسەڵات و هەر بەو پێیەش ئاریشەکانی بەردەم ئۆپۆزیسیۆن و ڕێگاکانی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات.

**کاک حەسەن هەڵسەنگاندنی جەنابت بۆ دۆخی یەکانگیریی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا و هەروەها ڕەوشی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم چییە؟**

ئەو دۆخەی ئێستا کۆماری ئیسلامی تێی‌دایە، هەرچەند بەڕواڵەت ئامادەبوونی خەڵک بەدژی ئەو ڕێژیمە لەسەر شەقامەکان کەمرەنگتر و تەنانەت بێڕەنگترە، بەڵام ئەوە بەمانای یەکانگیریی و سەقامگیریی وەزعی ئەم ڕێژیمە نییە. تا ئەوکاتەی بێزاریی خەڵک لە نێوەرۆکی واقعیی ڕێژیم لە جێگای خۆیەتی و دروشمی ڕووخانی ڕێژیم، دروشمی سەرەکی و هاوبەشی گەلانی ئێرانە؛ قسەکردن لە بوونی سبات لەو ڕێژیمەدا مانا نابەخشێ. بەتایبەت کە وەزعی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش بەهۆی نایەکگرتوویی و بوونی ناتەبایی تاریفێکی نییە. هەرچەند هێند وردە هەوڵی ناسەرکەوتوو لەو بارەوە هەبوون، بەڵام شوێندانەر نەبوون.

**هەرچەند ڕاپەڕینەکەی پاییزی ساڵی ڕابردوو حەرەکەتێکی تێکڕایی و سەرانسەری بوو، بەڵام چەند توێژ و سینف یان شانیان وەبەر نەدا، یان ئەرکی خۆیان بەوەخت ڕانەپەڕاند کە یەک لەوان کرێکارانی شوێنە پیشەیی و شوێندانەرەکان، یان بازاڕییەکان کە بەوجۆرەی پێویست بوو ڕەگەڵ نەکەوتن یان بەوەخت نەجووڵان. دیارە نابێ ئەوەش نەبینین کە ڕەفتاری هێندێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆنیش لە کەلێنخستنە نێو ڕیزی یەکگرتوویی خەڵک و هێرش بۆ سەر لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن بەنۆرەی خۆیان دەوری ناجایزیان گێڕا.**

**هەر بەو پێیە پێتان وایە گرینگترین کێشە و قەیرانەکانی بەردەم دەسەڵات و هەر بەو پێیەش ئاریشەکانی بەردەم ئۆپۆزیسیۆن چین؟**

گرینگترین قەیرانی ڕێژیم ماهییەتی خودی ڕێژیمە کە لەگەڵ دنیای سەردەم نەگونجاو و بۆ خەڵکی ئێرانیش غەیر قابیلی تەحەمولە. لەوە زیاتر ئەو گێرەوکێشانەیە کە ڕێژیم وەک بەرهەمی ڕەفتاری دەستێوەردەرانە، تێکدەرانە و ئاژاوەگێڕانە لە ناوچەدا وەک قەیران بەرەوڕووی خۆی کردوونەوە. قەیرانی ئۆپۆزیسیۆنیش وەک ئاماژەی پێ کرا، پڕشوبڵاوی، یەکتر ئینکارکردن، قبووڵنەکردن و تەنانەت بۆ هێندێکیان زیاتر لە دژایەتی لەگەڵ ڕێژیم، دژایەتیکردن لەگەڵ بەشێکی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە و داخستنی دەرگای هەرجۆرە دیالۆگێک لەگەڵ یەکترە کە ئەوە یارمەتیدەری مانەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر خەڵک و وڵاتە.

**لە چەند مانگی ڕابردوودا باس و تەوەری سەرەکیی کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکان پرسی دروستکردنی هاوپەیمانیی سیاسی بووە. پێتان وایە ئەوە لەوەڕا دێ کە مەرگی ئەو ڕێژیمە زۆر نیزیک بۆتەوە و دەبێ پەلەی لێ بکرێ؟ ئەگەر وایە بە کام هۆ؟ ئەگەر نا، ئەدی بۆ؟**

ئەوە کە پرس و باسی سەرەکیی کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکان و تەنانەت ویستی زۆربەی خەڵکی ئێران دروستکردن و پێکهێنانی هاوپەیمانی و یەکگرتویی نێوان هێزە سیاسییەکان بووە و هەیە لە پێویستییەکی واقعیی خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئاشکراشە هەرچی خەبات دژی ڕێژیم جدیتر و بەرینتر دەبێ، ئەو پێویستییە پتر خۆی دەردەخات. بەڵام دەبێ ئەوە بسەلمێنین کە مەرگی ڕێژیم بۆخۆی و بە پێی خۆی بەرەوپیلی خەڵکی ئێران نایەت، بەڵکوو ئەوە خەباتی لێبڕاوانە و یەکگرتووانەی گەلانی ئێرانە کە مەرگی ڕێژیم و تەمەنی ئەو ڕێژیمە لە کورتی دەبڕێتەوە. کەوابوو لە هەر حاڵ و هەلومەرجێکدا پەلەکردن لەو یەکگرتوویی و پێکهێنانی هاوپەیمانییە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

**سەرهەڵدانی بەرینی خەڵک کە لە پاییزی ساڵی ڕابردوودا گەیشتە لوتکە بە ئاکام نەگەیشت، یان هەتا ئێستا ناکام ماوەتەوە. ئێوە هۆکارەکانی لە چیدا دەبینن؟**

ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران لە پاییزی ڕابردوودا کە لە کوردستانەوە وەڕێ کەوت و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە کوردستانەوە هاواری بۆ کرا و دواتر دەکرێ بڵێین سەرانسەری ئێرانی گرتەوە؛ لە جۆری خۆیدا لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا دژ بەو ڕێژیمە بێوێنە بوو. ئەگەر پێشتر حەرەکەتێک هەرچەند تا ڕادەیەک بەرینیش وەڕێ کەوتبێ، بەمجۆرە هەموو ئێرانی نەگرتبۆوە. ئەگەر پێشتر توێژێک یا سینفێک بۆ داخوازییەکانی خۆی حەرەکەتێکی کردبێ، ئەوجار هەموو ئێران بۆ یەک داخوازی، ئەویش ڕووخانی ڕێژیم لەسەر شەقامەکان بوون. ئەگەر پێشتر ڕووی ڕەخنە لە کردەوەیەک یان بڕیارێکی ڕێژیم بوو، ئەوجار ڕووی حەرەکەتی خەڵک دژ بە هەموو ڕێژیم و لە سەروویانەوە خامنەیی بوو. جگە لەوە پشتیوانی و حەرەکەتی بێوێنەی ئێعترازیی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات و بیروڕای گشتیی خەڵکی دونیاش و تەنانەت بەشێک لە وڵاتانیشی بۆخۆی مسۆگەر کرد و ئەوانەش وای کرد ڕێژیم خۆی لە لێواری گۆڕ و نەماندا ببینێت.

بەڵام حەرەکەتی وا گەورە و وا یەکگرتووانە و وا یەکدەنگ و یەک داخوازییە کە ڕووخانی ڕێژیم بوو، بۆ ناکام مایەوە؟ هەرچەند ئەمە حەرەکەتێکی تێکڕایی و سەرانسەری بوو، بەڵام چەند توێژ و سینف یان شانیان وەبەر نەدا، یان ئەرکی خۆیان بەوەخت ڕانەپەڕاند کە یەک لەوان کرێکارانی شوێنە پیشەیی و شوێندانەرەکان، یان بازاڕییەکان کە بەوجۆرەی پێویست بوو ڕەگەڵ نەکەوتن یان بەوەخت نەجووڵان. دیارە ڕێژیم کە خۆی لە مەترسیی جدییدا دەدیت، زۆر زیاتر و بێبەزەییانەتر جینایەتیان خوڵقاند و دەستیان لە هیچ ڕەفتارێکی دژی ئینسانی نەپاراست. هەزاران ژن و منداڵ و لاوی ئەو وڵاتە شەهید کران، سەدان کەس ئێعدام کران و دەیان هەزار کەس قۆڵبەست و زیندانی کران کە ئەو ڕەوتە هەتا ئێستاکەش درێژەی هەیە. هەموو ئەوانە و کۆمەڵێک پیلانی دیکەی ڕێژیم لەو هۆیانە بوون بۆ دامرکانەوەی کاتی و نیسبیی ئەو حەرەکەتە.

لەو پێوەندییەدا نابێ ئەوەش نەبینین کە ڕەفتاری هێندێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆنیش لە کەلێنخستنە نێو ڕیزی یەکگرتوویی خەڵک و هێرش بۆ سەر لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن بەنۆرەی خۆیان دەوری ناجایزیان گێڕا. بەڵام بە هەموو ئەوانەوە مادام ڕێژیم بەو ماهییەتەوە و بەو ڕەفتارانەوە بیهەوێ درێژە بە تەمەنی بدات، ئەم حەرەکەتە سەر هەڵدەداتەوە و خەباتی دژی بەو ڕێژیمە هەر بەردەوام دەبێت، جا با ئەگەر نزمی و کەمڕەنگییش ماوەیەک بە ڕوخسارییەوە دیار بێت.

**یانی سەرەڕای ئەو ڕکوودە نیسبی و کاتییەی بە حزووری خەڵک لەسەر شەقامەکاندا دیارە، ئێوە پێتان وایە لە داهاتوویەکی نیزیکدا نارەزایەتییەکان لە ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی دەست پێ دەکەنەوە؟**

ڕاستە لە ئێستادا کەمڕەنگی و بێڕەنگییەکی نیسبی و کاتی لە حزووری خەڵک لەسەر شەقامەکان دەبیندرێ، بەڵام ئەوە بە مانای کپبوونی خەڵک و ملدان بە ڕەفتاری دژیئینسانیی ڕێژیم نییە. بۆیە مادام گۆڕان لە ماهییەتی ڕێژیمدا نە لە ڕابردوودا پێکهاتووە و نە لە داهاتوودا پێک دێت، هەروەها مادام خەڵکی ئێران لەو ڕێژیمە بەتەواوی بێزراون و بە دوژمنی ماف و ئازادییەکانی خۆیانی دەزانن و خەبات لەدژی ڕێژیم بە ئەرکی ئینسانی، نیشتمانی و ئازادیخوازانەی خۆیانی دەزانن؛ ئەو خەباتە هەر بەردەوام دەبێ و دوورەدیمەنی شیاوی لێ بەدی دەکرێ. گرینگ ئەو بەردەوامی و یەکگرتوویی خەڵکی ئێرانە کە ڕازێنەرەوەی ئەو دوورەدیمەنە دڵخوازە دەبێت.

**پێتان وانییە لە ئێستادا کەلێنێکی گەورە لە نێوان خەڵک لە نێوخۆی وڵات و ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات هەیە؟ چەندە ئیمکانی یەکیەتیی نێوخۆ و دەرەوە بۆ سەرکەوتن بەسەر کۆماری ئیسلامی لەسەر عەرزی واقع هەیە؟**

کەلێنێکی گەورە و درزێکی پڕنەبۆوە لەنێوان خەڵک لە نێوخۆی وڵات و ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بەدی ناکرێ کە تا ئەو ڕادەیە ببێتە هۆی ناهۆمێدی، بەتایبەت کە دیتمان چ پشتیوانی و هاوسۆزییەکی بەرین لە زۆربەی وڵاتان بە هۆی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە شەقامی شارەکانی دەرەوە بەڕێوە چوو، و تا ڕادەیەک بوونە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتیی دەرەوەی وڵات و تەنانەت هێندێ دامەزراوەی نێونەتەوەیی بۆ لای حەرەکەتە ئێعترازییەکانی نێوخۆی وڵات.

دیارە نەک بە مانای کەلێنی گەورە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا دەتوانین بڵێین لەنێوان دروشمەکانی یەکدەنگ و یەکخواستی نێوخۆ و وڵات و هێندێ کردەوەی نادروستی بەشێکی ئۆپۆزیسیۆن و داخوازە ڕێکخراوەییەکەی ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن تەفاوەت و ناتەبایی بوونی هەبوو لە ئەوەش هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد زیانی بە نەفسی حەرەکەتە پڕنێوەرۆک و مانادارەکە گەیاند. هیوادارم ئەو بەشەش لە ئۆپۆزیسیۆن بە واقعبینی بڕوانێتە حەرەکەتەکانی خەڵکی ئێران لە نێوخۆ و لە داهاتوودا ئەزموون لەو ڕەوتەی ڕابردوو وەربگرێت.

**بۆچوونێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرجەستە دەبێ ئەو ئاکامگیرییە دەکا کە حیزبە کوردییەکان بارتەقای دەنگی کۆمەڵگەی کوردستان و قورسایی ئەوان لە شۆڕشدا خاوەندارەتی لە شوناسخوازی و پرسی نەتەوەیی کورد لە ئێران ناکا. ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

من ئەوە تا ڕادەیەکی زۆر بە ناڕاست دەزانم. ڕەنگە حیزبە کوردییەکان بەشێکیان بارتەقای فیداکاریی خەڵکی کوردستان نەجووڵابنەوە یان هەڵوێستی وایان لە خۆیان پێشان نەدابێ کە خاوەندارەتی لە شوناسخوازی و پرسی نەتەوەییان پێوە دیار نەبووبێ، بەڵام هەشبووە لە هەموو حاڵێکدا پرسی نەتەوەیی و شوناسخوازیی نەتەوەکەی لە سەروو هەموو شتێک بووە. هەرگیز بیروڕای گشتییش فیداکاریی خەڵک و حیزبەکانی لێک جیا نەکردۆتەوە. جیاکردنەوەی نەک نێوەرۆکی، بەڵکوو ڕواڵەتیش لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی کورد و پرسی نەتەوەیی و شوناسخوازیی کورددا نییە.

**هەر وەک تەواوکەری پرسیاری پێشوو، ئەو بۆچوونەش هەیە کە کورد لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا لە سەنگەری هەرە پێشەوەی خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە بووە، زۆرترین خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە و قورسترین تێچووی داوە و هەتا ئێستاش هەر لە ڕیزی پێشەوە دایە. کەچی دیسان پەراوێز دەخرێ و وەلادەنرێت. بۆ؟**

لەوەدا کە کورد لە ئێران لە سەرەتاوە ڕازی بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی نەبووە و بەردەوام لەدژی دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیک ئەویش لە جۆری دواکەوتووی ئەو ڕێژیمە بووە، لەم ٤٤ ساڵەدا خەباتی بەردەوام و خوێناویی لەدژی کردووە و لەم حەرەکەتەی دواییشدا دەستپێشخەر و لە سەنگەری هەرەپێشەوەدا بووە؛ نە کورد خۆی بەڵکوو هیچ لایەنێک حاشای لەو ڕاستییە نەکردووە. بەڵام ڕاستە بەوحاڵەش پەراوێز دەخرێت.

لەو بارەیەوە پێویستە بڵێم کورد ئێستا سیمای واقعی و ڕاستینی دێموکراتبوون و ئازادیخوازیی خۆی بە هەمووان سەلماندووە. ئەو دروشمانەی خەڵک لە بەشەکانی دیکەی ئێران گەواهیی ئەوە دەدەن کە کورد بۆتە چاو و چرای ئێران، یان گوتراوە ئەگەر تاران ببێتە کوردستان، ئێران دەبێتە گوڵستان. بەڵام ئەدی کێ پەراوێزی دەخا یان وەلای دەنێ، ئەوانەی بۆچوونیان لەسەر مافی نەتەوەیی کورد و ئازادییەکانی جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نییە. ئەوان کوردیان دەوێ بەبێ مافەکانی، دەی خەباتی کوردیش بۆ مافەکانیەتی. بەڵام لە بەرانبەردا هەشن ئەوانەی داوا دەکەن کورد دەورێکی فراوانتر لە خەبات بە پانتایی ئێران بگرێتە بەر.

بەخۆشییەوە دۆخی کورد لە ئێران ئێستا جۆرێکە کە هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێ کورد لە حیساباتی خۆیدا دەخیل نەکات.

**ڕەنگە حیزبە کوردییەکان بەشێکیان بارتەقای فیداکاریی خەڵکی کوردستان نەجووڵابنەوە یان هەڵوێستی وایان لە خۆیان پێشان نەدابێ کە خاوەندارەتی لە شوناسخوازی و پرسی نەتەوەییان پێوە دیار نەبووبێ، بەڵام هەشبووە لە هەموو حاڵێکدا پرسی نەتەوەیی و شوناسخوازیی نەتەوەکەی لە سەروو هەموو شتێک بووە. هەرگیز بیروڕای گشتییش فیداکاریی خەڵک و حیزبەکانی لێک جیا نەکردۆتەوە**

**بێینەوە سەر پرسی پلاتفۆڕمەکان. پێتان وایە گەڵاڵە و نەخشەڕێیەک کە بتوانێ کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵات لا بدا دەبێ لەسەر کام بناغە و بنەڕەت داندرابن؟ ئەمەش چ ئەرکێک بۆ هەرکام لە هێز و لایەنە سیاسییەکان بە دنیابینیی جیاوازی خۆیان دروست دەکات؟**

بەداخەوە هەڵویستی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن بەرانبەر بە بەشەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن لە چوارچێوەی ڕەقابەت و جیاوازیی بیروبۆچوون چۆتە دەرێ شکڵی دژایەتی و دژبەریی یەکتریی بە خۆیەوە گرتووە، بە جۆرێک چەند لایەنی جدیی ئۆپۆزیسیۆن هەن کە بە هیچ جۆر ئامادە نین لەگەڵ یەکدی تەنانەت قسە و دانیشتنیشیان هەبێت. باقی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش لە هاوپەیمانی لەگەڵ هەرکام لەم چەند لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە سەرەکییە خۆ دەبوێرن. چونکی هاوپەیمانی لەگەڵ هەر یەک لەو لایەنە دژبەرانە بەکردەوە یانی دژایەتیکردنی چەند لایەنی دیکە کە ئەوەش یارمەتیدەری پێکهێنانی نەخشەڕێگایەک نابێت کە گشتگیر و فرەچەشن و فرەلایەن بێت. بەو حاڵەش ناکرێ لەوبارەوە دەست لەسەر دەست دابندرێ و پێویستە گەڵاڵەیەک و نەخشەڕێگایەک بێتە ئاراوە کە لانیکەم لایەنەکانی بەدەر لەو لایەنە دژبەرانە لە خۆی کۆ بکاتەوە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەوڵی شتێکی لەو بابەتەی داوە و گەڵاڵەکەشی ئامادەیە و بۆ نەزەردان خستوویەتە بەر نەزەری ئەو لایەنانەی کە بوار و دەرەتانی پێکەوە کارکردنیان هەیە. ئەوەش دەتوانێ بە گرینگی و قورساییەکی کە حیزب هەیەتی ڕۆڵێکی تا ڕادەیەک چارەساز بگێڕێ و لەو پڕشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن لەو حاڵەتەی ئێستایدا کەم بکاتەوە.

**لەگەڵ سپاسی دووبارە بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا، لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتە گشتییەدا ئەگەر قسەیەکتان هەبێ لە کۆتاییدا وەک کۆبەندکردنی باسەکەمان بفەرموون.**

بەکورتی ئەگەر بڵێم، دڵنیام کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەولێژیی ڕووخان‌دایە و درەنگ یا زوو دەسەڵاتی شووم و نەحسی لەسەر خەڵکی ئێران لادەچێت. دڵنیام خەباتی خەڵکی ئێران سەرەڕای کزی و بێدەنگیی کاتی یا بەرزی و بەرینیی تێکۆشانی بەردەوام دەبێ هەتا بە ئاکام دەگات. لەو نێوەدا ڕووخانی ڕێژیم بەستراوەتەوە بە بەردەوامیی خەبات، بەردەوامیی خەباتیش بەستراوەتەوە بە یەکگرتوویی خەڵکی ئێران. هەروەها یەکگرتوویی کوردیش یارمەتیدەری بەهێزبوونی کورد دەدا و بەهێزبوونی کوردیش بەدڵنیاییەوە یارمەتیدەری سەرکەوتنی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکانی ئێرانە.

# هۆکاری گرژییەکانی نێوان ئێران و ئازەربایجان





د. محەممەد حوسێنزادە

دوو وڵاتی ئێران و ئازەربایجان زیاتر لە ٦٠٠ کیلۆمەتر سنووری زەوینی هاوبەشیان هەیە و لە دەریای خەزەریش هاوسنوورن. ئەو دوو وڵاتە خاوەن ڕابردوو و هەندێ فاکتەری مێژوویی هاوبەشن. ئازەربایجان دوای ئێران، بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان، دووەم گەورەوڵاتی شیعەیە. هەردوو وڵات ئەندامی ڕێکخراوی "ئێکۆ"ن. هەر لە سەرەتای سەربەخۆیی کۆماری ئازەربایجانەوە (١٩٩١) تا ئێستا ڕەوتێکی هاوکاتی "لێکنزیکبووەنوە" و "لێکدابڕان" لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەبووە. لە هەندێ قۆناغدا لێکنزیکبوونەوە تایبەتمەندیی پەیوەندییەکانی نێوان باکۆ و تاران بووە و بەپێچەوانەوە، لە هەندێ قۆناغی دیکەدا لێکدابڕان باڵی بەسەر پەیوەندییەکانیاندا کێشاوە. بەڵام لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا گرژی و ناکۆکیی زیاتر کەوتووەتە نێوان ئێران و ئازەربایجان. ئەو گرژییانە بە ڕادەیەک پەرەیان سەندووە کە هەندێ لە شارەزایان پێشبینیی ڕوودانی شەڕێک لە نێوان ئەو دوو ئەکتەرەدا دەکەن. ئەم کورتە نووسینە نایهەوێ بەوردی باس لە ئەگەرەکان و سیناریۆکانی داهاتوو و چۆنیەتیی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە بکات، بەڵکوو ئامانجی سەرەکی ئەوەیە بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە هۆکارەکانی پەرەسەندنی قەیران لە پەیوەندییەکانی باکۆ-تاران بکات. لەم چوارچێوەیەدا سەرەتا باس لە هەندێ فاکتەر و بابەت دەکات کە هەر لە دوای سەربەخۆیی ئازەربایجانەوە بوونەتە هۆی کێشە و ناکۆکی نێوانیان و دواتر دەپرژێتە سەر ئەو ڕووداوانەی چەند ساڵی ڕابردوو کە گرژییەکانی نێوان تاران و باکۆی تا ئەوپەڕی خۆی بەرز کردەوە.

دەکرێت لە ئێستادا پەیوەندییەکانی نێوان ئازەربایجان و ئیسرائیل بە سەرەکیترین فاکتەری گرژی و ناکۆکی نێوان ئەو دوو وڵاتە دابنێین. لەنێو وڵاتانی موسڵماندا، ئازەربایجان زیاترین پەیوەندیی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە. هەر لە دەیەی ١٩٩٠دا بەرپرسانی کۆماری ئازەربایجان لە چوارچێوەی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ ئەرمەنستان، بە تایبەت لەسەر پرسی قەرەباغ، بیریان لە پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل دەکردەوە و لەو پەیوەندییەدا، بە شێوەیەکی سەرەکی هەوڵی دەستپێڕاگەیشتن بە کەلوپەل و تەکنۆلۆژیای سەربازیی و بەدەستهێنانی پشتیوانیی لۆبی ئیسرائیل لە ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ لۆبی ئەرمەنەکانیان دەدا. لە بەرامبەردا، ئیسرائیلیش لە چوارچێوەی "دکتۆرینی پەراوێز"دا (Periphery doctrine) تامەزرۆی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتێکی وەک ئازەربایجان بوو. دکتۆرینی پەراوێز کە یەکەم جار لەلایەن "دەیڤید بن گوریون" هاتە ئاراوە، بە شێوەیەکی سەرەکی جەختی لەسەر پەرەپێدان بە پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتانی موسڵمانی ناعەرەب -وەک ئێرانی سەردەمی پاشایەتی، تورکیە، ئەتیوپی، ئازەربایجان و ڕەنگە کوردەکان- بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسیی وڵاتانی عەرەب دەکردەوە. لەپاڵ ئەوەدا داڕێژەرانی سیاسەتی ئیسرائیل بیریان لە پەرەپێدان بە دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەی قەفقاز و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی وەک دوژمنی سەرەکیی خۆیان لە بوارەکانی سیاسی، سەربازی، زانیاریی و تەنانەت ئابووری دەکردەوە. لەم چوارچێوەیەدا، (هەر لە ساڵانی ١٩٩٢ تا ١٩٩٤ کە شەڕی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان بەردەوام بوو، ئیسرائیل لە ڕێگەی پێدانی مووشەکی ستینگێر و کەلوپەلی سەربازی پشتیوانیی لە ئازەربایجان کرد. لە ساڵی ١٩٩٧دا، بنیامین نتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل سەردانێکی ئازەربایجانی کرد و لەبارەی پەیوەندییە دوولایەنەکان و هەڕەشەکانی ئێران لەگەڵ حەیدەر عەلی ئۆف وتوویژیان کرد. دوای ئەوە، پەیوەندییە سەربازییەکانیان چوونە قۆناغێکی نوێوە. شارەزایانی کاروباری نێودەوڵەتی، ئەو سەردانەی نتانیاهۆ وەک خاڵی دەستپێکی هاوپەیمانیەتیی ئەو دوو وڵاتە ناو دەبەن. هەبوونی سەرچاوەی فراوانی وزە و بەتایبەت نەوت و گاز وای کرد کە ئیسرائیلییەکان هەوڵی زۆر بۆ وەبەرهێنان لەو بوارەدا بدەن و تەنگ بە کۆماری ئیسلامی لە ئازەربایجان هەڵبچنن.

هەرچەندە زۆر جار باس لە پەیوەندییە سەربازییەکان دەکرێت، بەڵام پێدەچێت لە ئێستادا زیاترین پەیوەندیی نێوان باکۆ و تەلئەبیب دەگەڕێتەوە بۆ بواری وزە و تەلئەبیب لە ساڵانی ڕابردوودا ڕێژەیەکی زۆر لە نەوتی پێویستیی خۆی لە ئازەربایجان هاوردە دەکرد. لە بواری سەربازی و ئەمنیەتیشەوە پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە هێندە پەرەیان سەندووە کە لە ئیستادا کۆماری ئیسلامی، ئازەربایجان وەک بنکەیەکی سەربازی ئیسرائیل ناو دەبات. بەپێی هەندێ هەواڵ و ڕاپۆرت ئیسرائیل هەندێ جار لە خاکی ئازەربایجان بۆ سیخوڕیکردن یان دزەکردن یان لێدان لە هەندێ بنکە و دامەزراوەی سەربازی و ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی کەڵکی وەرگرتووە، ئەمەش یەکێک بووە لە سەرەکیترین هۆکارەکانی گرژی و ناکۆکی لە پێوەندییەکانی نێوان باکۆ-تاراندا. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئەو پەیوەندییانەیان بەردەوام وەک هەڕەشەیەکی هەبوو لەسەر ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتەکەیان سەیر کردووە. بەرپرسانی تاران بانگەشەی ئەوە دەکەن ڕاوێژکارانی سەربازیی ئیسرائیل بەردەوام لە ئازەربایجانن. هەر لەم چوارچێوەیەدا، "فۆرێن پالیسی" لە ساڵی ٢٠١٢ لە ڕاپۆرتێکدا ئاشکرای کرد کە باکۆ ڕێگەی بە ئیسرائیل داوە لە ئەگەری پێکدادانێک لە نێوان تاران و تەلئەبیب، لە بنکە سەربازییەکانی کۆماری ئازەربایجان بۆ بۆردمانکردنی ئێران کەڵک وەربگرێت؛ هەرچەندە بەرپرسانی ئازەربایجان ئەو ڕاپۆرتەیان بەدرۆ خستەوە، بەڵام ئەو جۆرە ڕاپۆرتانە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بەردەوام بڵاو بوونەتەوە. بەکورتی باشترە بڵێین لە ئێستادا ئیسرائیل لە ئازەربایجان هەمان ئەو کایەیە دەکات کە کۆماری ئیسلامی لە سوریە دژی ئیسرائیل دەیکات. ئەمەش گرژی و ناکۆکی لە پەیوەندییەکانی نێوان تاران-باکۆی لێ کەوتووەتەوە.

دیاریکردنی سنووری کەنارەکانی دەریای خەزەر کێشەیەکی دیکەی نێوان تاران-باکۆیە. دوای داڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت و سەرهەڵدانی چەندین وڵاتی نوێ، پێنج وڵات بوونە هاوسنوور لە دەریای خەزەر و لەو کاتەوە چۆنیەتیی دابەشکردنی کەنارەکان بە شێوەیەکی یاسایی چارەسەر نەکراوە. دوو لەو وڵاتانە بریتین لە ئێران و ئازەربایجانان. کۆماری ئیسلامی خوازیاری دابەشکردنی یەکسانی ئەو دەریایە لەسەر بنەمای پشکی ٢٠٪ بۆ هەر یەک لەو پێنج وڵاتەیە. ئەوە لە کاتێکدایە کە کۆماری ئازەربایجان بە گەڕانەوە بۆ کۆنڤانسیونی ١٩٨٢ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی دەریاکان، خوازیاری دابەشکردنی کەنارەکانی دەریای خەزەر بۆ سەر خاکی وڵاتان بەپێی ڕووبەری سنوورەکانیانە. بەو پێیە ئێران لە جیاتی پشکی ٢٠٪ کە پێشنیاری خۆیەتی، پشکی دەبێتە ١٣/٦. ئەم کێشەیە تا ئێستاش بەردەوامە و ڕێگر بووە لە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە.

کێشەی خاک و بەریەککەوتنی پانئێرانیزم/ پانفارسیزم و پانتورکیزم یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ناکۆکیی نێوان ئازەربایجان و تارانە. بەکورتی هەندێک لە ئێران هێشتا پێیان وایە پێویستە لە داهاتوودا ئازەربایجان بگەڕێتەوە سەر خاکی ئێران. تەنانەت لەکاتی پەرەسەندنی گرژییەکاندا هەندێ لە ماڵپەڕ و میدیاکانی سەربەکۆماری ئیسلامی، کۆماری ئازەربایجان بە "پارێزگاری ئازەربایجانی باکوور" ناو دەبەن. لەبەرانبەردا، لە ئازەربایجان زۆر جار باسی سەربەخۆیی ئازەربایجانی باشور یان پێویستی گرێدانەوەی ئازەربایجانی باکوور و باشوور دەکرێت. ئەمەش زۆر جار گەیشتووەتە ئاستێک کە هەر دوو لایەن بەئاشکرا هەڕەشە لە یەکتری بکەن.

هەروەها، هەوڵەکانی ئێران بۆ پەرەپێدان بە ئیسلامی سیاسی و بەتایبەت شیعەگەری لە کۆماری ئازەربایجان یەکێکی تر لە فاکتەرەکانی دابڕانی ئەو دوو وڵاتە بووە. بە تایبەت کە کۆماری ئیسلامی پێشتر گرووپێکی بەناوی حسینیون (حسینچیلر) بە مەبەستی چالاکی لە ئازەربایجان دامەزراندووە و لەو کاتەوە کۆماری ئازەربایجان نیگەرانیی خۆی لە دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی پەرەپێدان بە شیعەگەریی سیاسی دەربڕیوە. بە گشتی ئەمانە ئەو فاکتەرانەن کە ماوەیەکی زۆرە لانیکەم ڕێگرن لە نزیکبوونەوەی زیاتری ئەو دوو وڵاتە دراوسێیە. بەڵام هەندێ ڕووداو لەم دواییانەدا وایان کرد کە پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی و ئازەربایجان بچنە قۆناغێکی زۆر ئاڵۆزتر. ئەم قۆناغە بەتایبەت لە شەڕی ساڵی ٢٠٢٠ی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان دەستی پێ کرد.

چیرۆکەکە بەم شێوەیە بوو کە لە ساڵی ٢٠٢٠دا ئازەربایجان توانی بە یارمەتیی تورکیە وەک ڕکەبەرێکی سەرەکیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی قەفقاز و ئیسرائیل وەک دوژمنی سەرەکیی تاران، ناوچەی قەرەباغ کە بۆ ماوەی نزیکەی ٢٥ ساڵ ئەرمەنستان داگیری کردبوو، بخاتەوە ژێر ڕکێفی خۆی. ئازەربایجان لەو شەڕەدا بە شێوەیەکی بەرچاو لە چەکوچۆڵی ئیسرائیل و بە تایبەت لە درۆنەکانی ئەو وڵاتە کەڵکی وەرگرت. هەرچەندە کۆماری ئیسلامی بە شێوەی فەرمی پشتگیریی کۆماری ئازەربایجانی کرد، بەڵام هاوکات پتەوبوونەوەی پێگەی تورکیە و ئیسرائیل بووە هۆی نیگەرانیی ئەو وڵاتە. لە هاوینی ساڵی ١٤٠١دا، دیسانەوە پێکدادانێک لە نێوان ئەرمەنستان و باکۆ ڕووی دا. کۆماری ئیسلامیی ئێران خێرا ئیدیعای ئەوەی کرد کە ئازەربایجان دەیەوێت پارێزگای سیونیک کە ٤٤ کیلۆمەتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ ئێراندا هەیە داگیر بکات و دوای ئەوە هەوڵی درووستکردنی دالانی "تورانی" یان ئەوەی ئازەربایجان پێی دەڵێت دالانی "زەنگەزور" بدات. ئەم ناوچەیە هەم ئەرمەنستان گرێ دەداتەوە بە قەرەباغی کوێستانی و هەم دەتوانێت ئازەربایجان گرێ بداتەوە بە نەخجەوانەوە. نەخجەوان لە باشووری قەفقاز و باکووری ڕووباری ئەرەس هەڵکەوتووە و لە باکوور و ڕۆژهەڵاتەوە دراوسێی ئەرمەنستانە و لە باشوورەوە لەگەڵ ئێران هاوسنوورە و لە ڕۆژئاواشەوە هەندێ سنووری لەگەڵ تورکیە هەیە. هەرچەندە بەشێکە لە خاکی ئازەربایجان بەڵام لە خاکی سەرەکی ئەو وڵاتە جودایە و باکۆ لەسەر عەرزەوە دەستی پێی ڕاناگات و زۆر جار ناچارە لە ڕێگای ئێرانەوە دەستی بەو بەشە لە خاکی خۆی بگات. لە سەردەمی یەکیەتیی سۆڤیەتدا لە ڕێگەی دالانێکەوە ڕووسیە و ئازەربایجان و ئەرمەنستان و نەخجەوان پێکەوە گرێ دەدرانەوە، بەڵام دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و سەربەخۆیی وڵاتانی ناوچەی قەفقاز ئەو ڕێگایە ئیتر داخرا.

ئێستا ئازەربایجان دەیەوێت دالانی زەنگەزور بکاتەوە. پێدەچێت ئەگەر ئازەربایجان بەوە ڕازی بێت دەسەڵاتی ئەو دالانە لە دەستی ئەرمەنستاندا بمێنێتەوە، ئەرمەنستان لەگەڵ کردنەوەی ئەوە دالانە کێشەی نەبێت. بەڵام کۆماری ئیسلامی بەوە ڕازی نییە و دەڵێت ئەوە پیلانێکە بۆ دەوردانەوەی ئێران. ئێرانییەکان پێیان وایە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە تورکیە لەگەڵ نەخجەوان هاوسنوورە، کردنەوەی دالانی زەنگەزور بە واتای پێکەوەلکانی تورکیە، نەخجەوان و ئازەربایجانە و ئەوەش بەو مانایە دێت کە ئەو وڵاتانە دەیانەوێت ڕێگەی ترانزیتی ئێران دەور بدەنەوە. جگە لەوە کۆنترۆڵکردنی ئەو دالانە لەلایەن ئازەربایجانەوە بەمانای کۆنترۆڵکردنی پەیوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەرمەنستان دێت. ئەمە هەروەها دەتوانێت کاریگەری لەسەر دەستپێشخەری "پشتێنە و ڕێگا"ی وڵاتی چین هەبێت کە بەشێکی لە ئێرانەوە تێپەڕ دەبێت و دەتوانێت داهاتێکی زۆری بۆ ئێران هەبێت. جگە لەوە ئەو دالانە وا دەکات کە تورکیا بتوانێت بەشێکی زۆر لە وزە و بەتایبەت نەوتی خۆی ڕاستەوخۆ لە ئازەربایجان هاوردە بکات و چیدیکە پێویستیی بە وزەی کۆماری ئیسلامی نەمێنێت. ئەو نیگەرانیانە وایان کرد "ئەمیر عەبدوڵاهییان" وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی خێرا سەردانی ئەرمەنستان بکات و کونسولگەریی ئێران لە پارێزگای سیونیک بکاتەوە. دواتر لە سەرەتای پاییزی ١٤٠١دا، هێزی زەمینیی سوپای پاسداران مانۆڕێکی سەربازیی بە ئامادەبوونی حوسێن سەلامی، فەرماندەی گشتیی سوپا و هەندێ لە فەرماندە باڵاکانی ئەو هێزە لە نزیک ڕووباری ئەرەس بەڕێوە برد. بەگوێرەی میدیاکانی ئێران پەیامی ئەو مانۆڕە وریاکردنەوەی بەرپرسانی باکۆ سەبارەت بە گۆڕینی سنوورەکانی ناوچە بوو. ئەمەش کاردانەوەی ئازەربایجانی لێ کەوتەوە و ئەو وڵاتەش جارێک بە هاوکاری پاکستان و تورکیە و جارێکیش بە هاوکاری تورکیە مانۆڕی سەربازیی بەڕێوە برد و ئەو مانۆڕانە کۆماری ئیسلامیان نیگەرانتر کرد.

ئەو ڕەوتە بەردەوام بوو تا ڕێبەندانی ساڵی ١٤٠١ کە لە تاران هێرش کرایە سەر باڵوێزخانەی کۆماری ئازەربایجان و بەرپرسی تیمی پاسەوانانی ئازەربایجان کوژرا. سەرەڕای ئەوەی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند هێرشبەر هۆکاری خێزانی و تایبەتیی هەبووە، بەڵام ئیلهام عەلی ئۆف بەرەسمی و تەنانەت لە کۆبوونەوەی ئاسایشی مۆنیخ لە ئەڵماندا ڕایگەیاند کە ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە پشت ئەو تیرۆرەوە بوون. دواتر دەستبەسەرکردنی چەندین تیمی سیخوڕیی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە ئازەربایجان قەیرانی پەیوەندییەکانی نێوان باکۆ- تارانی قووڵتر کردەوە. دیسانەوە، لە سەرەتای ساڵی نوێدا (١٤٠٢)، کۆماری ئیسلامی بە بیانووی ئەوەی ئازەربایجان دەیەوێ هێرش بکاتە سەر پاریزگای سیونیک دەستی کرد بە ناردنی هێز بۆ سەر سنوورەکان و هەڕەشەکردن لە باکۆ و هەر لەو سەروبەندەدا نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە مەجلیس بەیاننامەیەکیان لە ڕۆژی ١٦ی خاکەلێوە لەدژی باکۆ بە بیانووی ئیدانەکردنی کردنەوەی باڵوێزخانەی کۆماری ئازەربایجان لە ئیسرائیل دەرکرد. ئازەربایجان وەک کاردانەوەیەک دیپلۆماتەکانی ئێرانی لە وڵاتەکەی دەرکرد و هەردوو لایەن کەوتنەوە هەڕەشەکردن لە یەکتر. کۆی ئەم ڕووداوانە پەیوەندییەکانی نێوان باکۆ و تارانیان لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەرەو ئاڵۆزی و گرژی زیاتر بردووە.

بەڵام ئەوەی کە ئایا داهاتووی پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە بەرەو چ ئاقار و ئاراستەیەک دەڕوات؟ ئایا ئەو قەیرانە دەبێتە هۆی شەڕ و پێکدادانی نێوان تاران- باکۆ یان نا؟ پرسێکە کە لە ئێستادا پێشبینیکردنی بە لەبەرچاوگرتنی خێرایی ڕووداوەکان تا ڕادەیەک زەحمەتە. سەرباری ئەوەش، ئەمن پێم وایە ئەو قەیرانە تا ئاستی پێکدادان بەرز نابێتەوە و باکۆ و تاران لە کۆتاییدا هەوڵ دەدەن بەشێک لە کێشەکانیان بە گەڕانەوە بۆ دیپلۆماسی و وتوویژ چارەسەر بکەن. بۆ نموونە ئەگەری زۆرە بە بەشداریکردنی ڕووسیە لە گفتوگۆکاندا کێشەی دالانی زەنگەزور بە بەشداری ئێران، ئەرمەنستان و ئازەربایجان لە پلانێکی هاوبەشدا و بە مەرجی دابینبوونی بەرژوەندی هەر سێ وڵات چارەسەر بکرێت و هەم ئەرمەنستان ڕێگەی بۆ قەرەباغ بکرێتەوە و هەم ئازەربایجان بۆ نەخجەوان. هاوکات کۆماری ئیسلامییش دڵنیا بکەنەوە کە کردنەوەی ئەو دالانە کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەرمەنستان و هەروەها ئەورووپا نابێت. دیارە ئەمەش بەو مانایە نایەت کە پەیوەندی ئەو دوو وڵاتە بۆ هەمیشە ئاسایی دەبێتەوە. بۆ نموونە پەیوەندی ئیسرائیل- ئازەربایجان پرسێکە کە بۆ ساڵانێکی زۆر دەتوانێت ببێتە هۆی دابڕان و سەرهەڵدانی ناوەناوەی قەیران لە پەیوەندییەکانی باکۆ و تاران.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەو خاڵە بکرێت کە چۆنیەتیی پەیوەندیی نێوان ئازەربایجان و کۆماری ئیسلامی پرسێکی زۆر هەستیارە بۆ کورد. بەتایبەت لە ئەگەری هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە ئێران دەتوانێت کاریگەرییەکانی لەسەر کوردستان دەر بکەون. دیارە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستادا بە شێوەی کردەکی لەژێر داگیرکاریی کۆماری ئیسلامی‌دایە، بەڵام کۆماری ئازەربایجانیش وەک وڵاتێک کە زۆر جار باس لە پێویستی سەربەخۆیی "ئازەربایجانی باشوور" دەکات و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لەو نەخشانەدا کە پانتورکەکان بڵاوی دەکەنەوە بەشێکی بەرچاو لە خاکی کوردستان دەخەنە چوارچێوەی ئازەربایجانی باشوور و ئەمەش دەتوانێت بە شێوەی هێزەکی هەڵگری هەڕەشە بۆ کوردستان بێت. لەم نێوەدا کاتێک باس لە میحوەری ئیسرائیل-تورکیە-ئازەربایجان لەو ناوچەیەدا دەکرێت، زیاتر هەست بە جۆرێک لە هەڕەشە لەسەر کورد دەکرێت. هەر لەم ئاراستەیەدا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەک لە نوێنەرانی پەرلەمانی ئیسرائیل نامەیەکیان واژۆ کرد سەبارەت بە پێویستی پشتیوانیکردنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە سەربەخۆیی ئەو ناوچە کە بە "ئازەربایجانی باشوور" ناوی دەبەن. بۆیە پێویستە هەم نووسەران و ڕوناکبیران و هەم حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیر لە هەموو لایەنەکانی ئەو بابەتە و ئەگەرەکانی داهاتوو بکەنەوە و بەو پێیە باشترین و گونجاوترین سیناریۆکان بۆ داهاتوو دابڕێژن.



# زەویی سووتاو، شەڕی شاراوە



ڕەزا دانشجوو

دوژمنایەتیی ڕێژیمی وەلایەتی فەقیهـ لەگەڵ کورد و کوردستان لەو ڕۆژەوە کە ئەم سیستەمە نامرۆڤانەیە دامەزرا دەستی پێ کرد. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی جگە لە وێرانکاری و ماڵوێرانی بۆ هەموو ئێران هیچی تری بەدیاری نەهێنا، بەڵام چیرۆکی گەلی کورد تەواو جیاوازە. ئەگەر بێتوانایی و بێپلانیی ڕێژیم بووەتە هۆی لەنێوچوونی سەرچاوە ماددی و مرۆییەکان لە هەموو شوێنێکی ئێران، ئەوەی لە کوردستان ڕووی داوە دەرئەنجامی پلاندانانێکی تەواو وشیارانە و ئامانجدار بووە.

لەڕاستیدا ڕێژیم ڕاستەوخۆ هاتۆتە شەڕی کورد و کوردستان. ڕەنگە ڕیشەی ئەم دوژمنایەتییە بۆ ڕووداوەکانی یەکەم ڕۆژەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ بگەڕێتەوە؛ ئەو کاتەی کورد حازر نەبوو هاوکاریی ڕێژیم بکا و بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنەکانی کرد و دژی دیکتاتۆریەتی ویلایەتی فەقیهـ ڕاوەستا و ئەم دژایەتییە و بەربەرەکانێیە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. لە بەرانبەردا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش بۆ هێرشکردنە سەر کورد و کوردستان، هەموو ئیمکانات و شێوازە مومکینەکانی بەکارهێناوە و تا ئێستاش بەردەوامە. ئەمڕۆ سیاسەتی ئاسمیلەکردنی کورد بەهۆی داگیرکەرانەوە لە هەموو شوێنێکی جوغرافیای کوردستان لە ئاگرییەوە تا دالاهۆ دەبینرێت. بەشی تاڵی چیرۆکی هێرش و دژایەتیکردنی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە تەنیا گەلی کورد نەکەوتۆتە بەر ڕق، کینە و دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو جوغرافیای کوردستانیش بە دەیان فۆرمی جیاواز ئەو ڕق و دژایەتیکردنەی ئەزموون کردووە.

ئەوەی لە ماوەی ساڵیانی ساڵ لەم وڵاتە بەندکراوەدا ڕووی داوە، پلانێکی لەپێشداڕێژراو و بە شێوەیەکی تەواو ڕێکخراو بووە و لە سەر بنەمای تاقمێک تیۆریی ناسراو کە ئامانجی کۆتاییان لە نێوبردنی جوغرافیای کوردستانە دامەزراوە. سیاسەتەکانی ڕێژیم لەم بوارەدا دەتوانرێت لە چوارچێوەی "ئیکۆتێرۆریزم" و فۆرمە نامرۆڤانەترەکەی "زەویی سووتاو"دا پێناسە و باسی لێ بکرێت.

ئیکۆتێرۆریزم (Eco-terrorism) یان تێرۆری ژینگەیی ئەو کارانەن کە مرۆڤ بە دەستێوەردان و دەستکاریکردنی سروشت لەپێناو دەستەبەر قازانج و بەرژەوەندی دەیکات و دەبێتە هۆی تێکچوونی پەیکەری سروشتی ناوچەکە. دەستەواژەی تێرۆر بەو مانایە پێشنیار کراوە کە ئەم دیاردە ترسناکە بە تاوان دەزانرێت. ئەوەی لەم پێناسەیەدا ئاماژەی پێ کراوە زیاتر مەبەستی دەستێوەردانی خەڵکانێکە کە دەبنە هۆی لەنێوچوونی سروشت بۆ ئەوەی قازانجی زیاتر بەدەست بهێنن. کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوانی لەنێو دەستەڵات وەک ئەندامانی بەسیج و سپای پاسداران ساڵانێکی زۆرە لە تەماحی سەروەت و ساماندا سروشتی کوردستان تاڵان دەکەن و لەنێوی دەبەن.

چەمکێکی تری پەیوەست بە "ئیکۆتێرۆریزم" و لە ڕاستیدا فۆرمی ئاڵۆزتری ئەم دیاردەیە بریتییە لە سیاسەتی "زەویی سووتاو"، کە لە درێژەدا بەکورتی باسی لێ دەکرێت. سیاسەتی "زەویی سووتاو (Scorched earth policy)" ستراتیژییەکە بۆ لەنێوبردنی هەموو سەرچاوە و موڵک و ماڵی سروشتی، کشتوکاڵی، ژینگەیی، گواستنەوە و بەگشتی بێبەشکردنی خەڵکی وڵاتە داگیرکراوەکان لەو سامان و ئیمکاناتانەی لەبەردەستدایە. لەڕاستیدا داگیرکەران کە توانای گۆڕینی پەیکەری کۆمەڵایەتی یان داسەپاندنی هەژموونی کولتوورییان نییە، ئەمجارەیان لەبری دانیشتوانی جوغرافیای داگیرکراو، هێرش دەکەنە سەر خودی جوغرافیای ناوچەکە. "زەویی سووتاو" یانی لەنێوبردن و خاپوورکردنی هەموو سەروەت و سامانی سروشتی و شوێنەواری مێژوویی و... .

لە شەڕی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڤێتنامدا، سوپای ئەمریکا لە کاتی پاشەکشەکردندا هەموو سەرچاوە و ئیمکاناتەکانی ئەو ناوچانەی پاشەکشەیان لێیان دەکرد و بەجێی دەهێشتن، لەنێو دەبرد بۆ ئەوەی نەکەونەوە دەستی پارتیزانەکانی "ڤێت کۆنگ". لەنێوبردنی سامانی وڵاتانی داگیرکراوی ئورووپا لەلایەن سوپای نازی لە کاتی کشانەوەیان لەم وڵاتانە، سووتاندنی بیرە نەوتییەکانی کوێت لەلایەن عێراقەوە لە کاتی کشانەوەی سەدام لە کوێت و هتد بەشێکن لەو ستراتیژییە سەربازییە. هەرچەندە ئەم ستراتیژییە بەشێکە لە پلانی سەربازی و نیزامی و لە حاڵەتێکدا بەکار دێت کە هێرشی سەربازیی کرابێتە سەر وڵاتێک، بەڵام جیهان لەم ساڵانەی دواییدا فۆرمێکی دیکەی ئەم سیاسەتە دوژمنکارانەیەی بە خۆیەوە بینیوە. لە دوایین نموونەدا، بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان، سوپای میانمار بەئەنقەست ئاگری لە دارستان و کێڵگەکانی موسڵمانانی "ڕۆهینگیا" بەر داوە و بەم شێوەیە ناچاری کردوون ماڵ و حاڵ وزێدی خۆیان بەجێ بهێڵن. تاڵانکردن، دزین و لەنێوبردنی شوێنەوار و ئاسەوارە مێژووییەکان بەشێکی دیکەی سیناریۆی "زەوی سووتاو"ی داگیرکەران لە ناوچە داگیرکراوەکاندایە.

دوای شکستی سوپای فەڕانسە و داگیرکردنی پاریس، بە فەرمانی هیتلێر، دەبوو هەموو بەرهەمە هونەرییەکانی فەڕانسە لە مۆزەخانەی گشتی و تایبەت کۆ بکرێنەوە بۆ ئەوەی لە کاتی گونجاودا بۆ ئۆتریش و ئەڵمانی نازی بگوازرێنەوە. سێپتامبری ١٩٤٠ کاتێک کۆمەڵێک بریکار و سەربازی نازی بە مەبەستی تاڵانکردن چوونە نێو "لۆڤەر"، ڕووبەڕووی هۆڵ و پێشانگایەکی زۆر بەتاڵ بوون چونکە بەڕێوەبەرایەتیی مۆزەخانەی "لۆڤەر" لە دەستپێشخەرییەکی ژیرانەدا و ڕەنگە بەهۆی ئاگاداری لە شێوەی هەڵسوکەوتی داگیرکەران لەگەڵ دەستپێکردنی فەرمی شەڕ لە فەڕانسە، فەرمانی دابوو تا سەرجەم ئاسەوارە بەنرخەکانی لۆڤەر بۆ شوێنێکی سەلامەت بگوازرێنەوە. بەڵام بەداخەوە ئەمە تەواوی چیرۆکەکە نەبوو و زۆرێک لە بەرهەم و ئاسەوارە هونەری و مێژووییەکانی فەڕانسە لە ماوەی ساڵانی داگیرکاریی ئاڵمانی نازی لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتە دزران یان لە نێوچوون. ئەوەی لە درێژەی ئەم وتارەدا دێت بەڕوونی باس لەوە دەکات کە بەدرێژایی ساڵانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئەوەی لە ڕۆژهەڵات ڕووی داوە دیاردەی ڕوونی سیاسەتی "زەویی سووتاو" بووە و ئاشکرا و بەئانقەست و بە ئامانجی لە نێوبردنی سروشت و داهاتی کوردستان ئەنجام دراون:

– پێدانی مۆڵەت بۆ دەرهێنانی کانی بەرد و سەرچاوەی جۆراوجۆر، کە بەرهەمەکانیان بە گشتی بە شێوەی خام بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران هەنارده دەکرێت و جگە لە تێکدانی ژینگەی کوردستان هیچ دەستکەوتێکی بەدواوە نەبووە. جگە لەوەش چەندین جار تێبینی ئەوە کراوە کە شوێنی ئەم کانی بەرد و سەرچاوانە لە نزیک ئاسەوارە دێرینەکان و جێگە مێژووییەکان هەڵکەوتوون و بوونەتە هۆی لەنێوچوونی پەیکەرەی مێژوویی ئەو ناوچەیە. وەک دوایین حاڵەتەکان دەتوانین ئاماژە بکەین بە پێدانی مۆڵەتی دەرهێنانی کانی بەرد لە نزیک شاخ و شوێنی مێژوویی "باڵوقایە"ی سەقز یان هەڵکەندن و گەڕان لەلایەن کۆمپانیای نەوت و گازی ڕێژیم لە نزیک شوێنی مێژوویی "بانکۆڵ" لە ئیلام، کە هەردووکیان ڕووبەڕووی ڕەخنە و گازەندەی توندی دانیشتووان و گروپەکانی ژینگەپارێز بوونەوە.

– سووتاندن یان بڕینی بەئەنقەستی دارستانەکانی کوردستان بە ئامانجی لەنێوبردنی سروشتی ڕۆژهەڵات. جگە لە قاچاخچییەکانی دار، کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە هاوبەشیی ڕێژیم دارستانەکانی کوردستان تاڵان دەکەن، ساڵانێکی زۆرە شایەتی سووتاندنی بەئەنقەستی دارستانەکانی کوردستانین. لە یەکێک لە ئاگرکەوتنەوە هەرە ترسناکەکانی دارستانەکانی مەریوان، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری دارەکان سووتان، بەداخەوە ژمارەیەک خۆبەخشیش کە بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە لەو ناوچەیە بوون گیانیان لەدەست دا.

– دروستکردنی بێپلان و بێبنەمای بەنداو و گواستنەوەی سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان بە بیانووی دانی "بەشەئاو"، یەکێکی دیکەیە لە کردەوەکانی ڕێژیم لە دژی سروشتی کوردستان کە جگە لە خەسار و زیانی ماڵی و گیانی بووەتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگیی سروشت لە درێژخایەندا، ئەم لە کاتێکدایە کە هەموو ئەزموون و زانیارییە زانستییەکان پێشان دەدەن ئەم جۆرە دەستێوەردانانە ناتوانن بە هیچ شێوەیەک کێشەکە چارەسەر بکەن. نوێترین نموونە، پڕۆژەی گواستنەوەی ئاوی ڕووباری "زێ_زاب" بۆ گۆلی ورمێیە، کە دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئیکۆسیستەمی دەشتی زاب، ئەمەش لە کاتێکدایە بە وتەی هەموو شارەزایان، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر بوژانەوەی گۆلی ورمێ نییە.

– داگیرکردنی لەوەڕگە و شاخەکان و دابەشکردنی لە نێوان بەکرێگیراوانی ڕێژیم یەکێکی دیکە لە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییە، کە بووەتە هۆی لەنێوچوونی لەوەڕگە و سامانە سروشتییەکان و دیمەنە جوانەکانی کوردستان و تێکچوونی هاوسەنگیی سروشت. ئەم سیاسەتە ل ژێر چاودێری ڕاستەوخۆی سوپای پاسداران و بە قازانجی بەکرێگیراوانی ڕژیم ئەنجام دەدرێت.

– هەڵکەندن و دەرهێنانی نایاسایی بەشێکی دیکەی پلانی تاڵانکردن و دزینی سامانە سروشتییەکانی ڕۆژهەڵاتە. ئەم سیاسەتە ساڵانێکە بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە سەرتاسەری کوردستان بەڕێوە دەچێت و تا ئێستا بەشێکی زۆری بەرهەم و کەرەستەی مێژووییەکانی ڕۆژهەڵات لەلایەن ڕێژیم و بەکرێگیراوەکانییەوە دزراوە. جگە لە بایەخی ماڵی ئەو کەلوپەل و بەرهەمانە، ئەمانە بەدڵنیاییەوە بەشێکن لە مێژووی کوردستان و نەبوونیان خەسارێکی قەرەبوونەکراوەیە.

ئەوەی لەم وتارەدا بە کورتی باس لێ کرا، سیاسەتی دوژمنکارانەی فرەچینەی داگیرکەران لەدژی جوغرافیای کوردستانە. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی بێتوانا لە کاریگەریدانان لەسەر خەڵکی کورد و بە مەبەستی تۆڵەکردنەوە خەریکی لەنێوبردن و تاڵانکردنی سروشت و سامان و داهاتی کوردستانە. ئەم پرسە لەم ڕوانگەوە زۆر گرنگ دەبێت کە بەداخەوە ئەم سەرچاوانە دووبارەبوونەوەیان نییە و نوێ نابنەوە. ڕەنگە داگیرکەران لە هەموو کەس باشتر بزانن کە درەنگ یان زوو ناچار دەبن ئەم خاکە بەجێ بهێڵن، هەر بۆیەش بەڕوونی هاتوونەتە شەڕی کوردستان و بە گرتنەبەری سیاسەتی "زەویی سووتاو" تێ دەکۆشن دوای ڕۆیشتنیان جگە لە وێرانەیەک هیچ شتێک بۆ گەلی کورد نەمێنێت.

بەرەنگاربوونەوەی ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەیە پێویستی بە وشیاریی جەماوەری هەیە و بێدەنگیی لە بەرانبەر سیاسەتی "تێرۆری ژینگەیی" و "زەویی سووتاو" ڕەهەندەکانی ئەم کارەساتە قووڵتر دەکاتەوە. نابێ ئەوە لەبیر بکرێت کە ئەم شەڕە تەنیا دژی خاک و ئاوی کوردستان نییە، بەڵکوو دژی ناسنامە و پێناسەی کورد و ڕۆژهەڵاتە.

# ئەزموونێک لە نێوان باکوور و باشووردا



ئاگری ئیسماعیلنژاد

ڕۆژی ١٤ی مەی ٢٠٢٣ هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری و پارلەمانیی تورکیر بەڕێوە چوو. لە ئاستی پارلەماندا بەرەی ئاکپارتی بە هاوپەیمانی لەگەڵ مەهەپە توانییان ٣٢٢ کورسی لە ٦٠٠ کورسی بێنێتەوە و لە ئاستی سەرۆککۆماریشدا ئەوەی کە دیاریی دەکات کێ دەبێتە سەرۆککۆماری ٥ ساڵی داهاتووی تورکیە، "سینان ئۆغان" کاندیدای بەرەی "ئات"ە. گرینگترین خاڵی ئەو هەڵبژاردنە بۆ ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات هەڵوێستی "مەهەپە"(حیزبی ناسیۆنالیست و ڕاستی توندڕەوی تورکیە) و "سینان ئۆغان"ە، کە هەر دووک لایەن مەرجی سەرەکییان بۆ هاوپەیمانیەتیی لەگەڵ ئەردۆغان دژایەتیی کوردە!

زۆر جار چالاکانی سیاسی و کەسایەتییەکانی کورد باسی ئەوە دێننە گۆڕێ کە گوایە ئێمە (کورد) لەگەڵ دەوڵەتانی ئێران ، تورکیە، سووریە و عێراق کێشەمان هەیە و ئەو کێشەیە و هەموو تاوانی دژی کورد ئەو دەوڵەتانە کردوویانە و نەتەوەی فارس، تورک و عەرەب وەکوو خەڵکی نێو ئەو دەوڵەتانە، هیچ تاوانێکیان نییە. ڕاستییەکی تاڵە، بەڵام بناغەی ئەو وڵاتانە لەسەر دژایەتیی کورد دامەزراوە و ئەو دژایەتییە بە قازانجی نەتەوەی خاوەن دەوڵەتە لە هەموو ڕوویەکەوە؛ هەتا ئێستا لەگەڵ ئەوەی کە ١٠٠ ساڵ لەو باسە تێ دەپەڕێ، بەڵام دۆخەکە نەگۆڕدراوە و هەر چەشنە دژایەتییەکی بەرانبەر نەتەوەی کورد لەلایان داگیرکەرانەوە بە قازانجی نەتەوەی خاوەن دەوڵەت دەشکێتەوە و تاکی ئەو نەتەوەیەش چ وەک کۆمەڵگە و چ وەک تاک بەتەواوی هەستی بەو قازانجە کردووە؛ تەنانەت داکۆکیشی لێ دەکات.

ئەگەر بمانەوێ ڕوونتر ئەو بابەتە تاوتوێ بکەین، دژایەتیکردنی کورد تەنیا لەلایەن دەوڵەتەکانی داگیرکەر و بە هۆکاری دیکتاتۆربوونی دەوڵەتەکانەوە نییە، بەڵکوو لەلایان کۆمەڵگەی نەتەوە داگیرکەرەکانی کوردستانیشەوە، ئێمە وەکوو کورد دژایەتی دەکرێن، واتە ئاکار، سەرکوت ، پیلان و کوشتوبڕی کورد بەدەستی دەوڵەتی فارس، تورک و عەرەب لانیکەمی دڵخوازی بەشێک لە ئەو کۆمەڵگایانەیە، و لە چاوی ئەو بەشە لە کۆمەڵگەی ئەوان سەرکوتی کورد ڕەوایە و پێویستە! ئەگەر بەو ڕوانگەیەوە سەیری ئێران بکەن، دەکرێت بڵێین لە دە ساڵی ڕابردوودا کە خەباتی نەتەوە نافارسەکان لە ئاستی ئێراندا هێزی گرتووە، هەر چەشنە هاوپەیمانییەک کە لە ئێراندا ساز بووە، چ لە ئاستی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی و چ لە ئاستی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانین بەسەر دووبەشدا دابەشی بکەین:

یەکەم: ئەو هاوپەیمانییانەی خوازیاری لادانی هەڵاواردنی نەتەوەیی لە ئێرانن.

دووهەم: ئەو هاوپەیمانییانەی بۆ پاراستنی فارس سەروەری دامەزراون.

ئەگەر ڕوونتر لەسەر ئەو بابەتە بدوێم، دەبێت بڵێم کە لایەنە سیاسییەکانی ئێران کە نوێنەرایەتیی بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی فارس و باقی نەتەوەکانیتر دەکەن؛ لەسەر بنەمایی دژایەتیکردنی مافی نەتەوەکان یان پاراستنی مافی نەتەوەکان لە ئاستی نێوخۆی کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیۆندا هاوپەیمانییان بەستووە. بەڵگە بۆ ئەو قسەیە ئەوەیە کە زۆربەی جاران لە چالاکانی سیاسی- ئێرانی دەبیستین کە دەڵێن: "مەترسیی (تجزیەطلبی) لە گۆڕییە، کەوایە دەبێت پشتی کۆماری ئیسلامی بگیرێت".

لە نێو بەرەی بەڕواڵەت ئۆپۆزیسیۆنیشدا هەمان باس هەیە و تەنانەت هێندێ لایەنەی وەکوو مەنشووری مەهسا، شوڕای مودیرییەتی گوزار و شوڕای تەسمیم کە نەرماژۆترن لە چاو لایەنەکانیتر، هۆکاری نەرماژۆکەیان ئەوەیە بەو ڕێگایەوە بەجۆرێک خوازیاری ئەوەن ئارستەی مافی نەتەوەکان لەژێر کۆنترۆڵی خۆیان نێن، واتە نەرماژۆبوونەکەیان لەبەر ترس لە نەمانی هێژمۆنیی فارسە، نەک لەبەر باوەر بە پێکەوەژیان و مافی مرۆڤ!

ئێستا باکووری کوردستان مەترسیی ئەوەی لەسەرە کە لە چوارچێوەی دێمۆکراسیدا سەرکوت بکرێت، هاوکات باشووری کوردستانیش بەردەوام هەڕەشەی جۆراوجۆری لەلایەن دەوڵەتی بەغداوە لەسەر با لەو بەشەدا پەیوەندی نێوان بەغدا و هەولێر تاوتوێ بکەین!

لە پاش چوونە دەرێ ئامریکا لە عێراق لە ٣١ی دێسامبری ٢٠١١دا، دەوڵەتی بەغدا سەرەڕایی ئەوەیە دەیان قەیرانی سیاسی و ئابووریی بۆ حکوومەتی هەرێم ناوەتەوە! و بە بیانووی جیاواز لە هەوڵی لاوازکردن و تێدابردنی ئەو حکوومەتەدایە، لانیکەمی دوو جاریش ویستوویەتی کە بە هێزی چەکدار کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بکات، جاری یەکەم لە ژانویەی ٢٠١٢ بوو کە مالکی دەیەویست سپای دیجلە لە ناوچەی کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم جێگیر بکات و جاری دووهەم هێرشی ٢٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧ لە پردێ نموونەیەکی باشن بۆ باسەکەی ئێمە. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەوەی هەتا ئێستا حکوومەتی هەرێمی هێشتۆتەوە، دێمۆکراسی، پێکەوە ژیان پێشگیری نێودەوڵەتی و تەنانەت ئابووریش نییە، بەڵکوو هێزی پێشمەرگەیە و ئەگەر هێزی پێشمەرگە نەبایە دەوڵەتی بەغدا لە باتی سازکردنی قەیرانی ئابووری و سیاسی بۆ هەرێم بە هێزی نیزامی سەرکوتی کوردی دەکرد، وەکوو دەیان نموونەی کە لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا کردوویەتی.

پوختەی مەبەست ئەوەیە تەنیا ڕێگا بۆ ئەوەی مافی کورد لە پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەستەبەر بکرێت، ئەوەیە حکوومەتێکی کوردیی لانیکەم هاوشێوەی حکوومەتی هەرێم دابمەزرێ؛ واتە حکوومەتێک کە خاوەنی هێزی نیزامی بێت. بۆیەش هەر ڕێچارەیەک کە لە ئێستادا دان بە دامەزرانی حکوومەتێکی کوردستانی لە ڕۆژهەڵاتدا نەنێ، تەنیا چارەنووسی کوردی تووشی قەیران کردووە و دەرگای فاشیزمی فارس بە کراوەیی هێشتۆتەوە.

وەکوو دەبینین ئەو ٥٪ دەنگی سینان ئۆغان و ١٠٪ دەنگی مەهەپە وای کردووە کە کورد لە باکووری کوردستان لە چوارچێوەی دێمۆکراسییدا سەرکوت بکرێت! هیچ دوور نییە، هەمان ئەزموون لە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامییش سەر هەڵبدات و دوو نەتەوەی فارس و تورک کە پێکەوە زۆرینەی ئێران پێک دێنن، بۆ دژایەتی کورد بە شێوەی دێمۆکراتیک هاوپەیمانی ببەستن؛ ئەزمونی ئەوەشمان هەیە کە لە ساڵی ٥٧دا، پانتورکیسم و خومینیسم پێکەوە هاوپەیمانەتییان بۆ سەرکوتی کوردستان بەست.

لە کۆتاییدا: ساڵانی ٩٣ و ٩٦دا دووجار دەستەی وەزیرانی ئێران لایحەیەکی پێشکەشی مەجلیس ڕێژیم کرد کە دوو شاری بانە و مەریوان بکرێتە ناوچەی ئازادی ئابووری. لە هەر دوو جارەکەدا نزیک بە ١٠٠٪ نوێنەرانی تورک زمانی مەجلیسی ئێران دەنگی نایان دا بەو لایحەیەدا و بەو شێوەیە لایحەکەیان ڕەت کردەوە. کە وایە ڕێگای دڵنیایی بۆ دەستبەرکردن و سەقامگیربوونی مافی نەتەوەی کورد، تەنیا دێمۆکراسی لە ئاستی ئێراندا نییە، بەڵکوو دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردستانیی هاوشێوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە! واتە دەوڵەتێک کە هێزی چەکداری هەبێت.

# کاریگەریی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لەسەر پرسی کورد

## (ڕێککەوتننامەکان: زەهاو و ئەرزەرووممی ١ و ٢)



مستەفا مەولوودی

هەروەک لە بەشەکانیی پێشوودا تیشکی خرایە سەر، بابەتەکەی ئێمە لەسەر شوێنەواری ئەو ڕێککەوتن و پەیماننامەنەیە کە لەو ماوە دوور و درێژەدا کاریگەرییان لەسەر کوردستان و کورد داناوە، بۆیە لەم بەشەدا دەچینە سەر باسی پەیماننامەکان.





### ڕێککەوتننامەی زەهاو

ساڵی ١٥٠١ی زایینی شائیسماعیلی سەفەویی یەکەم لە تەورێز چووە سەر تەخت. سەفەوییەکان بەهۆی ڕکەبەرایەتیی ئایینی لەگەڵ سوڵتانە عوسمانییەکان بە قزڵباش (سەرسوورەکان) ناوزەد کراون، چونکە مێزەرەکانیان بە دوازدە قەیتان دەڕازاندەوە وەک ئاماژەیەک بۆ دوازدە ئیمامی شیعە و دواتر دەسەڵاتەکەیان بە ئیمپراتۆریی سەفەویی قزڵباش ناو دەبرا.

شائیسماعیل دوای ئەوەی دەسەڵاتی جێگیر بووە، هێرشی کردۆتە سەر خۆرئاوای ئیمپراتورییەکەی، واتە عێراق و بەشێکی تورکیەی ئێستا و ناوچەیەکی زۆری لە بەغداوە تا مەرعەش، دیاربەکر، قەڵای کێف، سیرت، حەزۆ، ئاتاق، میافارقین، باڵۆ و ئەگیل و چەند ناوچە و شاری دیکەی داگیر کرد.

بە هاتنی سوڵتان سەلیمی یەکەم (١٥٢٠-١٥١٢)ی زایینی بۆ سەر تەختی عوسمانی گۆڕانێکی ڕیشەیی لە گۆڕەپانەکەدا ڕووی دا و وەرەق هەڵگەڕاوە. سوڵتان سەلیم دەستی کردووە بە هێرش بۆ سەر ڕۆژهەڵات. لە ٢٣ی ئاگۆستی ساڵی ١٥١٤ی زایینی شەڕ لە نێوان لەشکری عوسمانییەکان و لەشکری سەفەوییەکان لە دۆڵی چاڵدێران لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ورمێ ڕوو دا و لە ئەنجامدا قزڵباشەکان تێک شکان. شائیسماعیل بە برینداری ڕای کرد و تەورێزی پایتەخت کەوتە دەست عوسمانییەکان.

شەڕی نێوان ئەو دوو ئیمپراتورییە بەردەوام بوو. سوڵتان مراد، چوارەمین سوڵتانی عوسمانی لە ساڵی ١٦٣٨ لە ڕێگای موسڵەوە هێرشی کردەوە سەر بەغدا و پاش شەڕێکی چل ڕۆژە و کوشتارێکی زۆر، لەشکری شای سەفەویی شکاند و بەغدا داگیر کرد. دواتر شای سەفەوی باڵوێزێک بە ناوی محەممەد قوڵیسوڵتانی ناردە بەغدا و پێشنیاری سوڵح و ئاشتیی کرد. لە ڕیکەوتی ١٦٣٩/١/٧ دا پەیماننامەی ئاشتیی زەهاو (قەسری شیرین) لەلایەن نوێنەری ئەو دوو وڵاتە واتە سارو تەقی ئیعتمادولدەولە، نوێنەری سەفەوی و مستەفا پاشا نوێنەری عوسمانی ئیمزا دەکرێ. بەپێی ئەو پەیماننامەیە بەغدا و بەسرە و بەشێک لە کوردستان درا بە عوسمانی و لە بەرانبەردا ڕۆژهەڵاتی ئازەربایجان و ڕەواندز و ئەرمەنستان و گورجستان دران بە ئێران. بەو جۆرە شەڕی چاڵدێران بووەتە خاڵ و نیشانەیەکی مەترسیدار لە مێژووی کورددا و بۆ یەکەم جار خاک و نیشتمانی کورد لە نێوان دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەویدا دابەش کرا.

لە نێوان ساڵەکانی ١٥١٤ کە شەڕی چاڵدێران تێیدا ڕووی داوە هەتا ساڵی ١٦٣٩ کە ڕێککەوتننامەی زەهاوی تێیدا مۆر کراوە. یانی لەو ١٢٥ ساڵەدا چەندین شەڕ لە خاکی کوردستان لە نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکاندا ڕووی داوە کە کوردەکان ڕۆڵ و دەوری زۆر کاریگەرییان لە سەرکەوتن و شکستی شەڕەکاندا هەبووە. چەندین ڕێککەوتنی کاتییش لە نێوانیاندا هاتۆتە ئاراوە، وەک ڕێککەوتنی سوڵتان سەلیمی عوسمانی لەگەڵ میرەکانی کورد، بەڵێننامەی ئێرانی- تورکی لە ساڵی ١٥٥٥ی زایینی کە ناسراوە بە پەیماننامەی "ئاماسیا"، ڕێککەوتنی شاعەبباس (١٦٢٩-١٥٨١)ی کە بە ناوی ڕێککەوتننامەی ئاشتی لە ساڵی ١٥٩٠ی زایینی مۆر کراوە و ناسراوە بە پەیماننامەی فەرهادشا. سەرئەنجام پاش ١٢٥ ساڵ شەڕ و هێرش و پەلامار و ئاشتی و بەڵێننامە، لە ساڵی ١٦٣٩ی زایینی ڕێککەوتننامەی زەهاو هاتۆتە ئاراوە، کە شوێنەواری زۆر نێگەتیڤی لەسەر چارەنووسی خەڵکی کوردستان داناوە. بەو شێوەیە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بارودۆخی ئاشتی دەستی کێشا بەسەر پەیوەندیی نێوان دوو دەوڵەتی گەورە هەتا بیستەکانی سەدەی هەژدەیەم.

پاش هاتنە سەرتەختی "نادرشای ئەفشار" و شکانی عوسمانییەکان، بەپێی پەیماننامەیەک عوسمانییەکان لە ساڵی ١٧٣٢ی زایینیدا سەرجەم ناوچەکانی ڕۆژئاوای مەماڵکی مەحرووسەی ئێرانیان لەدەست داوەتەوە. پاش نیزیک حەوت ساڵ شەڕ و ملمالنێ لەنێوان لەشکری نادرشای ئەفشار و عوسمانییەکان، سەرئەنجام لە پەیماننامەی قووستەنتەنییە (ئیستانبووڵ) لە ١٧٣٩/١٠/١٧ دانیان بە سنووری دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و ئێراندا ناوە. بەپێی ڕێککەوتننامەی "زەهاو"ی ساڵی ١٦٣٩ی زایینی و پاش پەیماننامەی ١٧٣٢ جارێکی دیکە شەڕ و ملمالنێ لە نێوان ئەو دوو وڵاتە هاتۆتە ئاراوە، هەر بۆیە لە ساڵی ١٧٤٦ی زایینی ڕێککەوتننامەیەکی دیکەیان بە یەکەوە مۆر کردووە و بۆ جارێکی دیکە سنووری دیاریکراوی پێشوویان بە فەرمی ناسیوە. ئەو سنوورە بۆ جارێکی دیکەش لە ڕێککەوتننامەی "ئەرزەرووممی‌یەکەم" لە ساڵی ١٨٢٣ و "ئەرزەرووممی دووهەم" لە ساڵی ١٨٤٧ بەفەرمی دانیان پێدا ناونەوە. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە نێوەڕاستی خاکی کوردستان بە درێژایی زیاتر لە هەزار کیلۆمیتر بۆتە سنووری ڕەسمیی نێوان ئێران و عوسمانی و دابەشکردنی کوردستان بە ڕەسمی چەسپاوە.

هەموو ئەو ڕێککەوتننامە و پەیماننامانە لە بەڵێننامەی "زەهاو"ەوە هەتا ڕێککەوتنی "ئەرزەرووممی دوو" کاریگەریی گەورەیان لە پێوەندی و تێکەڵاویی ئەو دوو ئیمپراتوورییەدا هەبووە. ئەو پەیماننامانە شوێنەواری زۆر نێگەتیڤیان لەسەر کوردستان داناوە کە ئاماژە بە چەند خاڵیکیان دەکەین:

### کاریگەریی نێگەتیڤی ڕێکەوتننامەکان

ا: ئەو بەڵێننامانە لە ئەنجامی ئەو شەڕانەدا بوون کە بە زۆری لەسەر خاکی کوردستان لە نێوان ئەو ئیمپراتۆرەدا ڕوویان داوە.

ب: لەو ناکۆکییانەدا کوردیان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە شەڕەکانەوە گلاندووە. شەڕکەری کورد شەڕی بۆ هەر دوو لایەن بەدژی یەکتر کردوە و بەوەش کێشە و پرسی کورد زۆر ئاڵۆز و پێچەڵاوپێچ بووە. تەنانەت لە زۆر شەڕیشدا شەڕکەری کورد بۆ بەرژەوەندیی فەرمانڕەواکانی عوسمانی و ئێرانی، لەگەڵ یەکتر و خۆبەخۆ بەشەڕ هاتوون.

پ: ئەو شەڕانە کە بە زۆری لەسەر خاکی کوردستاندا ڕوویان داوە، بوونەتە هۆی وێرانی و خەسارێکی زۆری گیانی و ماڵیی قەرەبوونەکراو کە لە کوردستان و خەڵکی کوردستان کەوتووە. ئەو ڕێککەوتنانە لەسەر پێوەندیی ئەو دوو وڵاتە کاریگەریی خۆیان بووە و بۆ نیزیک بە سەد ساڵ تا کۆتایی سەردەمی سەفەوییە ئارامییەک لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەبووە.

ت: ئەوەی لێرەدا مەبەستە ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە کە لە دوای شەڕی چاڵدێران لە ساڵی ١٥١٤ وە بە کێشانی سنوور لە نێوان ئەو دوو ئیمپراتووریەدا خاکی کوردستان بۆ یەکەم جار لە پەیماننامەی زەهاو لە ساڵی ١٦٣٩ دا بەڕسمی لەت کراوە و سنووری دوو وڵات دیاری کراوە کە لە هەموو ئاست و بوارەکاندا وەک پێوەندی نەتەوەیی، چارەنووسی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، کولتووری و تەنانەت کار و کەسایەتی و خزمایەتییەوە، شوێنەوار و کاریگەریی زۆر نێگەتیڤی لەسەر چارەنووسی خەڵکی کوردستان هەبووە.

ئەگەر بە وردی شیکاری بۆ ئەو بابەتە بکەین، دەتوانین بڵێین نادیاریی چارەنووسی خەڵکی کوردستان لە کێشانی ئەو سنوورەوە سەرچاوە دەگرێ کە کوردی بەو ڕۆژە گەیاندووە. لەو کاتەوە تا ئێستا زۆر دەرفەت بۆ کورد ڕەخساوە هەتا چارەنووسی سیاسیی خۆی ڕۆشن بکاتەوە، بەڵام ئەو سنوورە یەکێک لەو هۆکارانە بووە کە دەرفەتی لە کورد بڕیوە. من باوەڕم وایە ئەگەر دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، کوردستان هەمووی بۆ نموونە بەسەر ئیمپراتووری عوسمانییەوە بایە دەوڵەتی کوردی دروست دەبوو و لە ئێستادا مێژووی ئەو دەوڵەتە زیاتر لە سەد ساڵ بوو. بەپێی هەلومەرجی جوغرافیایی، سازگاریی ئاو و هەوای ناوچەکە، کانگەی ژێرزەویی زۆر و توانایی خەڵکی مرۆیی کوردستان لە ناوچەکەدا، یەکێک لە وڵاتە دەوڵەمەند و کاریگەرەکان دەبوو؛ بەڵام چارەنووسی خەڵکی کوردستان وا ئاڵۆز کراوە کە بە زەبر و زۆر ئیرادە لە خەڵکی کوردستان زەوت کراوە. لێرەدا سیناریۆیەکی سەیر و دەگمەن دێتە ئاراوە، لەشکری عوسمانی هێرش دەکا بۆ بەغدا و وڵات و شارێکی عەرەبی داگیر دەکات. لەشکری فارسی ئێرانی تێکدەشکێندرێ و وتووێژ بۆ سوڵح و ئاشتی لەسەر خاکی کوردستان (قەسری شیرین) پەیماننامەی زەهاوی لێ دەکەوێتەوە و بێ لەبەرچاوگرتنی ئیرادە و خواستی خەڵکەکەی، کوردستان لە نێوان دوو ئیمپراتووریدا دابەش دەکرێ.

### پەیماننامەی ئەرزەرووممی(١)

پەیماننامەی ئەرزەرووممی١ (١٨٢٣ی زایینی)پێداگریی کردۆتەوە لەسەر بەڵێننامەی (زەهاو) و جارێکی دیکەش سنووری ئەو دوو ئیمپراتوورییەی بەڕەسمی ناسیوە. لێرەدا ئاماژە بەو بەشانە لە پەیماننامەکە دەکەم کە ئەوە پێوەندی بە پرسی کوردستان و کوردەوە هەیە:

لە یەکەم فەسڵی ئەو پەیماننامەیەدا باس لە کوردستان و عەشایری کوردستان دەکات و دەڵێ هیچ لایەک لەو دەوڵەتانە نابێ دەست لە کاروباری یەکتر وەربدەن. لەوە بەدوا ئەو کوردستانەی کە کەوتۆتە لای بەغدا یان ئەوانەی لەسەر سنوورن و شارەکانی ناوچەکانی کوردستان نابێ لە لایەن ئێرانەوە دەستێوەردان لە کاروباری ئەو ناوچانەدا بکرێ و هێرش بکرێتە سەر ئەو ناوچانە. پێویستە کێشەکان لەنێوان شازادە عەباس میرزا وەلیعەهدی ئێران و والی بەغدا بە وتوویژ چارەسەر بکرێن.

لێرەش دەردەکەوێ پاش ماوەیەکی زۆر لە پەیماننامەی زەهاو کێشەی سەر سنوور لە کوردستان چارە نەکراوە، لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە کێشەکە بە شێوەیەکی تەندروست چارە نەکراوە یان باشترە بڵێین بە دیاریکردنی سنوور و لەتکردنی کوردستان لە نێوان ئێران و عوسمانی کێشەیەکی قووڵتر هاتۆتە ئاراوە کە تا ئێستاش چارەسەری گونجاو و ڕیشەیی بۆ نەدۆزراوەتەوە، هەر بۆیە هەر جارە بە شێوەیەک کێشەکان سەر هەڵدەدەنەوە. کێشەیەک کاتێک بەتەواوی چارەسەر دەبێ کە لەسەر پایە و ئەساسی دروست بێ و ئیرادە و مەیل و خواستی خەڵکی دەڤەرەکە لەبەر چاو بگیردرێ. بەڵام لێرەدا هەموو شتێک پێچەوانەیە و لە بەرژەوەندیی دوو ئیمپراتوور و دەسەڵاتداری زاڵم مافی نەتەوەیەکی ڕەسەن و خاوەن مێژوو پێشێل کراوە.

لە پەیماننامەی ئەرزەرووممدا پرسی کورد ئەوەندە بۆ ئەو فەرمانڕەوایانە گرینگە کە کەوتونەتە نێو وردەکاری زۆر و بابەتی زۆر بچووک بۆ نموونە وەک چارەسەرکردنی هاتوچۆی گەرمێن و کوێستانی ڕەوەندەکان، لەوەڕگەی مەڕ و ماڵات یان کێشەی عەشیرەیەک وەک عەشیرەتی (حیدر انلووسیبکی) کە سەر بە کام وڵات دەبێ. چۆن هاتوچۆکانی سنووردار بکرێن و لەو نێوەدا بە چ شێوەیەک باجی لێ وەربگیرێ.

### پەیماننامەی ئەرزەرووممی(٢) ساڵی ١٨٤٧

لە پەیماننامەی ئەرزەرووممی(٢)دا پێداگری لەسەر پەیماننامەی ئەرزەرووممی(١) لە ساڵی ١٨٢٣ی دەکرێتەوە. لەو پەیماننامەیەدا لە فەسڵی دوودا باس لە پێدانی هێندێک زەوی و زار بە یەکتر دەکەن کە لە وردکردنەوەی ڕێککەوتنەکەدا بە ڕوونی دەڵێن دەوڵەتی ئێران هێندێک لە نوقتە و عەرزی پێوەندیدار بە ناوچەی "سلێمانی" و ناوچەی "مەحمرە" دەدات بە عوسمانی، یانی ئێران بەڵێن دەدا هیچ مافی بەسەر شار و ناوچەی سلێمانی‌یەوە نییە و ئەوانە دەکەونە ژێر دەسەڵات و خاوەندارێتی عوسمانی. لە بەرانبەردا دەوڵەتی عوسمانی لای ڕۆژهەڵاتی زەهاو یانی هەموو شاخەکانی لەگەڵ "کرێند" دەدا بە ئێران. یانی دیسان سات و سەودا بە کوردستان و خاکی کوردستان دەکرێ. سروشتییە لەگەڵ ئەرز و وڵاتەکە خەڵکەکەش هەر سەر بەو دەوڵەتانە دەبن. ئەوە چارەنووسی خەڵکی کوردستان بووە لە دەست دەوڵەتانی فەرمانڕەوای زاڵم و داگیرکەری کوردستاندا.

لێرەدا بۆ چەندەمین جار پرسیارێک دیسان سەر هەڵدەداتەوە، ئایا ڕیککەوتن و پەیماننامەیەک مافی گەلێک پێشێل بکات، دەوڵەتان بۆ بێ مافی گەلێک بەرتیل بدەن بە یەکتر بێ ئەوەی حیساب بۆ حقوق و ماف و ئیرادەی گەلێک بکەن ئەگەر لە نێوان چەند دەوڵەتیشدا بێ یاسایی و ڕەوایە؟

## "جەنابی من کە دەرکەوتم دەبێ تەشریفی تۆ بڕوا"



مەنسوور مرووەتی

حەوتووی ڕابردوو و لە کاتی ڕێوڕەسمی کرانەوەی یادگەی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی لە ناوچەی بارزان کە تێیدا کۆمەڵێکی زۆر لە بەرپرس و باڵوێزی وڵاتان و کەسایەتییە دیارەکانی کورد و غەیرە کورد بەشدار بوون، هەیئەتی کۆماری ئیسلامیی لەگەک دیتنی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێوڕەسمەکەیان بەجێ هێشت و شوێنەکەیان چۆڵ کرد. ئەوە کۆتایی باسەکە نەبوو. چەند ڕۆژ دواتر وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئاشکرای کرد کە لە سۆنگەی بانگهێشتکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕێوڕەسمێکی ڕەسمیی هەرێمی کوردستان، باڵوێزی عێراق لە تارانیان بانگ کردووە و ناڕەزایەتیی توندی کۆماری ئیسلامییان پێ ڕاگەیاندووە.

ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەی هەیئەتی کۆماری ئیسلامی گەرچی ڕەنگە لە ڕواڵەتدا و لەنێو ئەو ڕێوڕەسمە گەورەیەدا کەس حیسابێکی ئەوتۆی بۆ نەکات، بەڵام لە پشت ئەو ڕەفتارە ناسیاسییەی هەیئەتی ئێرانەوە دەکرێ لە چەندین لایەنەوە خوێندنەوە بۆ ئەو هەڵوێستە بکرێ، کە لە هەموویان گرینگتر، تووڕەیی و ڕقی کۆماری ئیسلامی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبیندرێ کە ئەوەش ئاکامی شکستی ڕێژیمی ئێران لە بەرانبەر گوتار و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتە.

بێگومان لە ڕووداو و ڕێوڕەسمە جۆراوجۆرە جیهانی و ناوچەییەکاندا زۆر جار دیتراوە کە لایەنی ئۆپۆزیسیونی دەوڵەتێک بە نیشانەی ناڕەزایەتی بە حوزوور یان وتاری بەرپرسانی ئەو دەوڵەتە، ڕێوڕەسمەکە یان شوێنەکەیان بەجێ هێشتووە، بەڵام زۆر کەم دیتراوە یان هەر نەدیتراوە کە نوێنەرانی دەوڵەتێک لە داخی حوزووری لایەنێکی دژبەری خۆیان شوێنەکە بەجێ بهێڵن، یان باشترە بڵێین کە لە شوێنەکە ڕایان کردبێت. ئەم ڕەفتارەی کۆماری ئیسلامی لە شوێنێکی وەهادا و لە بەرانبەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا کە جگە لە ڕقی شکست لە بەرانبەر بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات خوێندنەوەیەکی دیکە هەڵناگرێ، ڕیشەکەی لە ملمالنێ و دژایەتییەکی توندی چل و چەند ساڵەی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر ئەم حیزبەدایە، کە هەرچی لێی دەڕوانی جگە لە شکست هیچ دەسکەتێکی دیکەی بۆ ڕژیم نەبووە.

بۆ چل و چوار ساڵە دەچێ کە ئەم ڕێژیمە چی هێزی خۆیەتی لە هێرشی نیزامییەوە بگرە، بە لێدان و تیرۆر و لە سێدارەدان و بۆمباران و مووشەکباران و درۆنەوە بگرە، تا دەگاتە سیاسەتی تواندنەوە و ئینکار لە ڕواڵەت و فشار لە بنەوە، و دەیان پیلان و بەرنامەی جۆراوجۆر، هیچ کات نەیتوانیوە چۆک بە حیزبی دێموکرات وەک ڕێبەری جووڵانەوەی سیاسی-نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابدا و لە خەڵکی خۆیانی داببڕێ و کاریگەرییان بە سەر کۆمەڵگەی کوردستاندا کەم بکاتەوە.


ڕاستە کە کۆماری ئیسلامی لەم ساڵە دوور و درێژانەی تەمەنیدا بە هێزی چەک و سەرکوتی لە ڕاددەبەدەر تێچوویەکی قورسی بە سەر خەڵکی کورددا سەپاندووە و بە هەزاران بنەماڵەی کوردی جەرگسووتاوو و تازیەبار کردووە، بەڵام ئاکامەکەی بۆ ڕێژیم هەمیشە پێچەوانە بووە، چونکە بەو سیاسەتە هیچ کە نەیتوانیوە حیزبی دێموکرات لە بەین ببات، نەشیتوانیوە خەڵکی کوردستان و هێزە شۆڕشگێڕەکانی لە خەبات و تێکۆشان سارد بکاتەوە؛ بە پێچەوانەوە ناسیۆنالیزمی کورد بەردەوام ڕوو لە گەشە بووە و نەوە لە دوای نەوە ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بە ژن و پیاو و بە کچ و کوڕەوە لە ئەرکی خۆیاندا چییان لە تواناادا بووە کەمتەرخەمییان نەکردووە.

نموونەکانی هەموو ئەمانەی کە باس کرا لە شۆڕشی ژینادا بەڕوونی و ڕوونتر لە هەمیشە بە دیار کەوت. ڕژیم هەموو ریسەکانی لە بەرانبەر حیزبی دێموکراتدا لێ بووەوە بە خوری. شۆڕشی ژینا بە ئاماژەیەکی حیزبی دێموکرات و ناوەندی هاوکاری و لایەنەکانی دیکە هەڵگیرسا و بەجارێ تەخت و بەختی دیکتاتۆریی ئیسلامی ئێرانی خستە لەرزە.

ڕێژیم سەرەڕای هەموو توندوتیژییەکی کە دژ بە خەڵکی کوردستان نواندی و دەینوێنێ، کە پێویست بە دووپات بوونەوە ناکا، وای لێ هات کە ئەو جار ئەوە هێزە سەرکوتکەرەکان و بەکرێگیراوانی ڕێژیم بوون کە هێندە هیچیان بۆ نەمابوویەوە پاش ئەو هەموو ساڵە لە دەسەڵاتیان تازە بە تازە بەدزیی خەڵکەوە دروشمی مەرگ بۆ دێموکراتیان لە دیوارەکانی شارەکانی کوردستانەوە دەنووسی. ئەمەیان دیسان تەنزێکی زۆر خۆش و پێکەنیناوییە کە لە دنیادا نموونەوەی نەبووە. ڕێژیمێک کە لە ناوچەکەدا بەناو ململانێی ئەمریکا و زلهێزەکان بکا، ڕێژیمێک کە بەو هەموو توانایی نیزامییەوە کە سەروەت و سامانی خەڵکی ئێرانی بۆ بەتاڵان دەبا، لە بەرانبەر حیزبی دێموکرات و سیاسەتە دروستەکانیدا ێندە هەست بە کەمی و داماوی بکا کە لە دیوارەکانی شار و شەقامەکانی کوردستاندا دەست بکا بە دروشم نووسین بە دژی دێموکرات. کەواتە زۆر زۆر شتێکی ئاساییەوە کە هەیئەتەکانیشی لە جێگایەک کە نوێنەران و هەیئەتی حیزبی دێموکراتی لێ بێ، بە داماوییەوە هەڵێن و شوێنەکە جێ بهێڵن.


کۆتایی ئەمەی باس کرا دەرخەری یەک شتە، ئەوەش ئەوەیە شۆڕشی ژینا وەکوو دوایین نموونەی ئەم ململانێیەی چەندین ساڵەیەی کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی کوردستان دەری خست کە کۆماری ئیسلامی کۆتا کاتەکانی تەمەنی لە ئێران بەڕێ دکا و خەڵکی کوردستان، حیزبی دێموکرات و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی دیکەی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، قورس و قایم خەباتی خۆیان تا سەرکەوتن درێژە پێ دەدەن و ئەو ڕۆژەش نزیکە کە نەک هەیئەت و نوێنەرەکانی؛ بەڵکوو کۆماری ئیسلامی بە گشتی لە کوردستان بڕۆنەوە دەرەوە.

هەگبەی شاخ و شۆڕش



## کۆتایی چیرۆکی خەبات لای ئێوەیە، من گەیشتن بە ئازادیم بە هاوڕێکانم سپارد

### (شەهید تاهیر ساڵحی)



برایم چووکەڵی

کاروانی خەبات بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد بەردەوامە و هەتا گەیشتن بە دوائامانجەکانی بەردەوام دەبێت. ئەم کاروانە بە پێشکەشکردن و بەشینی گیانی باشترین و بەوەجترین ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە ئامانجێکی بەرزی و ئینسانی هەیە و ئەویش بەختەوەری و ئازادیی گەلێکی بندەستە کە شیاوی ئازادییە، چونکی ڕووبارێک خوێنی بۆ داوە. لە ژمارەی ئەمجارەی "کوردستان" و لە گۆشەی "هەگبەی شاخ و شۆڕش"دا سەرێک لە ناوچەی سەقز هەڵدێنین و یادی شەهید تاهیر ساڵحی، شۆڕەسوارێکی ئەم دەڤەرە دەکەینەوە.

تاهیر ساڵحی لە شاری سەقز لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. ئەو نازدار و خۆشەویستی ماڵێ بوو، هەربۆیە دایک و بابی پتر زەحمەتیان کێشا بۆ ئەوەی کوڕی خۆشەویستیان چاولەدەست نەبێ. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا بە کۆڵێک هیوا و هۆمێدەوە نێردایە قوتابخانە، کەچی دواتر بەهۆی زۆر گیروگرفتی بنەماڵەیی و بژیوی ژیان نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدا. بۆیە بەناچار ڕێگای یارمەتیکردن بە باوکی گرتەبەر و هەوێنی ژیانی ساکارانەی تاهیر بوو بە زەحمەت و کوێرەوەری و ڕەنجکێشان.

تاهیر هەرچەند لەگەڵ مەینەتی و کوێرەوەری گەورە بوو، و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر هەستی بە زوڵم و زۆری دەکرد؛ بەڵام ڕوحی خەبات و خۆڕاگری لە ناخیدا چەکەرەی دەکرد. ئەو کە لە چایخانەکەی باوکیدا کاری دەکرد، لە زمان خەڵکێکی زۆرەوە دەیبیست و دەیدی کە گەلە بەشخوراو، و نیشتمانە داگیرکراوەکەی چیی بەسەر دێت.

ساڵی ٥٧ کە تەقینەوەی شۆڕشی گەلانی ئێران لەدژی ڕێژیمی گەندەڵ و بێزراوی پاشایەتی بوو، تاهیر لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندەران بوو. ئەو وێڕای دەربڕینی بێزاریی خۆی لە ڕێژیمی محەممەدڕەزاشای پەهلەوی لاوانی دەوروبەری بۆ بەشداری لە ڕاپەرینەکە هان دەدا. دوای ئەوەش کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەر کەوت و حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشانی ئاشکرای خۆی دەست پێ کردەوە، تاهیر بڕیارە چارەنووسسازەکەی خۆی دا.

تاهیر بەگوێرەی ناسیاوییەک کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزب هەیبووی، وەک کوڕە کوردێکی بەهەست و نیشتمانپەروەر ئەو حیزبەی وەک وەدیهێنەری ئامانجەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران پەسەند کرد و بوو بە لایەنگرێکی وەفاداری حیزبی دێموکرات. زۆری نەبرد و لە هاوینی ساڵی ٥٨دا دەستی دایە چەک و لە ڕیزی شۆڕشگێڕانی حیزبی دێموکرات لە هێزی عەزیز یوسفی بوو بە پێشمەرگە. ئەو کە لەنێو هاوڕێیانیدا بە "هەڵۆ"ی ناوبانگی دەرکردبوو، زۆر زوو توانی جێگەی خۆی لەنێو پێشمەرگەکانی هێز و خەڵکی ناوچەدا بکاتەوە.

تاهیر بە وشیارییەوە کاری پێشمەرگایەتیی خۆی دەست پێ کرد و بوو بە پێشمەرگەیەکی ئازاو بەئیمان. ئەو هەوڵی دەدا لەگەڵ هاوسەنگەرانی و خەڵکی دەوروبەر کردەوە و ڕەفتار و هەستان و دانیشتنی شۆڕشگێڕانەی هەبێ. جگە لەمانەش خۆی ماندوو دەکرد بۆ ئەوەی زیاتر لە سیاسەتی حیزبە ئاگادار بێ و لەنێو خەڵکدا برەویان پێ بدا. تاهیر بە لێهاتوویی و لێوەشاوەییەوە ئەرکە پیرۆزەکانی بە ڕێکوپێکی بەڕێوە دەبرد و بڕیارەکانی حیزبی جێبەجێ دەکرد.

پاش ئەوەی شاری سەقز لەلایەن بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئاخوندییەوە کەوتە بەر پەلامار و داگیر کرا، تاهیر وێڕای تێکۆشەرانی حیزب و هاوسەنگەرانی درێژەی بە تێکۆشانی سیاسی و نیزامیی خۆی دا و چیاکانی ناوچەی سەقز و هەوشاری لە دوژمن کردە گۆڕستان. تاهیر کە لەو ماوەیەدا ئەزموونێکی باشی لە شۆڕش بەدەست هێنابوو، بەهۆی ئازایەتی بە سەرپەل دیاری کرا و ئەو ئەرکەشی بەجوانی بەڕێوە برد و بەتایبەت لە شەڕەکانی سێ مانگە، دەرەقووڵە و خۆشێنان ئازایەتیی کەموێنەی نواند.

تاهیر ساڵحی ساڵی ١٣٦٢ بوو لەگەڵ شەهید سەدیق فەروخیان ڕووی لە ناوچەی هەوشار کرد. پاش ماوەیەک کار لەو ناوچەیە وەک فارەماندەری لک دیاری کرا و لەو پۆستەشدا کارامەیی خۆی نیشان دا. تاهیر لە ماوەی پێشمەرگایەتیدا نموونەی سەداقەت و ڕاستی و دروستی بوو. هەستان و دانیشتنی و کردەوەکانی لە خزمەت ئامانجەکانی جووڵانەوەدا بوو. چالاکی و هەڵسووڕیی ئەو لە خەبات دژی دوژمنانی ئازادیدا بەرچاو بوو. لە زۆربەی شەڕەکاندا بەشداریی چالاکانەی هەبوو و وەک قەڵایەکی پۆڵایین لەبەرانبەر دژیگەلییەکاندا ڕادەوەستا. تاهیر بە تێکۆشانی بێوچان و بە هەڵمەتی دوژمنشکێنانەی پێشانی دا شیاوی ئەم پلە و بەرپرسایەتییەیە و لە کاری فەرماندەییدا ڕۆڵەیەکی کارلێهاتوو و ئازایە. بە چەشنێک کە قارەمانیەتی و نەترسیی تاهیر لە ناوچەی سەقز و هەوشار دەنگی دایەوە. شەڕەکانی ناوچەی سەقز و هەوشار فەیزوڵابەگی نموونەیەکی چووکەن کە وەک یادگار لە دەفتەری بیرەوەریی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتدا ماونەتەوە.

ڕۆژی یەکی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦٢ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پەلاماری گوندی "کانیچەرموو"یان دا. شەڕێکی قورس لە نێوان هێزی پێشمەرگە و دژیگەلییەکاندا کەوتە ڕێ. بەداخەوە سەرەڕای ئازایەیی بێوێنە، بەڵام سینگی تاهیر ساڵحی کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران و چرای تەمەنی لە ٢٥ ساڵیدا کوژایەوە.

ئەگەر چیا سەربەرزەکانی کانیچەرموو بە خوێنی تاهیر نەخشان، لەو لاوە یاد و ناوی تاهیر لە دڵ و بیرەوەریی هەزاران هەزار لاو و منداڵی نەتەوەکەیدا هەرمان مایەوە.

# ئازادی وەک ئەمری سیاسیی کوردی



شاهۆ حوسێنی

**لەبڕی پێشەکی:**

نارەزایەتی، تێکهەڵچوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی، خواستی ئاڵوگۆڕی و گۆڕین، گرژی، توندوتیژی و هەموو دیاردەکانی تری لەم شێوەیە ئاماژەیەکی ڕوونە بە هەبوونی قەیران، کێشە، کەلێن و دابڕان لەنێو کۆمەڵگەدا. بە مانای کارتێکەرنەبوون، شەرعییەتلەدەستدان، و نەمانی برەوی کولتووری کۆمەڵایەتی، سیاسی، بەها و نۆڕمەکانە. ئەوانە ئاماژەیەکن بە خواست بۆ گۆڕین و لادانی زۆر دیاردەی مسۆگەر، چەسپاو و داسەپاو.

ئەمەی لەو ناوەدا گرینگە ئەوەیە کە شێواز و ئاسۆی ئەم دیاردانە لە کۆمەڵگەیەک ڕا بەرەو کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازیی هەیە. لە کۆمەڵگە دێموکراتیکەکاندا ئەمری ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری ڕەنگە بەرچاوترین بن و شێوازی مەدەنی و هێمنانە دیارترین شێواز. بەڵام لە کۆمەڵگە دیکتاتۆڕەکاندا بێگومان ئەمری سیاسی و ئازادی وەک ئەمری سیاسی گرینگترین دیاردەیە و شێوازی شۆڕش دیارترین شێوازی ئاڵوگۆڕیە. لە ئێران وەک کۆمەڵگەیەکی دیکتاتۆر چ لە ڕووی گوتاریەوە، چ لە ڕووی کولتووریە و؛ چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئازادی وەک ئەمری سیاسی و، شۆڕش وەک شێواز بەرچاوترین دیاردەکانی مێژووی سیاسیی هاوچەرخی ئێران بوون لە ماوەی سەدساڵی ڕابردوودا؛ بەهۆی ئەوەکە هیچ مەجالێکی ڕیفۆرمخوازانە بۆ تێپەڕین لە دیکتاتۆڕییەت و پاوانخوازێتیی سیاسی لە ئێران هیچکات نەڕەخساوە.



**ئەمەی لە ئێران دەرکەوت و سەری هەڵدا، ڕێک پێچەوانە و دژی ئەم ئاڵوگۆڕانە بوو کە لە ڕۆژئاوا وەک مۆدێڕنیتە دەرکەوت و سەری هەڵدا. ئێرانییەکان شێوە مۆدێڕنیتە، شێوە ئازادی، دەوڵەتی شێوە مۆدیڕن و دیاردە شێوە نوێیەکانیان بە مەبەستی سەرکوتی تاکی ئازادیخواز، بەرهەمهێنانی بوونی دەستەمۆ، دیل و بەرکار دەکار هێنا. ئەوان لە هەموو کەرەستەیەک کەڵکیان وەرگرت تا بەر بگرن بە دەرکەوتنی بوونی ئازاد، سەربەخۆ و خۆبنیاتنەر، بۆیەش بە بەرهەمهێنانی گوتار و ئایدۆلۆژیی گشتگیر و ڕادیکاڵ، بەرهەمهێنی داگیرکاری، پاوانخوازی و دیکتاتۆڕییەت بوون**

**ئازادی و ئازادیخوازی:**

کانت لەسەر ئەو باوەڕەیە ئازادی بە مانایی توانایی دەستپێکی کۆگشتییەک لە ڕووداوەکانە لەلایەن "خود". بەو پێیە دەشێ بگوترێ ئازادی بە مانای توانایی خود بۆ خۆدەرخستن، فام لەڕێی توانایی عەقڵی خۆی و توانایی خۆداڕشتن و خۆپێناسەکردن دیاردەیەکی مۆدێڕنە کە بە دێکارتەوە دەست پێ دەکات. بەڵام ئازادیخواز وەک ئەکت و کردە لە نووسراوەکانی ویلیام بێلشام لە سەدەی ١٨دا دەرکەوت. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە جیاوازی هەیە لەنێوان ئازادی بەو مانایەی کە زەین پاڵنەرەکان هەڵدەبژێرێت و ئەو زەرووڕەتانەی کە پاڵنەرەکانی زەین دیاری دەکات. ئازادی سەلمێنەری شیاویی مرۆڤ و تاکە بۆ هەر جۆرە هەڵسوکەوتێک لە حەوزەی فام، پێناسە و تێگەیشتندا.

ئازادیخوازی باسی دیاردەی توانایی مرۆڤ دەکات لە بەرانبەر زۆرداری و زۆر بەسەرداسەپاندن، ئازادیخوازی لە ڕاستیدا زۆرداری و زۆر وەک دژبەری ئیرادەی ئازادی پێناسە دەکات. ئازادیخوازی لەسەر دوو بنەمای سەرەکی بنیات نراوە: یەکەم شەرعییەتی توانایی ڕاپەڕاندنی ئەرک بە شێوەیەکی جیاواز و دووهەم بەرپرسیاریەتیی کۆتایی. ئەم دوو بنەمایە یەکەم ئاماژەیەکە بە جیاوازبوونی هەڵبژاردنی بژاردەکان لەلایەن تاکەوە بەهۆی جیاوازیی کات و شوێنەکان و دووهەم بەرپرسیاریەتیی مرۆڤەکان لە ئازادی و ئیختیاردا، واتە مرۆڤ کاتێ بەرپرسیارە کە ئازادی هەڵبژاردنی هەبێت. بەگشتی ئازادیخوازی ئەسڵی هێرشنەکردنە بۆ سەر ئەوانیتر.

**هەرزەیی چەمکەکان لە کولتووری ئێرانیدا**

بنەما و مەبەستی ئاڵوگۆڕەکان لە ڕۆژئاوا لەم شوێن و کاتەوە دەست پێ دەکات کە دێکارت بە دوو ڕەستە مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە نێو چەقی ژیان، کۆمەڵگە و مێژوو. یەکەم جار بە شککردن لە دیاردە زەینی و ڕوانگەکانیدا کە بەرهەمی ژیان لەنێو ژینگەیەکەی کۆمەڵایەتی و کولتووری و زەمانێکی تایبەتدا بوو. ئەو حەوڵ دەدات هەموو ئەم ئەندێشە، فام و ئاگاییانەی کە وەک ئەزموونی زەینی وەری گرتوون لە بێژنگیان بدات و وەردەیان بداتەوە. دواییش لەڕێی "من بیر دەکەمەوە" حەوڵ دەدات ئەندێشە و زەینی خۆی بکاتەوە بە چەقی فام و تێگەیشتوویی و بەم شێوەیە لە بوونێکی بەرکار، دەسکرد، ڕاهێنراو، ڕاهاتوو و دەستەموو برەخسێت، ئازاد بێت و سەربەخۆ بێت. واتە بوونێکی بکەر، خۆدەرخەر، خۆڕەخسێنەر و خۆبەرهەمهێن دەربخات. بەکورتی لە مرۆڤێکی یەخسیر بەرەو مرۆڤێکی ئازاد هەنگاو دەنێت. لە ڕاستیدا ئازادی سەرەتا و دەسپێکی جیهان، ئەندێشەی مۆدێڕن و دەرکەوتنی مۆدێڕنیتە، واتە گەڕانەوەی مرۆڤی بیرمەند، خاوەن ئەندێشە و سەربەخۆ بۆ نێو چەقی ژیان، جیهان و مێژوو بە مانای ئازادی و ڕەخسان لە کۆیلەیی و یەخسیریی سەرەتای دەرچوون لە جیهانی نەریتی و کلاسیک بەرەو جیهانی مۆدێڕنە.

ئاڵوگۆڕەکانی دوایی لە کۆمەڵگە، کولتوور، ئابووری و سیاسەت هەر لەسەر ئەساس و تەوەرەی ئازادیی مرۆڤ ڕووی دا. بۆ وێنە دەرکەوتنی کۆمەڵگەی مەدەنی، لیبرالیزم، مرۆڤخوازی، عەداڵەتخوازی، دێموکراسی و دەوڵەتی دیمۆکراتیک هەموویان لەسەر ئەساس و تەوەربوونی ئازادیی تاک و بە مەبەستی پاراستن، پەرە و پەیڕەوی ئەم ئەندێشەیە دەرکەوتن و سەریان هەڵدا.

بەڵام ئەمەی لە ئێران دەرکەوت و سەری هەڵدا، ڕێک پێچەوانە و دژی ئەم ئاڵوگۆڕانە بوو کە لە ڕۆژئاوا وەک مۆدێڕنیتە دەرکەوت و سەری هەڵدا. ئێرانییەکان شێوە مۆدێڕنیتە، شێوە ئازادی، دەوڵەتی شێوە مۆدیڕن و دیاردە شێوە نوێیەکانیان بە مەبەستی سەرکوتی تاکی ئازادیخواز، بەرهەمهێنانی بوونی دەستەمۆ، دیل و بەرکار دەکار هێنا. ئەوان لە هەموو کەرەستەیەک کەڵکیان وەرگرت تا بەر بگرن بە دەرکەوتنی بوونی ئازاد، سەربەخۆ و خۆبنیاتنەر، بۆیەش بە بەرهەمهێنانی گوتار و ئایدۆلۆژیی گشتگیر و ڕادیکاڵ، بەرهەمهێنی داگیرکاری، پاوانخوازی و دیکتاتۆڕییەت بوون.

گرینگترین دیاردەی شێوە مۆدێڕن کە وەک بنەما لە ئێران دەرکەوت تا لەسەر ئەساسی ئەو، دیاردە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان پەرە بستێنن. ناسیۆنالیزمی ئێرانی بوو کە بەپێچەوانەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەتەوەرە کە درێژەی سوبژێکتیسمی دێکارتی بوو، و سوبژەی لە تاک ڕا گواستەوە بۆ گشت، تاک و گشتی ئۆبژەی بەرهەمهێنایەوە بە مەبەستی پارستن، پەرە و بەربڵاویی دەسەڵاتی سیاسی. بەکورتی دەشێ بگوترێ کە ئاڵوگۆڕەکان لە ئێران بە هۆی ئەوە کە چەمکەکان بەردەوام لەلایەن دەسەڵاتەوە لە نێوەرۆکی نوێ و مۆدێڕنی خۆی بەتاڵ کرا و نێوئاخنی کردن بەدیاردە تەواو نەریتییەکان، بەگشتی چەمکە نوێ و مۆدێڕنەکان تووشی هەرزەیی بوون. ئەم هەرزەییە خۆی لە سێ ئاستی ئایدۆلۆژیکدا دەدیتەوە، نەتەوەخوازیی ڕەچەڵەکی کە ڕەزاشا و حەمەڕەزای پەهلەوی و سەڵتەنەتخوازەکانی ئێستا خۆیان تێدا پێناسە دەکرد و دەکەن. دووهەم ئایینخوازەکانی مەشرووتەخواز و لە کۆماری ئیسلامیدا ڕێخۆرمخواز. سێهەم چەپی ئۆرتۆدۆکسی کە خۆیان لە توودە، چریکەکانی فیدایی خەڵق و ئێستاش لایەنەکانی وەک حیکمەتیست و کۆمۆنیستی کرێکاریدا دەبیننەوە.

وێکچوویی بنەڕەتی و سەرەکیی هەمووی ئەم لایەنانە دژایەتی لەگەڵ سوبژێکتیسم بە مانای سەربەخۆیی تاک وەک بنەمای پلۆرالیزم، کەلانڕەوایەتی و مۆنۆلۆگ بوونە کە دەشێ بەگشتی وەک دژایەتی لەگەڵ مۆدێڕنیتە پێناسە بکرێت. هەربۆیەش بەهۆی ئەو نیزامە مەعریفەتناسە پاوانخواز و نەریتییە هیچ ڕەوتێکی دێمۆکراتیزاسیونی لە ئێران نە هاتۆتە ئاراوە، نە دێتە ئاراوە و نە دەردەکەوێت.

**ئازادی و ئازادیخوازی لە کوردستان:**


ئەگەر کورد تا سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانی بوونێکی ئۆبژەیە و لە چوارچێوەی شوناسی ئەوی تر دایە، بەجۆرێک کە لەڕێی ئایینخوازییەوە دەکەوێتە بەرەی عووسمانی و تووشی کوشتار و ژینۆساید دەبێت، ئەوا لە پاش شەڕی یەکەم حەوڵەکانی کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان، ڕووناکبیرانی کورد و ڕۆژنامەنووسانی کورد بە مەبەستی دەرخستنی شوناسێکی کوردانە، سەربەخۆیانە و خۆسەروەرانە لە کورد، کۆششێکی مۆدێڕن، سوبژێکتیستانەیە و هەر بەو پێیەش ئازادیخوازنەیە بۆ دەرخستنی کورد لە کۆیلەیی، کۆتی شوناس، فۆڕمی زەینی و چوارچێوەی مەعریفی داهێنراوی ئەوی تری کورد.

ئەم دۆخە دەستپێکی دەرچوون لە نیزامی مەعریفەتناسانەی داڕێژراوی ئەوی تری کورد و هەنگاوێکە بۆ بنیاتنانی نیزامیکی مەعریفەتناسانەی کوردی وەک ڕایەڵێک بۆ لێکگرێدانەوەی کورد وەک کۆگشتییەکی پارچەکراو، بۆیە دەشێ بگوترێ کە دەستپێکی ئازادیخوازیی کوردی وەک حەولێکی مۆدێڕن و سۆبژێکتیڤیستانە بە مەبەستی دەرکەوتنی وەک فۆڕمێکی سەربەخۆ و جیاواز لەوی تر لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانییە. دیارە بنەماکانی ئەم ڕەوتە هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ڕا داندرابوو، بەڵام وەک ڕەوت لە پاش شەڕی یەکەم گشتگیر دەبێت و کوردایەتی وەک کۆششێکی سەربەخۆیانە لە فۆڕمی زەینیدا دەبێتە بنەمای شۆڕشەکانی کوردی. ئیتر لەمەو بەدوا خەبات بۆ ڕەخساندنی تاکی کورد و کۆمەڵگەی کوردی لە چوارچێوە مانایی و ڕواڵەتی داسەپاو لەلایەن ئەویتری خاوەن دەسەڵات، هێژمۆن و دژە کورد دەبێتە ئامانجی شۆڕشەکانی کوردی.

ئەمری سیاسیی فارسی لەسەر بنەمای دۆست و دوژمن بنیات نراوە، ئەم دۆستە لە ئێرانخوازیی پەهلەویدا تاکی موستەحیلی بوو لەنێو شوناس و فۆرماسیونی ئێرانیدا بوو، لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا تاکی موستەحیلبوو لەنێو شوناس و فۆرماسیۆنی زەینی شیعەدایە. هەر بەو پێیە دەشێ بگوترێ کە گرینگترین تایبەتمەندیی ئەمری سیاسی فارسی دیکتاتۆری، پاوانخوازێتی و دوگماتیزمە. دوژمن هەموو تاک و کۆمەڵگەکان لەخۆ دەگرێت کە دژی شوناسی داسەپاوی ئێرانین، دژی کۆیلەیی، دەستەمۆیی و خوازیاری ئازادین. کە وابێ ئەمری سیاسیی دژبەری ئەمری سیاسی فارسی دەشێ لەسەر بنەمای دیکتاتۆڕییەت و ئازادی بنیات بندرێت، واتە وەک دژایەتی و بەرپەرچدانەوەی پاوانخوازێتی و نەریتخوازی ئەمری سیاسی فارسی کە دیکتاتۆڕییە، ئەمری سیاسی کوردی پێویستە ئازادیخواز بێت. ئازادی بە مانای شەرعییەتی دەرکەوتنی تاک و کۆمەڵگەی جیاواز، پێشگرتن بە هەرجۆرە هێرشێک بۆ سەر شوناس و جیهانی زەینی کوردی، شیاوی و توانایی خۆدەرخستن، خۆڕێکخستن و خۆبنیاتنان.

# دنیای ئازاد دەبێ لەدژی سپای تێرۆریستیی پاسداران بوەستێ



عەلی بداغی

وروووژانـدنـی بابـەتی گـرینـگ و هـەسـتیاری بەتێرۆریستناساندنی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی کە تا ئێستا چەند قۆناغی باشی لە هاوکێشە سیاسی و دیپلۆماسییەکاندا بڕیوە، لەجێدا یەکێک لە دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی ئێران بەدوای شۆڕشی ژینایە. لە تازەترینی ئەو هەوڵانەدا پارلمانی سوئێد بوو کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەفەرمی وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناساند. بەفرانباری ساڵی ڕابردووش نوێنەرانی پارلمانی ئورووپا سپای پاسدارانی ڕێژیمیان خستبووە نێو لیستی گرووپە تێرۆریستییەکانەوە، بەڵام لەگەڵ بەردەوامیی ئەو هەوڵانە، کەچی هەتا ئێستا شورای ئورووپا و وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا خۆیان لەوە بواردووە کە بەڕەسمی سپای پاسداران بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناو ببەن و وەک باس دەکرێ کۆسپێکی سەرەکیی بەردەم پەسندکرانی کۆتایی ئەو گەڵاڵەیە سەلماندنی چالاکییە تێرۆریستییەکانی سپا لە خاکی یەکیەتیی ئورووپادایە.

بەڵگەنەویستە سپای پاسداران کە تەنیا دوو مانگ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دامەزرا، هێشتا شەش مانگ لە تەمەنی تێپەڕ نەکردبوو بە تێرۆرکردنی شەهریاری شەفیق لە پاریس یەکەم تێرۆری خۆی لە خاکی ئورووپادا دەست پێ کرد. سپای پاسداران لە ماوەی چلوچوار ساڵی ڕابردوودا نەک هەر سەدان چالاکی سیاسیی دژبەری ڕێژیمی لە دڵی پێتەخت و گەورەشارەکانی ئورووپادا تێرۆر کردووە، بەڵکوو بە حزووری نیابەتیی خۆی لە شەڕەکانی ئیسرائیل و لوبنان، شەڕی نێوخۆیی لوبنان کە دواتر ڕێکخراوی تێرۆریستیی حیزبوڵڵای بۆ دامەزراند و تەنانەت حزووری نیابەتی لە شەڕەکانی باڵکانیش نەک هەر زەبری قورسی لە پرستیژی ئورووپا داوە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بەرژەوەندیی وڵاتانی ئورووپاییشی خستووەتە مەترسییەوە.

بەڵگەنەویستە، چونکی تێرۆر و دانانەوەی بۆمب تەنیا پلان و پرۆژەکانی سپای پاسداران لە ئورووپا نەبووە. سپای تێرۆریستیی ڕێژیم لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا دەیان پیلانی بۆ ڕفاندنی دژبەرانی سیاسیی خۆی لە ئورووپا دارشتووە کە بەشێکی زۆر لەوان سەرکەوتوو بوون، وەک ڕفاندنی ڕوحوڵلا زەم، ئارەش شوعاعشەرق، جەمشید شارمەهد، فرووود فولادوەند، شایان کاویانی، سەبری حەسەنپوور، حەبیب ئەسیوەد -کە حەوتووی ڕابردوو لەدار درا- بەشێکی دیکە لە کردەوەکانی سپای پاسدارانن کە نفووز و دەسەڵاتی بەربڵاوی سپای پاسداران لە وڵاتانی ئورووپاییدا پێشان دەدەن و نابێ جێی هیچ شک و گومانێک بۆ شورا و یەکیەتیی ئورووپا بهێڵنەوە.

کردەوە تێرۆریستییەکانی سپای پاسداران لە دەرەوەی خاکی ئورووپاش بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکران. تەقاندنەوەی بنکەی نیزامیی ئەمریکی-فەڕانسەیی لە بەیرووت (لوبنان-ڕەزبەری ١٣٦٢)، تەقاندنەوەی تاوەرەکانی ئەلخوبەر (عەڕەبستان_ پووشپەڕی ١٣٧٥)، دانانەوەی بۆمب لە مەنامە (بەحرەین_گەلاوێژی ١٣٩٤)، تەقینەوەی ئامیا (ئارژانتین_هاوینی ١٣٧٣)، زنجیرە تەقینەوەکانی بانکۆک (تایلەند-١٣٩١)، تەقینەوەی دێهلی (هیند-١٣٩١)، تەقینەوەی نایروبی (کێنیا- هاوینی ١٣٧٧)، زنجیرە کردەوە تێرۆریستییەکانی سپا لە بەحرەین (هاوینی ١٣٨٤)، کردەوەی تێرۆریستیی بەردەم بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات (سەرماوەزی ١٣٩٥)، پەلاماری مووشەکی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات (خەرمانانی ١٣٩٧)، زنجیرە هێرشی مووشەکی و دڕۆنی بۆ سەر بنکەی هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان (پاییزی ١٤٠١)، بەشداری لە شەڕی نێوخۆیی سووریە و عێراق و یەمەن، تێرۆری زیاتر لە ٦٠٠ سەربازی ئەمریکا لە عێراق و هاوکاریی چڕوپڕی ئەلقاعیدە، هێرش بۆ سەر پاپۆڕەکان لە دەریا ئازادەکاندا، ناردنی چەکوچۆڵ و تەقەمەنی بۆ میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییەکان، دابینکردنی چەکوچۆڵ و مووشەک و دڕۆن و کەرەستەی دیکەی شەڕ بۆ ڕووسیە لەدژی ئۆکرایین؛ تەنیا بەشێکی دیکە لە کارنامەی تێرۆریستیی سپای پاسدارانن کە لە بەشێکی زۆر لەواندا هەر بۆخۆیان بەرپرسایەتیی کردەوە تێرۆریستییەکانیان وەئەستۆ گرتووە. تەنانەت فەرماندەرانی پایەبەرزی سپای پاسداران بەئاشکرا هەڕەشەی کوشتنی دۆناڵد ترامپ، سەرۆککۆماری پێشووی ئەمریکا و کاربەدەستانی دیکەی ئەو وڵاتە دەکەن. هەر گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا (لە خەرمانانی ساڵی ١٣٩٠دا) بۆ سەر سپای قودس و گەمارۆیەکانی ئەمریکا، کانادا، ئۆسترالیا و وڵاتانی دیکەش لەسۆنگەی کردەوە تێرۆریستییەکانی سپای پاسدارانەوە جێگەی هیچ شک و گومانێک لەو پێوەندییەدا ناهێڵنەوە. هەروەها سیاسەتی دەستێوەردەرانەی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دی لە ڕێگەی سپای پاسدارانەوە، هۆکاری ناسەقامگیریی سیاسی و کوشت و کوشتار لەو وڵاتانەش بووە کە ئاکامەکەی بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە.

سپای پاسداران لە نێوخۆی ئێرانیش لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بە سەرکوتی نارەزایەتیی خەڵک و مافخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هۆکاری سەرەکیی پێشێلکرانی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی ئێران بووە. سپای پاسداران نەک هەر وەک ڕێکخراوێکی سیاسی-ئەمنییەتی-نیزامی، بەڵکوو وەک دۆڵپا سواری ملی خەڵکی ئێران بووە و بە پاوانکردنی هەموو جومگە ئابوورییەکان و تاڵانکردنی کانزا و سەرچاوە سروشتییەکان، لە هۆکارە سەرەکییەکانی قەیرانی گرانی و ئابووری و ژینگەیی لە وڵاتە. ڕێکخراوێک کە پلانداڕێژ و جێبەجێکاری پرۆژەکانی بەبارمتەگرتنی خەڵکی وڵاتانی ئورووپایی و تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامییە و ڕۆڵی سەرەکیی ئەم ڕێکخراوەیە لە تێرۆری دژبەرانی ڕێژیم لە چوارقوژبنی دنیادا لە زۆر دادگای ئورووپایی و بەتایبەت دادگای مێکونووسدا بە بەڵگەوە سەلماوە.

بەڵگەنەویستە، چونکی لە ماوەی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هیچ کارەسات و جینایەتێک نەبووە سپای پاسداران ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستی تێدا نەبووبێت. لە هەموو پەروەندەکانی گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدامی چالاکانی سیاسیدا، لە تێرۆری چالاکانی سیاسیی نێوخۆ لە سەرەتای شۆڕشەوە کە لە قەتڵە زنجیرەییەکاندا ئیدی هەڵلای لێ دروست بوو، لە گەندەڵی و تاڵانوبڕۆی سەرچاوە سروشتییەکان هەتا دەکەڵدزی و هەتا سەرکوتی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانی خەڵک لەسەر شەقامدا و، بە گشتی لە هەر هەموو جینایەتەکان کە لەپێناو پاراستنی ڕێژیمدا کراون، سپای پاسداران ڕۆڵی هەرە سەرەکیی بووە.

بەڵگەنەویستە، چونکی لە ماوەی تەڕاتێنەکانی سپای پاسداران لە چلوچوار ساڵی ڕابردوودا کورد هەم بەربەرەکانێی خوێناویی لەگەڵ ئەم سپا تێرۆریستییە کردووە و هەم زەبری قورسیشی لەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە دەوڵەتی و کۆکوپۆشتەیە خواردووە. سپای پاسدارانی ڕێژیم لە ماوەی پتر لە چوار دەیەی ڕابردوو، و لە سەدان کردەوەی تێرۆریستیدا گیانی لە لانیکەم ٤٥٠ کەس لە ئەندامان و تێکۆشەرانی سیاسیی ئۆپۆزیسیونی کورد ئەستاندووە.

سپای پاسداران بنیاتێکی تێرۆریستییە و وڵاتانی جیهان و بەتایبەت ئورووپا بە ناساندنی سپا وەک ڕێکخراوێکی نیزامی-تێرۆریستی نەک هەر لەپێناو سەقامگیریی ئەمنییەت و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دنیا بڕیارێکی یەکلاکەرەوەیان داوە، بەڵکوو ئەمە دەبێتە یارمەتییەکی گرینگ و بنەڕەتی بۆ بزووتنەوەی مافخوازیی خەڵکی ئێران کە قۆڵی بۆ ڕووخاندن و تێپەڕین لەو ڕێژیمە هەڵماڵیوە. ئورووپا و دنیای ئازاد دەبێ لەگەڵ لایەنی دروستی مێژووی مرۆڤایەتیدا بن و نابێ لەپێناو بەرژەوەندیی کورتخایەندا، لەگەڵ ڕێژیمێکی دیکتاتۆردا سەودا بە بەرژەوەندیی درێژخایەنی نەتەوەکانی دیکە بکەن. ئەوان لەسەریانە لەپێناو دەستەبەری دنیایەکی ئەمنتر و بەدوور لە شەڕ و ئاژاوەدا بە هانای خەڵکی ئێرانەوە بێن و ناساندنی سپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی دەسپێکێکی باش بۆ ئەم بڕیارەیە، بڕیارێک کە بەتەواوی لە بەرژەوەندیی ئورووپا و وڵاتانی دیکەی دنیای ئازاددایە.

# خەڵاتی "ماڵی ئازادی" ساڵی ٢٠٢٣ بە ژنانی نارازیی ئێران بەخشرا



ماڵی ئازادی"، ڕێکخراوێکی ئەمریکایی کە پشتیوانی لە دێموکراسی دەکات، وەک ڕێزلێنانێک بۆ پابەندبوون و چالاکیی بەردەوامی ژنانی نارازی ئێران بۆ بەرەوپێشبردنی ئازادی و دێموکراسی، خەڵاتی ساڵی ٢٠٢٣ی پێبەخشین.

مایکل ئەبرامویتز، سەرۆکی ڕێکخراوی ماڵی ئازادی، ڕێکخراوێکی ئەمریکایی لایەنگری دێموکراسی، بە ئاماژەدان بە بڕیاری ڕێکخراوەکە بۆ پێشکەشکردنی خەڵاتەکەی بە ژنانی خۆپیشاندەرانی ئێرانی بەهۆی "ئازایەتییەکی باوەڕپێنەکراو"یانەوە، گوتی: "لە کاتێکدا ژنانی ئێرانی لە هەموو چین و توێژەکانەوە ڕووبەڕووی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، سەرکوتکردنی دڕاندانە دەبنەوە و خەبات بۆ ئازادی دەکەن، پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیریان بکات."

هەروەها ماڵی ئازادی ئەم خەڵاتە ساڵانەیەی پێشکەش بە ڤلادیمێر کارا مۆرزا چالاکوانی سیاسی ڕووسی کرد کە بەهۆی شەڕی دژی گەندەڵی و سەرکوتکارییەکانی ڕێژێمی پوتین سزای ٢٥ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە.

"ماڵی ئازادی" کە لە بواری لێکۆڵینەوە و پشتیوانی لە دێموکراسی و ئازادییە سیاسییەکان و مافی مرۆڤ کار دەکات، ساڵانە خەڵاتی تایبەتی خۆی پێشکەش بەو کەسایەتییە دیارانە دەکات کە کاریان کردووە بۆ فراوانکردنی ئازادی و دێموکراسی.

ئانتۆنی بلینکێن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەو ڕێوڕەسمەدا گوتی: "سەدان هەزار ژنی ئێرانی بە پشتیوانی پیاوان سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوەی دڕندانەترین سەرکوتەکان چەندین مانگە داوای ڕێزگرتن لە مافە سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی خۆیان دەکەن.

وێستگە

# سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم بە ئاکام ناگەن

ئاسۆ مینبەری

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، وەزارەتی وەرزش و لاوانی ڕێژیم ڕایگەیاند لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، زیاتر لە ٣٠ ناوەندی هاوسەرگیری لە ئێراندا دامەزراون. ئەم ناوەندانە بە ئیزنی ناوەندی تەبلیغاتی ئیسلامیی ڕێژیم کار دەکەن و لە زیاتر لە ١٥ پارێزگای ئێراندا بنکەیان بۆ دیاری کراوە.

لە ڕاستیدا کرانەوەی ئەم ناوەندانە پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سیاسەتی ڕێژیم بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت هەیە کە لە ساڵی ١٤٠٠دا لە ژێر ناوی "گەڵاڵەی پشتیوانی لە بنەماڵە و جەوانیی حەشیمەت" کەوتە بەر دەنگدان و لەلایەن مەجلیسی ڕێژیمەوە پەسەند کرا و چووە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. هەر بەپێی ئەم گەڵاڵەیە بنەماڵەکان لە مافی سەرەتایی خۆیان، واتە کۆنترۆڵکردنی ڕێژەی منداڵبوون بێبەریبوون و تەنانەت فرۆشتنی کەرەستە بێهداشتییەکانیش بۆ پێشگرتن لە منداڵبوونیان لێ قەدەغە کرا.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەتووە کە ١٠ لەسەدی کۆمەڵگەی ئێران بە پیر دادەنرێن و، بەدواداچوونی کارناسانی حەشیمەتیش پێشانی داوە کە هەتا ساڵی ١٤٣٥، واتە هەتا ٣٣ ساڵی دیکە حەشیمەتی ئێران بەرەو پەککەوتەیی دەچێت کە ئەمە دەتوانێ کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر جومگە جیاوازەکانی کۆمەڵگەش هەبێ.

بەڵام ئایا ئەمە ئەتوانێ بیانوویەکی باش بۆ دەستێوەردان لە تایبەتیترین بەشی ژیانی بنەماڵەکان بێ؟ ئایا بەم شێوەیە حەشیمەتی ئێران بەرەو جەوانی دەچێت و ئایا ئەم جەوانبوونی حەشیمەتە ئەتوانێ لە ڕاستای بەرژەوەندی و قازانجی ڕێژیمدا بێ؟ چاوخشاندنێک بەسەر دۆخی ئێران لەم ساڵانەی دواییدا و بەتایبەتیش لە چەند مانگی ڕابردوودا دەری دەخات کە ڕێژیم چۆن لە نەبوونی پلان و ستراتیژیی گونجاودا خۆی بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی حەشیمەت ڕوو لە کزبوون بنێ و چیدیکە خەڵک حەزیان لە گەورەکردنەوەی بنەماڵەکانیان نەبێ. هەر لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەزاران کەس لە توێژی لاوی کۆمەڵگە و ئەوەی کە دەبوایە بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە هیوای پێ ببەسترێ، بەهۆی خراپیی دۆخی ئابووری و ژیانی خۆیانەوە، پەنایان بردە بەر خۆکوژی و کۆتاییان بە ژیانی خۆیانی هێنا. لەلایەکی دیکەوە سەرهەڵدانە بەردەوامەکان و دژایەتیکردنی لاوان لەگەڵ سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیم وای کرد، کە ڕێژیم ڕێگای سەرکوت لەبەر بگرێ و لەم پێناوەشدا بە سەدان لاو دەسبەسەر کران، لە سێدارە دران یان کەوتنە بەر فیشەکی هێزەکانی ڕێژیمەوە و گیانیان لەدەست دا.

سیاسەتی جەوانیی حەشیمەت، هەرجارە و بەپێی خواستی بەرپرسانی ڕێژیم گۆڕانی بەسەردا دێت، پێشتر کە دۆخی ئێران تا ڕادەیەک سەقامگیر بوو و نارەزایەتییەک لە ئارادا نەبوو، ڕێژیم بۆ سزادانی ئەو بنەماڵانەی کە لە ٤ منداڵ زیاتریان هەبوو، کۆپۆنی لە منداڵە تازەلەدایکبووەکە ئەبڕی تاکوو بتوانێ پێش بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی حەشیمەت بگرێ، وەک بڵێی ئەو خاروبارەی کە بە کۆپۆن دەیدا ئەوەندە زۆرە کە منداڵ ئیدی پێویستی بە شتێکی تر بۆ گەورەبوون نییە جگە لەوەی کە ڕێژیم پێی دەدا، لە ڕاستیدا نارەزایەتی و ئاڵۆزییەکیش نەبوو تاکوو پێویستی بە هێزیش بێ کە بۆ سەرکوتیان کەڵکیان لێ وەربگرێ، بەڵام دواتر کە ئێران بوو بە گۆڕەپانی نارەزایەتییەکان و بەتایبەتیش پاش نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٨ کە خەڵک بە تووڕەییەوە هاتنە سەر شەقامەکان و تەواوییەتی ڕێژیم و خودی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمیان کردە ئامانجی دروشمەکانیان و ویستیان ڕووخانی ڕێژیم بوو، ڕێژیم بیری لەوە کردەوە کە بۆ لەبەرگرتنی ڕێگای سەرکوتی خەڵک، پێویستی بە خودی خەڵکە! ڕێژیم پێویستی بە هێزی خۆفرۆش و نەیارەکان بوو تاکوو لە ڕێگەی ئەوانەوە خەڵکی نارازی سەرکوت بکا، جا لەم نێوانەدا لە دوو بەرەی جیاوازدا خەڵک بە دەستی خەڵک دەکوژرێن، ئەویش زیاتر ئەو کەسانە کە تەمەنیان لە لاوەتیدایە و نایانەوێ وەکوو باوباپیرانیان لەژێر دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامیدا ژیان و تەمەن و لاوەتیی خۆیان فیدا بکەن، کەوایە حەشیمەتی لاو ڕووی لە کزی دەنا و تا چەند ساڵی دیکە کۆمەڵگەی ئێران دەمایەوە و کۆمەڵێک هاووڵاتیی پیر و پەککەوتە کە نەک هەر ناتوانن کار بکەن و بژێوی ژیانیان دابین بکەن، بەڵکوو چاوەڕوانییان لە دەوڵەتیش ئەوەیە کە ژیان و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکا، کەوایە هیچ شتێک وەکوو گەڵاڵەی جەوانیی حەشیمەت، کە بە زۆر بەسەر خەڵکدا بسەپێ، ناتوانێ بە قازانجی ڕێژیم بێ.

ڕێژیم بەو ستراتیژییە لەلایەکەوە، لاوانی ئازادیخواز سەرکوت دەکا و گیانیان لێ دەستێنێ، لەلایەکی دیکەوە هەتا ژووری نوستنی خەڵک دەچێت و لە بڕیاری ئەواندا بۆ منداڵبوون دەستێوەردان دەکا تاکوو بە خەیاڵی خۆی حەشیمەتەکە کۆنترۆڵ بکا و هێزی کاری هەبێ کە داهاتووی وڵاتەکە لەسەر دەستی ئەوان نەفەوتێ و هەموو قازانجەکەش دیسانەوە بۆ خودی ڕێژیم و دەستوپێوەندییەکانی بێت. لەلایەکی دیکەشەوە جەختکردنەوەی بەرپرسانی ڕێژیم لەسەر بەرزکردنەوەی حەشیمەت و پێدانی وادە و بەڵێنی بە بنەماڵەکان لەم بوارەدا، زیاتر بۆ بەلاڕێدابردنی دۆخی هەنووکەیی و هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکەیە، تاکوو لە داهاتوودا بە خستنەڕووی ئامارێک لە ڕێژەی منداڵبوونەکان بڵێ ئەوەتا، کۆمەڵێک ئاژاوەگێڕ هاتنە سەر شەقام و وڵاتیان ئاڵۆز کرد، بەڵام هیوا بە ژیان ئەوەندە لە ئێراندا زۆرە کە خەڵک بە بێ گوێدان بەم بابەتانە خەریکی گەورەکردنەوەی بنەماڵەکانیانن!

لەبەرگرتنی ئەم چەشنە سیاسەتە ناتوانێ بە قازانجی ڕێژیم بێت، خەڵک پاش زیاتر لە ٤ دەیە زۆر باش ڕێژیمیان ناسیوە و لە هەموو پیلانێکی ئاگادارن، بۆیە ئەوان منداڵبوون وەکوو مافی خۆیان دەبینن و هیچکات لەپێناو سیاسەتەکانی ڕێژیمدا هەنگاو هەڵ ناگرن و ناهێڵن سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم بە ئاکام بگەن.

کوردستان
ژمارە ٨٤٧
٣١ی بانەمەڕی ١٤٠٢ _ ٢١ی مەی ٢٠٢٣

# ئێران لە ژێر چاودێریدا:
# لە چوارچێوەی چالاکییەکانی هەواڵگریی، چاودێری و سیخوڕیی کەنداو*

بەردەوامی زۆر جار تایبەتمەندییەکی باشە، بەڵام لە ناوچەی کەنداودا ئەوە گیروگرفتیشە. ئێران مەترسیی سەرەکیی ئەمنییەتی بۆ سەر وڵاتانی کەنداو بووە و دەمێنێتەوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە توانایيە هاوبەشەکانیان بۆ بەرپەرچدانەوەی تاران بە هۆی نادڵنیاییان لەبارەی هاوکاریی نزیکتر، کورتی دێنێ. چوار دەیە پاش دامەزرانی لە ١٩٨١، ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو، هێشتا ماویەتی بەکردەوە ببێتە ئەوەی ناوی نراوە.

دوودڵــی لــەمــەڕ چالاکیی هاوبەشی بەرگری و ئەمنییەت شتێکی نوێ نییە، بەڵام پێشوەچوونێکی ئەوتۆشی نەکردووە و، لە کاتێکدا ئەوە لەخۆیدا کێشەخوڵقێنە، لەبەر داواکاریی ناوچەکانی دیکە لە وڵاتە یەکگرتووەکان، کە هێشتا دابینکەری سەرەکی ئەمنییەتی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە، ئاڵۆزتر بووە. ڕەنگبێ واشینگتۆن باسی بەکارهێنانی باشتری هێز بکات، بەڵام ئەوە بەکردەوە بە مانای کەمکردنەوەی تواناییەکانی لە ناوچەدا بێ، چونکە ئەوان لە شوێنی دیکە پێویستن. لەگەڵ گواستنەوەی توانایيە جەنگییەکان، وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها خەریکی گواستنەوەی جەخت لەسەر ئەوەی هێندێک جار پێی دەڵێن "لەبارکارە بەنرخ و کەمڕێژەکان،" بێ، لە ناویاندا سیستەمی خاوەن سەرنشین و بێ سەرنشینی هەواڵگری، چاودێری و سیخوڕی. کاتێک ناوچەکە لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە پێشتریەتی پێ دەدرا، داواکارییەکان بۆ ئەو جۆرە سیستەمانە بە شێوەی پێویست دابین نەدەکران، تەنانەت بەر لە داگیرکاریی ئۆکراین لەلایەن ڕووسیەوە، قووڵتربوونەوەی کێشەی ئۆقیانووسی هیند و ئۆقیانووسی ئارام و نیگەرانییەکانی پەیوەندیدار بە چین، کە تواناییەکانی دابینکردنی ئەو جۆرە سیستەمانەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. جەنگی ئۆکراین تەنیا ئەو گواستنەوەی لە ناوچەی کەنداوەوە خێراتر کرد.

بەداخەوە، پێویستیی چاودێریکردنی ئێران بۆ تێگەیشتنی باشتر لە چالاکییە سەربازییەکانی و یارمەتیدان بۆ هەڵسەنگاندنە هەواڵگرییەکانی پەیوەندیدار بە هەڕەشەکانیەوە، کەمیان نەکردووە. تاران درێژە بە بوونی دوو هێزی سەربازیی دەدا:

هێزی سەربازیی ئاسایی [ئەرتەش] و سوپای پاسداران. هێزی سەربازیی ئاسایی ئەرکی بەرگریی لە یەکپارچەیی خاکە، لە کاتێکدا سوپای پاسداران پارێزەری ڕێژیم و شۆڕشە. سوپای پاسداران کە لە ١٣٥٨ دامەزرا، زۆردەمێکە بەسەر سوپای ئاسایی کە سەردەمێک لە ئایدیۆلۆژیاکەی بەگومان بوون، پێشترییەتی هەیە. سوپای پاسداران بە ئاکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، توانایی بە تاران داوە تا زەخت بخاتە سەر ناوچە و هەروەها بەرپرسی جبەخانەی هاژەکی زەوی بۆ زەوییە. بەڵام، دووبەشبوونی هێزی سەربازیی ئاسایی و هێزەکانی سوپای پاسداران، لە ڕوانگەی ئابوورییەوە بۆتە هۆی ناکاریگەریی و دووانەیی کە ئەویش بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی سامانی تەرخانکراو بە شێوەیەک کە بێتوو تەنیا یەک هێزی سەربازیی هەبا، ئەوە ڕووی نەدەدا.

سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسداران، بەرپرسی پشتگیریی لە ئەکتەرە نادەوڵەتییەکانی ناوچەیە بۆ بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی ڕێبەرانی ئێران. لە دەیەکانی ڕابردوودا، سوپای پاسداران بە سوپای قودسیشەوە، بە شێوەی پەرەئەستێن پشتگیرییان لە سەرکۆمار بەشار ئەسەد لە سووریە، کردووە و چەند فەرماندەی پلەبەرزی سوپای پاسداران لە شەڕی نێوخۆیی سووریەدا کوژراون. لە کاتێکدا سوپای پاسداران پەیوەندییەکی گەلێک نزیکی لەگەڵ ئێلیتی حاکم هەیە، ئەو سوپایە هەمان کەمایەسیی کەرەستەی سەربازیی هەن کە سوپای ئاسایی بەدەستیانەوە دەناڵێنێ. بێجگە لە چەند جۆر هاژەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، ڕەقەواڵە سەربازییەکەی دیکەی ماوەبەسەرچوون.

توانایی جەنگی ئاسمانیی ئێران بە فڕۆکەی سوخۆ ٢٢ بەستراوەتەوە. سوخۆ ٢٢ لە بنەڕەتدا لە خزمەت سوپای عێراقی دابوون کە لە ساڵی ١٣٧٠دا بۆ ئێران گوازرانەوە. ئەوان بۆ ماوی چەند ساڵ هەڵگیرابوون، بەڵام لانی کەم بەشێکیان لە ١٣٩٧ بەولاوە کەڵکیان لێ وەردەگیرێت. سوپای پاسداران کەڵک لە چەند جۆر فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ماماناوەند و قورس و هەروەها هێرشبەر، لە ناویاندا جۆرەکانی شاهید ١٢٩ و شاهید ١٣٦ کە هێرشبەری خۆ تەقێنەوەن وەردەگرێ. ژمارەیەکی زۆر شاهید ١٣٦ دراون بە ڕووسیە کە لە جەنگ دژی ئۆکراین کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

هێزی ئاسمانیی سوپای پاسداران هەروەها خاوەنی کەرستەی پارێزگاریی لە ئاسمانە کە وەکو یەکەکانی سوپای پاسداران لە هێزی سەربازیی ئاسایی پۆشتەترە. بەڵام هێزی بەرگریی ئاسمانی، سەرەڕای ئەوە کە لەژێر فەرمانی هێزی ئاسمانیی کۆماری ئیسلامیدایە، کۆنتڕۆڵی هاژەکی زەوی بۆ ئاسمانی دوورمەودا واتە سام-ی بە دەستە. هێزی ئاسمانیی سوپای پاسداران هەروەها هاژەکی ڕەعد/سێی خورداديشی هەيە کە سام لە جۆری مەودا مامناوەندە، ئەوە ئەو هاژەکە بوو کە گوایە لە مانگی جۆزەردانی ١٣٩٨ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەمریکایی بەرداوەتەوە.

ئەگەرچی ئێران دەستبەجێ دوای دامەزراندنی بەرنامەی هاژەکی بالیستیکی خۆی لە هەشتاکانی زایینیدا تا ڕادەیەکی زۆر پشتی بە یارمەتیی تەکنیکیی دەرەکی بەستبوو، بەڵام هەنگاوی بەرچاوی بۆ گەیشتن بە خۆبژێوی لە ڕێگای وەدەستهێنانی نایاسایی تەکنەلۆژیای هاژەکی و گەشەپێدانی نێوخۆیی هەڵێناون. پێشکەوتنەکانی ئەو دواییانەی بەرنامەی هاژەکی بالیستیکی ئێران دەکرێ لەو خاڵانەدا کۆ بکرێنەوە: جەختکرن لە سەر باشترکردنی توانای پێکاندنی ئامانج؛ گەشەپێدانی ئامرازی گەڕۆکی هاویشتنی هاژەک و هەروەها بنکەی چەقبەستوو؛ بەرهەمهێنانی هاژەکی خاوەن سووتەمەنیی ڕەق بۆ هێزی بەرپەرچدانەوە و دروستکردنی بنکەی خۆڕاگری هاویشتن و پاشەکەوتکردنی ژێرزەوی. مەزەندە دەکرێ ئێران کەڵک لە لانیکەم ٢٠ جۆر هاژەک وەرگرێ و فەرماندەیی ناوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٠٢٢ ڕایگەیاند ئێران زیاتر لە ٣٠٠٠ هاژەکی بالیستیکی جۆراجۆری بۆ مەودای نزیک، کورت و مامناوەندی هەن.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئێران خاوەنی کەمتر لە ١٠٠ ئامێری گەڕۆکی هاویشتنی هاژەکی کورت مەودا و ٥٠ ئامێر بۆ هاژەکی مامناوەند مەودایە و هێندێک هەوڵی بۆ بە ستانداردکردنی سەکۆی هاویشتنی چەقبەستوو و گەڕۆکی هاژەکان هەڵێناون.

ئێران هەروەها ئامانجی سەرەتایی بارهەڵگرە ڕۆژاواییەکانی مۆنتاژکراو لەو وڵاتەدا گۆڕیوە، بەتایبەتی مەرسەدێس بێنزی مودێل ٢٦٢٤ و ٢٦٣١، تا بتوانێ لە جبەخانەی هاژەکی بالیستیکیدا کەڵکیان لێ وەرگرێ. بۆ ئەو مەبەستە بەشێک لەو ئامێری گواستنەوانە وەها دروست کراون تا وەک بارهەڵگری مەدەنی بچن، بەڵام دەتوانن ببنە ئامێری ڕاگواستن و هاویشتنی هاژەکی بالیستیک.

بێجگە لە کەڵکوەرگرتن لە ڕاگوێزەر و هاوێژەری سەر جادە بۆ حەشاردان و پاراستنی جبەخانەی هاژیکی بالیستیکییەکەی، ئێران هەروەها چەند پێگەی ڕاگرتن و هاویشتنی ژێر زەوی بەو مەبەستە دروست کردوون. ئەو ڕێکارانە ئیزن بە ئێران دەدەن بتوانێ کەڵک لەو کەرەستانە بۆ بەهێزتر کردن و کەم کردنەوەی مەترسی بۆ سەر هاژەکە بالیستیکییەکانی وەرگرێ و بێتوو بەرهەڵستارێک بیهەوێ هێرشیان بکاتە سەر، ناچار دەبێ هێزێکی گەلێک بەربڵاوتر بۆ لەکار خستن و بێکەڵک کردنی پێگە باش پارێزراوەکانی بەکار بێنێ، ئەوە هەروەها توانایی ئێران بۆ هاویشتنی ژمارەیەکی زۆر هاژەک بە دوای یەکتردا بەرز دەکاتەوە و هێزی مرۆیی ئێرانی دەپارێزێ، بێتوو ناوەندی کۆنتڕۆڵ و فەرماندەیی لە شوێنی دوور لەو جێیانە بێ کە هاژەکەکانی لێ دەهاویشترێن.

هێزی سەربازیی ئاسایی ئێران وەک پێشدا ئاماژەی پێ کرا ئەرکی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی لە ئەستۆیە و لە دەیەی ڕابردوودا ئەو هێزە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران چالاکتر بووە، بە تایبەتی لە سووریە، لە ماوەی شەڕی نێوخۆیی ئەو وڵاتەدا. لە ڕوانگەی ڕێژەوە، مەزنترین بەشی هێزە چەکدارەکانی ئێران، ئەو بەشەیە کە پشتی بە سەربازانەوە بەستووە و وەک هەمیشە چەک و کەرەستەکانی کۆنن. لە کاتی وەبەرهێنان، هێزی زەوینیی سوپای پاسداران بێگومان پێشترییەتی پێ دەدرێ.

هێزی ئاسمانیی ئاسایی ئێران هێشتا تا ڕادەیەکی زۆر پشت بەو فڕۆکانە دەبەستێ کە لە سەردەمی پاشایەتیدا دابین کراون، بێجگە لە فڕۆکەی شەڕکەری ڕووسیەیی و چینی نەبێ کە لە هەشتاکان و نەوەدەکانی زایینیدا کڕیویانن. ئەو هێزە لە بەراورد لەگەڵ هێزی ئاسمانیی عەرەبستانی سعودی و ئیماڕاتی یەکگرتووی عەرەبی لاوازترە، چ بگا بە هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل.

ئێران دوای کۆتاییهاتنی شەڕ لەگەڵ عێراق لە ١٣٦٧، هەوڵی دا وەبەرهێنان لە هێزی فڕۆکە شەڕکەرەکانیدا بکات. لەکیسدانی فڕۆکەی شەڕکەر لە کاتی جەنگ، لەگەڵ دژواریی دابینکردنی بەشی یەدەک و پشتیوانیی بۆ فڕۆکە ئەمریکاییەکانی هۆی ئەو بڕیارە بوون. نەبوونی پشتگیریی دارایی و هۆی سیاسی، ئەوی دواتر چونکە هێزی ئاسمانیی ئاسایی لەلایەن بەشێک لە مەلاکانەوە جێگای گومان بوو، بەو مانایە بوو کە تەنیا ژمارەیەکی کەم فڕۆکە لە سەرەتاکانی نەوەدەکانی زایینی لە یەکیەتی سۆڤیەت کڕان. لەو کاتیەوە، هەوڵەکان بۆ هاوردەکردنی فڕۆکەی شەڕکەری ڕووسیەیی شکستیان هێناوە، بەڵام لەوانەیە ئەوە خەریک بێ ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ. دوای دەربڕینی حەزی کڕین بۆ ماوەی نزیکەی دە ساڵ، تاران و مۆسکۆ ڕێککەوتنێکیان بۆ دابینکردنی فڕۆکەی شەڕکەر بۆ هێزی ئاسمانیی ئێران واژۆ کردووە. ئەندامێکی پارلەمانی ئێران بە هەوڵدەریی ناوخۆیی گوتووە کە لە نیوەی دووهەمی ساڵی ٢٠٢٣، هاوردە کردنی فڕۆکەی سوخۆ ٣٥ لە جۆری فلانکەر م. دەست پێ دەکات. ئەوە بەو مانایە کە فڕۆکەکان دروست کراون و وێدەچێ ئەو سوخۆیانە بن کە بۆ میسر دروست کرا بوون، گرێبەستێک کە دواتر هەڵوەشایەوە.

ئێران دوو هێزی دەریایی هەن: هێزێکی ئاساییتر بە ناوی هێزی دەریایی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە میراتگری هێزی دەریایی سەڵتەنەتییە و هەروەها هێزی دەریایی سوپای پاسداران، کە لە نێوەڕاستەکانی هەشتاکانی زایینی دامەزرا. دەوری ئەو هێزە ئاکامی ڕووداو و ئەو وانانە بوون کە لەو دەیەدا لێوەی فێر بوون، لە کێشە لەگەڵ عێراق و پاشان هەڵسوکەوت لەگەڵ هێزی گەلێک بەتواناتری دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان. ئەو ڕووبەڕووبوونەوانە بوونە هۆی ویستی بەکارهێنانی ستراتێژییەکی نایەکسان بۆ بەرگریی دەریایی کە هەر دوو هێزە دەریاییەکانی دەگرتەوە، بەڵام زۆرتر بە ڕێبەریی هێزی دەریایی سوپای پاسداران بووە کە وردە وردە وەپێش هێزی دەریایی کۆماری ئیسلامیی ئێران کەوتۆتەوە.



دەوڵەتی ئێستای ئێران وێدەچێ زۆرتر لە دەوڵەتەکانی پێشوو بیهەوێ وەبەرهێنان لە گەشەی تواناییەکانی بۆشایی ئاسمان بکات. ئێران بەدوای هاوبەشی نێونەتەوەییدا، بە تایبەت چین، کۆرەی باکوور و ڕووسیە، گەڕاوە تا پشتگیریی بەرنامەکانی بۆ بۆشایی ئاسمان بکات. وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو بە هەمان شێوە لە بایەخی چالاکییەکانی هەواڵگری، چاودێری و سیخوڕیی لە بۆشایی ئاسمانەوە تێگەیشتوون؛ بۆیە ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی لە کۆتایی ٢٠٢٠ی زایینی، ساتەلایتی فالکۆن ئای ٢ [چاوی سەقەر ٢] کە مانگێکی دەستکردی وێنەهەڵگرە، ناردە بۆشایی ئاسمان.


ئەو وێنەگرە ساتەلایتییانەی بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژێراون، زۆر جار بۆ وێنە گرتن لە بنکەکانی هەڵکەوتوو لە ناوچە کەنارییەکانی باشووری ئێران تەرخان دەکرێن. ئەوە بەو مانایەیە کە گەلێک لە بنکەکانی جێگای سەرنجی ئێران دەکرێ نە تەنیا لە ئاسمانەوە بخرێنە ژێر چاودێری بەڵکوو لە فڕۆکە و لە هێندێک دۆخدا لە لایەن پلاتفۆرمەکانی هێزی دەریاییشەوە دەبینرێن. کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریی بە ساتەلایت، دەتوانێ بە تواناییەکانی دیکەوە زیاد بکرێن تا لە نزیکترەوە و بە شێوەی بەردەوامتر لە فڕۆکە، شوێنی مەبەست لە ژێر چاودێریی بگیرێت.

چالاکییە سەربازییەکانی ئێران، تواناییەکانی و گەشە کردنەکانی، بەردەوام سەرەکیترین خاڵەکانی جێگای سەرنجی وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو و هەروەها هی وڵاتانی دیکەشن کە بەرژەوەندیی ئەمنییەتییان لە ناوچەکەدا هەیە، لەنێویاندا ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشترییەتییەی تاران دەیدا بە جبەخانەی هاژەکی زەوی بۆ زەوی بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆی، کۆکردنەوەی زانیاریی لە سەر تەواوی لایەنەکانی هاژەکی بالیستیکی ئەولەوییەتێکی ناوچەییە.

گەرووی هورموز گرینگییەکی فرە ستراتێژیکی بۆ بازرگانی (بە تایبەتی بازرگانیی نەوت) هەیە. ئەوە خاڵێکی لاوازە کە تاران زۆر جار هەوڵی داوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە یارمەتی لایەنی ناحکوومیی سەر بەخۆی، کەڵکی لێ وەرگرێ.

فڕۆکەی کۆکەرەوەی هەوڵگری، چاودێری و سیخوڕیی ئەمریکایی، هەمیشە داواکارییان لەسەرە و لە دوو دەیەی ڕابردوودا، ئەو ناوچەیەی پێشترییەتی پێ دراوە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بووە. هاوکات کە هێشتا سەرەکیترین کەرەستەی پێویستە، ئەولەوییەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گۆڕاوە و ناوچەی کەنداو ئێستا دوای ئوورووپا و ئۆقیانووسی هیند-ئارام، لە پلەی سێهەمدایە. وڵاتانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو هێندێک کەرەستەیان بۆ ئەو مەبەستە هەن، بەڵام تواناییەکانیان لێک جیاوازن.

بەراوردی هەڕەشەکانی ئێران لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە "تەنانەت لە گەڵ هی پێنج ساڵ لەوەپێشەوە" جیاوازە، بە هەڕەشە بۆ سەر ناوچە لە لایەن جبەخالەی هاژەکی بالیستیکی تاران، توانایيەکی هێرشبەرانە کە بە توانایی بنکەکانی پارێزگاریی ئاسمانیی تەکمیل کراون. بەڵام لە هەمان کاتدا، بە گوتەی ژەنراڵ ئالێکسوس گ. گرینکەویچ فەرماندەی ناوەندی فەرماندەیی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا، وڵاتە یەکگرتووەکان ناچارە لەگەڵ ئاسەواری کەمبوونەوەی جێگا پێی توانایە نەریتییەکانی هەولگریی، چاودێری و سیخوڕیی، لە ناوچەدا هەڵسوکەوت بکات.


و: کەماڵ حەسەنپوور

چەند ساڵە وڵاتە یەکگرتووەکان وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو هان دەدا لە توانایيە سەرەکیەکانیاندا، وەک بەرگریی دژی هاژەکی بالیستیکی، کە لەوێدا هەواڵگری، چاودێری و سیخوڕیی دەتوانن یارمەتیدەر بن، هاوکاریی یەکتر بکەن. ئەو داوایە وەڵامی ئەرێنی دراوەتەوە، بەڵام، پێشوەچوونێکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەدیتووە. دە ساڵ دوای دامەزرانی مەکۆی هاوکاریی ستراتێژیک لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو، وتووێژەکان لەگەڵ لێدوانەکانی دوای چاوپێکەوتنەکان، کە پێشبینیی بەرەوپێشچوون لەو بوارەدا دەکەن، درێژەیان هەیە.

لە کاتێکدا کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاستی پلە بەرزەکانەوە درێژە بە لایەنگریی لە هاوکاریی زیاتر لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی هاوکاریی کەنداو دەدا، ئەو ئێستا خەریکە لە ئاستی جەماوەرییدا باسی ئاڵنگارییەکانی هەواڵگریی، چاودێری و سیخوڕیی لە ناوچەدا دەکات. لەلایەنی ئاسمانەوە هێزی تایبەتیی ٩٩ (TF99)ی ناوەندی فەرماندەیی هێزی ئاسمانیی بە دوای ڕێکاری نوێی کەم تێچوو بە کەڵک وەرگرتن لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ مەبەستی هەولگریی، چاودێری و سیخوڕییەوەیە، بەڵام ئەوە تەنیا ئاستی تاکتیکی ناگرێتەوە. لە لایەنی دەریاوە هێزی تایبەتی ٥٩ (TF59)ی هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان بە هەمان شێوە لە کەڵک وەرگرتن لە ئامێری بێ سەرنشین بۆ کۆ کردنەوەی زانیاریی زۆرتر لە سەر دەوروبەر دەکۆڵێتەوە.

لە کاتێکدا زۆر دەمێکە بیر لە دابەشینەوە ئەرکەکانی ئاسایشی دەریایی لە ناوچەی کەنداو و دەوروبەر بەسەر هاوبەشی ناونەتەوەیی و بە تایبەتی ناوچەییدا دەکرێتەوە، ڕووداوەکان یارمەتیدەری دارشتنی ئاڵوگۆڕێکی ستراتێژیکی بوون کە خێراییان بە وەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەخشیوە. بە پەرە گرتنی گواستنەوەی جەختی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرەو ئۆقیانووسی هیند-ئارام و سەرهەڵدانی چین، کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان ناچار بوون بەرپەرچی ترسی پەرەئەستێنی وڵاتانی کەنداو لەمەڕ ئەو هەستە کە وڵاتە یەکگرتووەکان خەریکە ببێتە هاوبەشێک کە کەمتر جێگای متمانەیە، بداتەوە.

دەستبەسەر داگرتنی ڕێژەیەکی زۆر ماددەی سڕکەر و چەکوچۆڵ، لەو دواییانەدا گرینگیی پێداویستییەکانی هەولگریی، چاودێری و سیخوڕیی پشتراست کردۆتەوە. ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە دەستبەسەر داگرتنی ئەو دواییانە لە کەنداوی عوممان، لەلایەن پاپۆڕی ە. م. س. لانکاستەر سەر بە هێزی دەریایی بریتانیا گوایە بە پشت بەستن بە زانیاریی هەولگریی، چاودێری و سیخوڕیی وەدەستهاتوو لە ئاسمانەوە لە لایەن هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان جێبەجێ کراوە. هەروەها سەرنجڕاکێشە کە لە زۆربەی ئەو دەستبەسەر داگرتنانەدا، لە لایەن هێزەکانی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان و نانەتەوەیی بوون. بێگومان دەبێ ئامانج ئەوە بێ کە لە داهاتوودا هێزە دەریاییەکانی ناوچە دەورێکی مەزنتر لەو چالاکییانەدا بگێڕن.

لە کورتخایەندا، مەزنترین بەڵێنییەکانی پەرە ئەستاندنی هاوکاریی ناوچەیی ناڕاستەوخۆ دەبن، بە هاریکاریی وڵاتە یەکگرتووەکان وەک ناوەندی پشتگیریکار لە ژمارەیەک پەیوەندیی دوولایەنە لەگەڵ وڵاتانی هاوکاریی کەنداو و هاوبەشە ناونەتەوەییەکانی دیکە. هاندانی هاوکاریی ناوخۆیی وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی هاوکاریی کەندوا بێ حزووری وڵاتە یەکگرتووەکان، هەروا وەک ئاواتێک دەمێنێتەوە.


***

* (تێبینی: ئەو وتارە گوڵبژێری ڕاپۆرتێکی ٣٩ لاپەڕەییە. و.)

**ئەنستیتۆی ناونەتەوەیی لێکۆڵینەوە ستراتێژیکییەکان**

# ڕاپۆرتی RSF و ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی ڕۆژنامەنووسی لە ئێران





بێهزاد قادری

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور (RSF)، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا بیستویەکەمین ڕاپۆرتی پلەبەندیی خۆی بڵاو کردەوە. ئەم ڕێکخراوەیە لەم ڕاپۆرتەدا باسی لەوە کردووە کە ساڵی ڕابردوو دوای قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، ئێران جێگەی خۆی وەکوو یەکێک لە سەرکوتکەرترین وڵاتانی جیهان لە بواری ئازادیی میدیاییەوە بەهێز کردووە.

لەم بابەتەدا ئاوڕێک لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور و دۆخی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی لە جیهان بەگشتی و ئێران بەتایبەتی، دەدەینەوە.

### ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور ڕێکخراوێکی ناحکوومیی نێونەتەوەییە کە بە مەبەستی داکۆکیکردن لە ئازادیی ڕاگەیاندن و پشتیوانی لە هەواڵنێران و ڕۆژنامەنووسان دامەزراوە. بنکەی ناوەندیی ئەم ڕێکخراوەیە لە فەڕانسەیە و ئەرکی ئەو بانگەشەکردن بۆ ڕۆژنامەوانیی ئازاد، سەربەخۆ و فرەچەشن و داکۆکیکردن لە پێرسۆنێلی میدیاکانە. RSF لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یوونیسکۆ و شورای ئورووپا خاوەن پێگەی ڕاوێژکارییە.

ئەم ڕێکخراوەیە لە بواری داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسانێک کە مەترسییان لەسەرە و هەروەها لە بەرزترین ئاستی ئەنجومەنە دەوڵەتی و نێونەتەوەییەکاندا بۆ داکۆکی لە مافی ئازادیی ڕادەربڕین و زانیاری، چالاکی دەکات. هەروەها بە شێوەی ڕۆژانە ڕاپۆرتی پێوەندیدار بە هەڕەشەکانی سەر ئازادیی میدیاکان بە زمانەکانی "فەڕانسەوی، ئینگلیزی، سپانیایی، پورتوغالی، عەرەبی، فارسی و چینی" پێشکەش دەکات. هەروەها ساڵانەش تاوتوێی دۆخی ئازادیی بڵاوۆکەکان لەژێر ناوی "پێوەرەکانی ئازادیی جیهانیی بڵاڤۆکەکان"، بڵاو دەکاتەوە کە لەودا دۆخی میدیاکان لە ١٨٠ وڵاتی جیهاندا هەڵدەسەنگێندرێن و تاوتوێ دەکرێن.

### بیستویەکەمین ڕاپۆرتی پلەبەندیی RSF

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور لە ٢١ـەمین ڕاپۆرتی پلەبەندیی خۆیدا کە لەم ماوەیەدا بڵاوی کردەوە، باسی لەوە کردووە کە ساڵی ڕابردوو دوای قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، ئێران جێگەی خۆی وەکوو یەکێک لە سەرکوتکەرترین وڵاتانی جیهان لە بواری ئازادیی میدیاییەوە بەهێز کردووە. هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا، ئێران جارێکی دیکەش بە یەکێک لە گەورەترین زیندانەکانی جیهان بۆ ڕۆژنامەنووسان ناو براوە.

لەو ڕاپۆرتەدا هاتووە: ئەگەرچی سەرکوتی دەستپێڕاگەیشتن بە زانیارییەکان بە شێوەی زۆر بەهێز و بەربڵاو لە ئێران لە ئارادایە و ڕۆژنامەوانان بەردەوام لەگەڵ مەترسیی "دەسبەسەرکردن، لێپێچینەوە، زیندانیکردن، لەژێر چاوەدێریدابوون و ئازار و هەڕەشە" بەرەوڕوون، بەڵام ئەو دۆخە هاوکات لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی ژینا، چڕتر و خراپتر بووەتەوە.

هەواڵنێرانی بێسنوور لەو ڕاپۆرتەدا باسی لەوە کردووە: دۆخێک هاتۆتە پێش کە بووەتە هۆی زیندانیکردنی زیاتر لە ٧٠ ڕۆژنامەنووس کە ژمارەیەکی زۆر لەوان ژنن، چونکە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگرتن لە ڕوومالی خۆپیشاندانەکان، دەست بۆ هەر کردەوەیەک دەبەن.

هەواڵنێرانی بێسنوور لە درێژەدا ئاماژەی بە سەرکوت و هەڕەشە لە ڕۆژنامەنووسانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵاتیشی کردووە و نووسیویەتی: تەنانەت ڕۆژنامەوانانی ئێرانیش کە لە وڵاتانی دەرەوە نیشتەجێن، لەژێر هەڕەشە و گۆشاری کۆماری ئیسلامیی ئێراندان.

هەر بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێرانی بێسنوور، لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران لە زیاتر لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، ڕێژیم لانیکەم هەزار ڕۆژنامەنووس و شارۆمەند- هەواڵنێری دەسبەسەر، زیندانی و بێسەروشوێن کردووە یان لەسێدارەیانی داوە.

### ئازادیی میدیا و ڕادەربڕین لە جیهاندا

ئازادبوونی مرۆڤ لە دەربڕینی ڕا، بۆچوون، ئەندێشە، بیر، فکر و باوەڕی، یەکێک لە مافە سەرەتایی و دانپێنراوەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمەیە کە تەنانەت لە ساڵی ١٩٤٥ و بە دوای دەرچوونی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ لە خاڵی دووەمیدا بە ڕاشکاوانە ئاماژەی پێ دراوە. مرۆڤ لە دەربڕینی بیر و بۆچوونی خۆی ئازادە و حکوومەتەکانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پابەند کراون کە لەو مافە پارێزگاری بکەن بۆ ئەوەی هەر تاکێک بەبێ ترس لە لێپرسینەوە و لێپێچینەوە و سزا، ڕای خۆی دەربڕێت.

لەو وڵاتانەی کە جیهان بە وڵاتانی دێموکراتیان دەناسێت، ڕادەربڕین بەشێکە لە ناسنامەی دێموکراتیکبوونیان و بە یاسا و بە کولتووریش لە کۆمەڵگەدا پێڕەو دەکرێت و کەس لەسەر دەربڕینی ڕا و سەرنج و بیر و ئەندێشەکەی سزا نادرێت.

بۆ نموونە؛ ئاڵمان وڵاتێکی ئازاد و دێموکراتیکە، ئازادیی ڕاگەیاندن، بڵاڤۆک و ڕای ئازاد و جیاواز، لە یاسای بنەڕەتیی ئەم وڵاتەدا مسۆگەر و ڕەنگی داوەتەوە. گرینگایەتیی بیروڕای ئازاد و ئازادیی ڕادەبڕین لە بڕیاری "لوێت" لە ساڵی ١٩٥٨دا پێداگریی لەسەر کراوە، لەم بڕیارەدا هاتووە: مافی بنەڕەتیی ئازادیی باوەڕ و ڕوانگە وەک ڕاستەوخۆترین دەرکەوتنی کەسایەتیی مرۆیی لە کۆمەڵگەدا، بەشێک لە بنەڕەتیترین بەشەکانی مافی مرۆڤە کە بۆ نەزمی دەوڵەتێکی دێموکراتیک، کارتێکەر و گرینگە.

### دۆخی میدیا و ڕادەربڕین لە ئێران

مێژووی چل و چوار ساڵەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پڕن لەو نموونانەی کە هەر کەسێک ئەگەر ڕا و بیر و فکر و ئەندێشەی خۆی دەربڕیبێت و ئەوە بەپێچەوانەی بیر و باوەڕی دەسەڵات بووبێت، دواتر کەوتووەتە زیندان، ئەشکەنجە دراوە، لەسێدارە دراوە، دوور خراوەتەوە یان نانبڕاو کراوە.

هەروەها لە ڕەوتی ڕاپەڕینی "ژینا" لە ئێران و کوردستان، وێڕای سەرکوتکردنی گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران، کۆماری ئیسلامی بە توندترین شێوە ڕۆژنامەنووسانی لە نێوخۆ خستە ژێر گوشارەوە، زۆر کەسیان دەسبەسەر کرد و سزایان بەسەریاندا سەپاند و هەندێک ڕۆژنامەوانیش ناچار بوون وڵات بەجێ بهێڵن و ڕوو لە دەرەوە بکەن.

لە ڕەوتی ئەم ڕاپەڕینەدا، زیاتر لە ٧٠ ڕۆژنامەنووس کە ڕێژەیەکی زۆریان ژن بوون، دەسبەسەر کران. ئەمە بە واتای ئەوەیە کە دۆخی ڕۆژنامەوانان لە ئێران بەرەو خراپتربوون چووە و شتێک بە ناوی ئازادیی ڕادەربڕین لە ئێراندا بوونی نییە.

کۆماری ئیسلامی بە پشتبەستن بە گشتپرسیی نادێموکراتیکی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی دەڵێت: کۆمەڵگەی ئێران دەنگیان داوە کە نیزامی دەسەڵاتدار لە ئێران دەبێ بەپێی شەریعەتی ئیسلامی بێت"، بەو بیانووەش نادێموکراتترین و دژە مرۆییترین یاساکان بەسەر خەڵکدا دەسەپێنێت و ئازادیی ڕادەربڕینیش لەو چوارچێوەیەدا پێناسە دەکات.

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور ساڵی ڕابردووش لە ڕاپۆرتی خۆیدا ڕایگەیاندبوو کە ڕێژیمی ئێران لەسەر ئاستی ١٨٠وڵاتی جیهاندا پلەی ١٧٨ـەمین وڵاتی بۆ پێشێلکارییەکان تۆمار کردووە. بەوەش کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو وڵاتە دیکتاتۆرانەیە کە بەردەوام جیا لە پێشێلکاریی مافی ئازادی و ڕای جیاوازی ڕۆژنامەنووسان، چالاکانی ئەو بوارەی ئازار و ئەشکەنجە و دەسبەسەر کردووە، هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا هاتبوو کە ڕێژیمی ئێران لە سەرکوتکردن و و سانسۆڕکردنی ڕاگەیاندنەکان و چالاکانی میدیایی، وەپێش "چین" و "کۆبا"ش کەوتووە.

ڕێکخراوی ڕاپۆرتنێرانی بێسنوور هەروەها ئاماژەی بە گۆڕینی قانوونی چاپەمەنییەکان، پەسندکراوی ١٣٦٤ کردبوو، وتبووی گۆڕینی ئەم قانوونە ئیزن بە دەسەڵاتدارانی وڵات دەدات کە بە بیانووی هەوڵدانی دژی کۆماری ئیسلامی، هاندانی خەڵک و گرووپەکان بە تۆمەتی هەوڵدان دژی ئەمنییەتی میللی، یان بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامی، بێڕێزی بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و مەڕجەعەکانی تەقلید؛ چالاکیی ڕۆژنامەنووسان کۆنترۆڵ بکەن. ڕاپۆرتنێرانی بێسنوور وتبووی ئەم بڕیارە دژایەتیی تەواوی لەگەڵ بەندی ١٩ی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ و مادەی ١٩ی کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان هەیە کە ئێران بۆ خۆی ئیمزای کردووە.

### هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژنامەنووسان و میدیاکارانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات

هەروا کە لە سەرەتای بابەتەکەدا هاتبوو، ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور باسی لەوە کردبوو کە "تەنانەت ڕۆژنامەوانانی ئێرانیش کە لە وڵاتانی دەرەوە نیشتەجێن، لەژێر هەڕەشە و گۆشاری کۆماری ئیسلامیی ئێراندان." ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە هەتا ئێستا، هەمیشە لە سەرکوت و سڕینەوەی فیزیکی (تێرۆر) بە دژی نەیارەکانی خۆی کەڵکی وەرگرتووە و لەمبارەوە تەنیا چالاکانی سیاسیی دژبەری ڕێژیمی ئێران نەبوونەتە قوربانی، بەڵکوو ڕۆژنامەوانانی دژبەری کۆماری ئیسلامیش بەشێک لە قوربانییانی دەزگای سەرکوت و تێرۆری کۆماری ئیسلامی بوون.

لە وڵاتانی دێموکراتیک، لە بواری ئەمنییەوە ڕۆژنامەوانان لەلایەن هێزی پۆلیسەوە دەپارێزرێن و لە ئەگەری هەر هەڕەشەیەکدا، پۆلیس چاودێریی تایبەتی دەکات و دەیانپارێزێت. هەڵبەت ئەوەش مانای ئەوە نییە کە ڕێژیمێکی دیکتاتۆری وەک ڕێژیمی ئێستای ئێران نەتوانێت هەڕەشەی گیانی ساز بکات! بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٢٢ی زایینیدا پۆلیسی بریتانیا ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە کە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە هەڕەشە لەسەر ١٥ ڕۆژنامەوانی دانیشتووی بریتانیا هەبووە کە پۆلیسی نهێنی پووچەڵی کردبوونەوە.

### کۆتایی

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامییەوە، کاری میدیایی و ڕاگەیاندن لە ئێران وەک کاری ئەمنییەتیی لێ هاتووە. هەڵبەت لە سەردەمی ڕێژیمی پێشووشدا هەر بەم شێوەیە بوو. دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامیش بۆ خۆی یەکێک لەو ڕێکخراوانەیە کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بڕیار لە نووسینگەی عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمەوە وەردەگرن. بۆیە لە دەرەوەی چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی، دەربڕینی ڕا و بۆچوون، لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە یەک وڵامی پێ دەدرێتەوە: "بێدەنگ بە، دەنا خۆمان بێدەنگت دەکەین."

**لە ڕەوتی ڕاپەڕینی "ژینا" لە ئێران و کوردستان، وێڕای سەرکوتکردنی گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران، کۆماری ئیسلامی بە توندترین شێوە ڕۆژنامەنووسانی لە نێوخۆ خستە ژێر گوشارەوە، زۆر کەسیان دەسبەسەر کرد و سزایان بەسەریاندا سەپاند و هەندێک ڕۆژنامەوانیش ناچار بوون وڵات بەجێ بهێڵن و ڕوو لە دەرەوە بکەن.**
**لە ڕەوتی ئەم ڕاپەڕینەدا، زیاتر لە ٧٠ ڕۆژنامەنووس کە ڕێژەیەکی زۆریان ژن بوون، دەسبەسەر کران. ئەمە بە واتای ئەوەیە کە دۆخی ڕۆژنامەوانان لە ئێران بەرەو خراپتربوون چووە و شتێک بە ناوی ئازادیی ڕادەربڕین لە ئێراندا بوونی نییە**

---

## دارسمە

دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

# ئاوەتریش پشتی کردە دەستەڵاتی ئاخوندان

ئای لەم ترێ هیچوپوچە، ئای لە ترێ ڕەشەی سەردەشتێ، وای لە ترێی زێڕینی شێرازێ، بەهـ بەهـ لە ڕەزی هەزاربەهەزاری دەشتی قەزبێن و تاکستانێ.

فارسان بە دارمێو دەڵێن "تاک" و بەم زمانە "ڕەزێ"ش دەبێتە "تاکستان". فارس دوای ئەوەی لە ئێران بوونە دەستەڵاتداری سەرەکی، سەریان لە دارمێویش شێواند.

ئەوانەی دوو سێ جار خشتەی یەکتربڕ یان "جدول کلمات متقاطع"یان لە ڕۆژنامە و گۆڤاری فارسیدا پڕ کردبێتەوە، باشتر دەزانن ئەمانە چ پەندێکیان بەسەر دارمێو هێناوە. لە جێیەک پێی دەڵێن "مۆو" لە شوێنێک پێی دەڵێن "تاک" و هێندیک جاریش دەڵێن "درخت انگور". هەر بۆیە ترێ لە ئێران لەوکاتەوە دەبێتە "بەرسیلە" و "بۆڵ" و "زەنگەتە" و "هێشوو" و لقی دارمێو بەرەو زەوی ڕادەکێشت، تووشی هەزاران پەند و و گوڵمەزە دەبێت. هێشتا نەبووەتە بەرسیلە و قۆرە، بە مەبەستی سازکردنی دۆڵمە دەگەڵ توولە مێوان دەیڕننەوە. لە کاتی بەقۆرەبوونیشدا بۆ گرتنی ئاوەقۆرە و دامرکاندنی حەزی ژنانی بیزوودار کالڕن دەکرێت.

ترێ، دوای کامڵبوون و تێپەڕاندنی سەردەمی مێرمنداڵی، دەبێتە گوڵی مەجلیسان و زۆر جار خۆی دە کاروباری سیاسییش وەردەدات.

هەموو خوێنەرانی ئەم دێڕانە ناوی دوو برێندی لیکەوتە و بەرهەمی ترێیان بیستووە. ناوی ئەم برێندانەش "ساندیس" و "شەڕابی شیراز"ە. ئێستا لە سەردەمی دەستەڵاتی ئاخونداندا لە کاتێکدا کارگەی دروستکردنی شەڕاب لە شیراز داخراون، وڵاتێکی وەک فەڕانسە ئێستاشی دەگەڵ دابێت شەڕاب بەم ناوە دروست دەکات و دانیشتووانی شیرازیش هەتا دەستیان دەکەوێت، دوور لە گوێدێران ئەستۆ و ڕانی خۆیانی بۆ دەشکێنن.

بەپێی هەنەندێک ڕیوایەتی نیوەپشتڕاست کراوە، ئەم شەڕابە شیرازەی لە فەڕانسە بەرهەم دێت و ئێستا دانیشتووانی بەڕێزی شیراز بە فارسیی ڕەسەن و لوڕ و قەشقاییەوە مەگیرانیی لێ دەکەن، ئەویش بەرهەمی ترێی خۆیانە.

دەڵێن دەنکە کشمیشێک بەسەرهاتی خۆی بۆ کرێکارێکی پەنابەری شیرازی لە کارگەیەکی شەڕابسازیی فەڕانسە گێڕاوەتەوە و گوتوویەتی دوای ئەوەی لە باغێکی شیراز لەژێر تینی هەتاو چرچیان هەڵێناوە، بردوویانەتە کارگەیەکی پوختەکردنی کشمیش و دەگەڵ کۆمەڵە کشمیشێکی دەروجیرانی دە پاکەتێکیان کردووە و هەتا گەیشتووەتە ئەم کارگەیە لە تاریکی زیاتر هیچی دیکەی نەدیتووە. کرێکارە شیرازییەکەش وای لێک داوەتەوە، ئەم بۆڵەترێ چرچهەڵاتووە لەجیات ئەوەی وەک جاری جاران لە شیراز بکرێتە شەڕاب، لە سەر پشتی لۆریی گەورە بارکراوە و بە ژێر چەندین گومرگ و لێپرسینەوەدا تێپەڕیوە. کرێکارەکە هەزار ڕەحمەتی بۆ ئەو فەڕانسەییە کافر و دیانانە ناردووە و لەبەر ئەوەی ئەم ترێیانەیان هەر بەناوی شیرازەوە کردۆتە شەڕاب گەلێک سوپاسی کردوون.

ترێ ڕەشەی سەردەشتیش هیچی لە ترێی زێڕینی شیراز کەمتر نییە، بەڵام چونکە ڕەشتاڵەیە و لەنێو کوردانیشدا وەک ترێ زەردەڵەکەی شیراز ڕێزی ناگیرێت؛ بە هەزار بەزم و ئۆینیشەوە ڕەوانەی هەنداران ناکرێت.

ئەم ترێ ڕشتاڵەیە، پێش ئەوەی ئێران ئەوا بەتوندی ئاخونداوی بکرێت، لە سەردەمی دەستەڵاتی پاشایەتیدا بە لۆری و قەڵڵابان دەگەیندرایە کارخانەی شەڕابسازیی ورمێ و لەوێ دەکرایە شەڕابی ناب.

لەو کاتەوەی کارخانەی شەڕابسازیی ورمێ کرا بە کارگەی بەرهەمهێنانی "ساندیس" و نێوەندی بەرهەمهێنانی ئاوەترێ، دۆخی ئێران گۆڕانێکی قووڵی بەسەردا هات. کاتێک ساندیس دەستی بە خەیانەت کرد و دوای دابەشکرانی دە نێو خۆپێشاندرانی لایەنگری دەستەڵاتی کۆماری ئیسلایدا، دەروونی لایەنگرانی حکومەتی فێنک کردەوە، دەستەواژەی "ساندیس‌خۆر" لەدایک بوو.

"ساندیس‌خۆر" بەو کەسانە دەگوترێت بۆ پێشتیوانیکردنی دەستەڵات خۆیان پێشان دەدەن و لە کاتی خۆپێشاندانەدا لەجیات ئەوەی بە باتووم، دار، شەق و ساچمەزەن بیانکوژن یان پەلکێشی گرتووخانەیان بکەن، ساندیسی فێنکیان دەپێش دەکەن.

ئەوەندی لەسەر بەزمی ترێ لە ئێراندا بڕۆین کەمە و بۆ ئەوەی درێژدادڕی نەبێت، بەم بەسەرهاتەی دوایی کۆتایی پێ دەهێنین:

ڕۆژی ٢٧ی ئەم مانگە، هەواڵدەریی فارس بڵاوی کردەوە لەم دواییانەدا هەست بەمە کراوە دانیشتووانی تاران لە مەیدانی میوەی ئەم شارە لە پێش ئامێری پاڵاوتنی ئاوی میوە ڕیز دەبەستن و بە دەبەی ١٥ لیتری ئاوی ترێ بۆ ماڵان دەبەنەوە. هەواڵدەریی فارس وای مەزەندە کردووە، کڕیارانی هەراوی ئاوەترێ، ئەم ئاوە دەبەنەوە ماڵ و بەدزییەوە و دوور لەچاوی ساندیس‌خۆران دەیکەنە شەڕاب.

دیارە شەڕابخواردنەوە ئەگەر هەر سەرخۆشبوون و گێژ و وڕ و کاس‌بوونی بەدواوە بێت، نەک هەر زەرەر نییە، بەڵکو باشیشە. بەمجۆرە خەڵکەکە لە ماڵی خۆی دادەمرکێت و واز لەم هەموو درووشمە "هنجارشکنانە"و "حرکات موزون"ـە دەهێنیت. بەڵام وەک بیستراوە، ئەوانەی بە شەڕاب سەرخۆش دەبن، دروشم دەدەن و ئەوانەی لە مەجلیسی کۆبوونەواندا دەیخۆنەوە، هەر قومی لێ دەدەن و باس لە دۆخی ئێستا و داهاتوو دەکەن. هەر بۆیەشە داواکاری گشتیی تاران داوای کۆکردنەوەی ئەو ئامێرانەی پاڵاوتنی ئاوی میوەی کردووە.

بەڵام ئەگەر بەقسەی نووسەری "بەزمیری، فەقیری حەقیر" بێت، بە فەتوای شیخی خۆی دەکات:

"شەڕابی لەعلی ڕۆممانی لە "نالی"
حەرامە بێ مەززەی ماچێکی لێوان".

بە نووسەر و بە دەستەڵاتی میری چی، ئەم شێعرە هەنجارشکەنانەیە.

KURDISTAN

Publishing by Democratic Party of Iranian Kurdistan

NO:847 21 May 2023

ناونیشانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12594
polarization: Vertical -27500 FEc : 2/3
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیلی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanmedia.com
ئیمەیلی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## سێ ڕێکخراوی مافی مرۆڤیی کوردستان:

# دانانی نوێنەری ئێران بۆ بەرپرسیارەتیی کۆڕبەندیی کۆمەڵایەتیی شوڕای مافەکانی مرۆڤ بێڕێزییەکی ئاشکرایە

دوای ئـەوەی واتسـڵاو باڵک، بەرپرسی شـوڕای مافی مرۆڤی نـەتـەوە یـەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە "عەلی بەحرەینی" باڵوێزی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێتە بەرپرسیی دەورەیی "کۆڕبەندی کۆمەڵایەتی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ"، نارەزایەتییەکان بەو بڕیارە زیاتر دەبن.

نـاوەنـدی مافی مـرۆڤ بۆ ڕۆژهـەڵاتـی کوردستان (چاونیوز)، ڕێکخراوی مافی مرۆڤیی "هانا" و کۆمەڵەی مافی مرۆڤیی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا گوتویانە: وەدەرنانی کۆماری ئیسلامی لە کۆمسیۆنی پێگەی ژن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەهۆی سەرکوتی سیستماتیکی ژنان لە ئێران لە ڕەوتی سەرهەڵدانی ژینادا جێگای دڵخۆشی و هیوا بوو، بەڵام ئەو پێسپاردنە دژوازەش دەتوانێ وەک کردەیەکی تەواو دەغەڵبازانە و ڕیاکارانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بێ کە متمانە و باوەڕ بەو کۆمەڵەیە و سەرجەم سیستەمی مافەکانی مرۆڤی دەوڵەتە یەکگرتووەکان دەخاتە ژێر پرسیار.

لـەو بـەیـانـنـامـەیـەدا هـاتـووە دانـانـی بـەحـرەیـنـی بۆ کۆڕبەندێکە کە تێیدا باس لە بەشداریی زانستی، لێزانی و داهێنەری بۆ پێشکەوتنی مافەیەلی مرۆڤ" دەکرێ، ئەویش لە کاتێکدا کە ڕێژیمی ئێران لـەو زانستە بۆ سـەرکـوت، سـانسـۆر و پێشگرتنی ڕەوتـی ئـازادی زانیارییەکان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بە شیوازی فیلتێرینگی ئینتەرنێت و پلاتفۆرمە پێوەندیدارەکانی کۆمەڵایەتی کەڵک وەردەگـرێ. بۆیە بە بـاوەڕی ئێمە دانانی عەلی بەحرەینی بێڕێزیی ئاشکرایە بە قوربانییانی هـەمـوو ئـەو سـاڵانـەی تـەمـەنـی کـۆمـاری ئیسلامی بەتایبەت ئـەم ڕاپەڕینەی مـەزنـەی خەڵک کە هەموو مافەکانیان لە بەستێنی ئازادی ڕادەربڕین، کۆبوونەوە و دامەزراوەکان پێشێل کراوە، خەڵکێکی زۆر دەسبەسەر و ئەشکەنجە دراوە، هاونیشتمانییان ڕووناهی چاویان لەدەست داوە و لەوش گرنگتر بە تەقەی ڕاستەوخۆ و لەژێر ئەشکەنجە کوژراون. هەربۆیە داواکارین خێرا ئەو بڕیارە هەڵبوەشێننەوە و عەلی بەحرەینی لەو پۆستە وەلا نێن.

# بەرگەکانی ١٣و١٤ی "فەرهەنگی زارەکیی موکریان" چاپ و بڵاو کرایەوە


بەرگەکانی ١٣ و ١٤ی «فەرهەنگی زارەکیی موکریان›› لە نووسینی فەرهەنگنووس و توێژەر، سەلاح پایانیانی چاپ و بڵاو کرایەوە. بەرگی ١٣ی فەرهەنگی زارەکیی موکریان تایبەت بە پیتەکانی «گ-ل›› و ١٠٤٠ لاپەڕەی وەزیرییە. بەرگی ١٤ش پیتی «م›› لە خۆ دەگرێت و ٦٥٣ لاپەڕەی وەزیرییە.

پێشتر ١٢ بەرگی فەرهەنگی زارەکیی موکریان چاپ و بڵاو کراوەتەوە و هەر بەرگێکی یەکێک لە نووسەر و توێژەرانی کورد پێشەکییان بۆی نووسیوە و بە گرنگترین فەرهەنگی زمانی کوردییان لەقەڵەم داوە.

توێژەر و فەرهەنگنووس سەلاح پایانیانی، جیا لە فەرهەنگی زارەکیی موکریان (ئەلفبێ، کە تا ئێستا ١٤ بەرگی لێ چاپ و بڵاو بووەتەوە) دوو بەرگی لاوەکیشی بە ناوی فەرهەنگی زارەکیی «خوردوخۆراک» و «خشڵ و جلوبەرگی ژنان»ی موکریان چاپ و بڵاو کردووەتەوە و کاری لەسەر دوو بەرگی لاوەکیی دیکەش بە ناوی فەرهەنگی زارەکیی «کشتوکاڵ›› و «ئاژەڵداری»ی موکریان کردووە.

سەلاح پایانیانی، توێژەر و فەرهەنگنووسی کورد، ٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٧ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لەدایک بووە و ئێستا هەر لەو شارە بەڕێوەبەری مۆزەخانەی فەرهەنگیی «سەرای هێمن»ە.

سەلاح پایانیانی کە زیاتر لە ٢٠ ساڵە شانی وەبەر توێژینەوە و فەرهەنگنووسیی زمانی کوردی داوە، بێجگە لەو بەرگانەی فەرهەنگی زارەکیی موکریان کە ئاماژەمان پێ دان، تاکوو ئێستا لە بواری ئەدەبیاتی زارەکیی موکریانیشدا سێ کاری جیاوازی بڵاو کردووەتەوە کە بریتین لە: ئەدەبیاتی زارەکیی ژنانی موکریان (یەک بەرگ)، ئەدەبیاتی زارەکیی منداڵانی موکریان (دوو بەرگ) و کتێبی «کانی مرادان›› (بەیت و باوی ناوچەی موکریان).



# ناوەندی هاوکاری: کۆماری ئیسلامی بە هەڵخستنی پەتی ئێعدام ناتوانێ تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**
**کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان!**
**ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ!**

هەروەک ڕۆژانە لە میدیاکانەوە دەیبیستین شەپۆلێکی نوێی ئێعدام لە ئێران بەڕێوەیە.

بەپێی ئاماری ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ کۆماری ئیسلامیی ئێـران لـە سـەرەتـای سـاڵی زایینییەوە و لـە مـاوەی کەمتر لـە شەش مانگی ڕابـردوودا لانیکەم ٢٦٧ زیندانیی لە بەندیخانەی شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا ئێعدام کردووە کە ٥٥ کەس لەوان کورد و کەمێک زیاتر لەو ژمارەیەش بلووچ بوون.

شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان لە کاتێکدایە کە بزووتنەوەی مافخوازانە و نارەزایەتیی خەڵک بـەدژی کۆماری ئیسلامی لە یەک ساڵی ڕابـردوودا گەورەترین قەیرانی شەرعییەتی بۆ ڕێژیمی ئیسلامی دروست کـردووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە هەمبەر جـووڵانـەوەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرەسەندووتری خەڵکی ئێراندا بەتەواوی هەست بە داماوی و دەستەوەستانی دەکات، جارێکی دیکەش بە هەڵخستنی پەتی سێدارە و پێشاندانی سەرکوتی ڕووت و بڵاوکـردنـەوەی کەشی تـرس و تۆقاندن دەیـهـەوێ بەرەنگاری بزووتنەوەی نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵک بێتەوە.

ئەزموونی پتر لە چلوچوار ساڵ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی پیمان دەڵێ ئێعدام وەک ئەوپەڕی توندوتیژی، یەک لە هەرە ئامراز و چەکە کاریگەرەکانی دەستی ڕێژیم بووە بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵگە و ڕێگەگرتن و نەهێشتنی هیچ نارەزایەتییەک. کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک نیزامێکی سیاسیی توتالیتێر کە بناغەی دەسەڵاتەکەی لەسەر کوشتن و حەزفی فیزیکیی نەیاران و سەپاندنی کەشی سەرکوت و تۆقاندن داناوە، لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا زیاتر لە ٦٠ هەزار کەس لە خەڵکی ئەم وڵاتەی ئێعدام کردووە کە هەزاران کەس لەوان بەندیی سیاسی بوون. ڕێبەرانی ڕێژیم هەمیشە پێیان وابووە بە ئێعدام و کوشتن و توندوتیژی دەتوانن جووڵانەوەی نارەزایەتیی خەڵک لە پێ بخەن و لە ئێستاشدا کە مەترسیی هەڵچوون و ڕاپەڕینی دووبارەی خەڵک پتر لە هەموو کاتێک هەست پێ دەکا، بە لێبڕاویی زیاترەوە هەموو ئامرازەکانی سەرکوت و یەک لەوان ئێعدام لە دژی خەڵک بەکار دێنی.

بێگومان وەک چۆن سەرکوت و ئێعدام و توندوتیژییەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستا نەیتوانیوە ئیرادەی خۆڕاگری و خەباتگێڕی خەڵک دژی ڕێژیم بنکۆڵ بکا، لەمەودواش ئەم سیاسەتە دادی نادات.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە سیاسەتی ئێعدام و کوشتارەکانی، سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ بۆ بەردەوامیی ئەم جینایەتانەی ڕێژیم ڕادەکێشێ و داوا دەکا بە خستنەژێر گوشاری کۆماری ئیسلامی پێشی بەردەوامیی ئەو جینایەتانە بگرن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٣٠ی بانەمەڕی ١٤٠٢**




## بەر لە ماڵاوایی

# ئەگەر ئاڵترناتیڤی ڕێژیم پێک نەهات؟


ئەلبورز ڕووبینتەن

بـــۆ ڕووخــــانـــی کـۆمـاری ئیسلامی هـــەبـــوونـــی ئاڵتێرناتیڤێک کە بـتـوانـێ وێـــڕای وەرگرتنی متمانەی خەڵک بەرنامەیەکی دێموکراتیک و شەفافی هەبێ پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرە. ڕەمزی سەرکەوتنی ئـەو ئاڵتێرناتیوە گەیاندنی بەرنامەکەی بە خەڵک و ڕێنوێنیکردنی خەڵکی شۆڕشگێڕە کە دژی دیکتاتور شەڕ دەکەن. ئەو ئاڵتێرناتیوە دەبێ ببێتە دەنگی شۆڕش و وێڕای ڕێنوێنی نێوخۆ نوێنەرایەتیی ئەو شۆڕشە لە دەرەوە بۆ زیاتر گۆشەگیرکردنی حوکمڕانانی تاران دەکات تا بتوانێ ڕێگا لە سەرکوتی زیاتر بگرێ. ئەو ئاڵتێرناتیوە بۆ هەر ئەگەرێک بەرنامەیەکی هەیە و لە هەر ڕووداوێکدا ئامادەیە و بۆ هەر گرفتێک چارەسەرێکی نوێ بدۆزێتەوە، دەتوانێ ڕووخانی دیکتاتور خێراتر بکات. ئـەو ئاڵتێرناتیوە وانـەی لە مێژووی دیکتاتورەکانی ڕابردوو وەرگرتووە و پێشکەوتووانە بیر بکاتەوە تا مێژووی ڕەشی ڕابردوو دوبارە نەبێتەوە.

هـەمـوومـان بـاش دەزانـیـن کـە هەبوونی ئاڵتێرناتیڤێک بەو تایبەتمەندییانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، یەکێک لە گرنگترین پێداویستیەکانی ڕووخـانـە و دەبـێ کار بکەین بۆ هەبوونی ئاڵتێرناتیوێکی وەهـا. تـەنـانـەت سـەرکـەوتـوو بـوون لـە بـوارەدا خزمەت بە نەمانی دیکتاتۆر دەکـات. بەڵام بە چاوخشاندنێک بە سەر گۆڕەپانی ئێستای سیاسەتی ئێران و هەموو ئەوانەی ئیدعای ئاڵتێرناتیڤبوون دەکەن، دەبینین هەبوون و دروستبوونی ئاڵتێرناتیڤێکی وەها چەندە لە ڕاستی دوورە و تەنانەت لە خەیاڵێکی شـیـریـن دەچـــێ، چـونـکـە زۆربـــەی هـەر زۆری کاراکتەرە سیاسییەکان بە تایبەتی نـەتـەوەی فـارس کـە وەک ئۆپۆزیسیونی ڕێژیم کار دەکـەن لەو تایبەتمەندیانەی کە بۆ ئاڵتێرناتیڤێکی کاریگەر پێویستن و لە سەرەوە باسمان کرد، بێبەرین.

لێرەدا پرسیارێکی جیدی دروسـت دەبێ ئەی ئەگەر ئەو ئاڵتێرناتیڤە دروست نەبێ چی بکەین؟ ئایا دەبـێ چـاوەڕێ بکەین تا دروست دەبێ؟ ئەدی خەڵک چی بکات؟ ئەی ئەگەر خەڵک چاوەڕێی ئاڵتێرناتیڤی نەکرد چۆن دەبێ؟

سیاسەت دیتنەوەی ڕێگەچارە بۆ هەر دۆخێکە، واتە نابێ چاوەڕێی تەنیا هەبوونی ئەگەری دروستبوونی ئاڵتێرناتیڤ بکەین، بـەڵـکـوو لـە ئـەگـەری درووسـتـنـەبـوونـی ئەو ئاڵتێرناتیڤەش کە ئەگەرێکی بەرچاوە خاوەن بەرنامەی دیاریکراو بین. بەتایبەتی ئێمەی کورد لەو بوارەدا خاوەن پوتانسیەلی گـەورەیـن کە بەکارهێنانی ئـەو پوتانسیلە دەتوانێ خۆی لە خۆیدا ببێ بە ئاڵتێرناتیوێک کە کاریگەری زۆریشی دەبـێ. کە واتـە لە یـەکـەم هـەنـگـاودا دەبـێ هـەمـوو هێلکەکان نەخەینە سـەوەتـەی ئـەو ئاڵتێرناتیڤەی کە نـەتـەوەی فـارس دروسـت دەکـات، چونکە یـەکـەم لـەوانـەیـە دروســت نـەبـێ دووەم دروستیش ببێ لەوانەیە لە بـەرژەوەنـدی کورد نەبێ، هەر وەکوو لە ماوەی ڕابردووش بینیمان.

لە هەنگاوی دووەمدا لە وەها ئەگەرێکدا بیر لـەوە بکەینەوە کە وەک کورد چی بکەین، چونکە ئێمە ناتوانین تا سـەر ئـەو هەموو ئەو خەباتەی کوردستان بە ناوەندێک گرێ بـدەیـن کـە ناتوانێ ببێ بـە ئاڵتێرناتیڤێک. دەزانـم لـەوەها دۆخێکدا باس لەوە دەکرێ کە کورد بەتەنیا ناتوانێ کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ، ئەوە پرسێکی بەحەقە، بەڵام بەو هێزەی هەیە ئێمە دەتوانین لە کوردستان کـۆمـاری ئیسلامی بڕووخێنین، تەنانەت کـۆمـاری ئیسلامییەکی لاواز باشـتـرە لە ڕێژیمێکی دیکتاتۆریی بەهێز کە سـەر لە نوێ کورد سەرکوت بکات. بۆ ئەو بابەتە ئێمە دەبێ باوەڕمان بەو هێزەی نێوخۆی خەڵک هەبێ. لەوانەیە بەر لە شۆڕشی ژینا ئەگەر ئێمە بمانگوتبا کە شۆڕشێک بە بانگەوازی ناوەندی هاوکاری لە کوردستان هەڵدەگیرسێ کە کاریگەریی لەسەر هەموو ئێران دادەنێ کەس باوەڕی نەکردبا.

لـە هـەنـگـاوی سـێـیـەمـدا ئـامـادەکـردنـی گوتارێکە کە لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیە بێتەوە هەروەها وێڕای هەبوونی ئەو گوتارە نوێیە هەبوونی پلان و نەخشە ڕێگا بۆ هەنگاوی کـــرداری بـۆ بـەهـێـز بـــوون لـە نێوخۆی ڕۆژهەڵات کە پوتانسیێلێکی بەهێزی هەیە.

پرسینی پرسیاری ئـەگـەر ئاڵتێرناتیڤ دروست نەبوو، نەک بۆ دۆخی نەبوونی ئاڵتێرناتیڤ بـەڵـکـوو بـۆ هــەر دۆخێکی دیکەش ئێمە ئامادە دەکات و ئەو ئامادەییە هیوای دەستەبەرکردنی داخوازیەکانمان زیاتر و زیاتر دەکـات. دەبـێ زۆر زوو ئەو پرسیارەمان کردبا و ئەگەر ئێستاش بکەین هەر لەوەی باشتر کە سبەی بیری لێ بکەینەوە.